# چۆنت پێ خۆشە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ویلیام شێکسپیر

# چۆنت پێ خۆشە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

د. ئازاد حەمە شەریف

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ویلیام شێکسپیر
چۆنت پێ خۆشە
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٠٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٦/٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری سەعید

ئەم وەرگێڕانەم پێشکێشە بە:

* هەمـــوو ئـەوانەی بەبێ ئەوەی شـــتـــێکی ئەوتۆ لە شـــێکســـپـــیـــر بزانن بەنـەزانیـــیـەوە دەســـتـــیـــان داوەتە ســـەقــەتکردنـی شـانـۆییـــیـــەکـانـی ئەم کەڵەنووسـەرە.

* هەمـــوو ئەوانـەی زۆر لە شـــێکســـپـــیـــر دەزانـن، بەڵام دەزانن وەرگــێـــڕانی دەقـەکانـی ئەو بلیـمـەتە پێـویسـتـیـان بەوپەڕی شـارەزایی لە زمـان و هزر و شـێـوازی ئەو کـەڵەنووســـەرە هەیە بۆیـە زۆر بە ئاگــەدارییــەوە دەسـت بۆ کارێکی وا مەزن دەبەن.

(١) تێبینی: ئەم شانۆییەم لەو دەقە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە:

William Shakespeare, As You Like It, (ed.)J. W. Lever (London: Longman, 1983)

(٢) تێـبـیـنـی: بۆ هیچ گـرووپ و دەسـتـە و تیـپـێکی شـانـۆیی نییـە کـە بەبێ ڕێپێدانی بەنووسینی وەرگێڕ ئەم دەقـە بخاتە سـەرشـانۆ یان بۆ تەلەڤزیۆن ئامادەی بکات یان بۆ هەر کارێکی تر بەکاری بهێنێت.

## پێڕست

چەند پەیڤێک لەبارەی شانۆییی "چۆنت پێ خۆشە"وە ........ 7
یەکەم: پێشەکی ........ 7
دووەم: بیرۆکە زیندووەکانی شانۆنامەکە ........ 8
سێیەم: کۆتایی ........ 11
شانۆیی "چۆنت پێ خۆشە" ........ 13
پەردەی یەکەم ........ 15
پەردەی دووەم ........ 45
پەردەی سێیەم ........ 75
پەردەی چوارەم ........ 113
پەردەی پێنجەم ........ 135

# چەند پەیڤێک لەبارەی شانۆیی
# "چۆنت پێ خۆشە"وە

**یەکەم: پێشەکی**

ویلیام شێکسپیر شانۆیی (چۆنت پێ خۆشە)ی لە نێوان سالآنی (١٥٩٩-١٦٠٠)دا نووسیوە. ئەم شانۆییەی بە یەکێک لە شانۆییە کۆمیدیە گرینگەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی گەلێک تەکنیک و بیرۆکەی جیاجیای تێدا بەکار هاتووە. لەمانە بەکارهێنانی کەسایەتیی "گەوج" و دیمەنی خۆلێکترگۆڕین و خۆلێکترگرتن و خۆلێکترنەناسکردن و بەکارهێنانی زمان و زاراوەی سەیروسەمەرە و گەمەکردن بە وشە و جێگۆڕکێکردنی خێرا و گەلێک تەکنیکی درامیی تریش.

خۆ ئەگەر لەلایەنی بیرۆکەوە سەیری ئەم شانۆییە کۆمیدیە بکەین چەندان بیرۆکەی مرۆڤانەی بەرز لەناو دەقی چیرۆکی شانۆییەکەدا خۆ حەشار دەدەن. لەمانەش ستەمکاری برا بەرامبەر بەبرا و پارەپەرستی و دەسەلآتپەرستی و پیسبوونی روحی مرۆڤ لەناو شاردا و پاکبوونەوەی ئەم روحە لە باوەشی سروشتدا و ستەمکاریی مرۆڤ بەرامبەر بە گیانەوەران و ژیرێتی گەوجان و گەوجێتیی ژیران و عەقلّیەتی کچان و جۆری بیرکردنەوەی کچانی شار و کچانی لادێ و چەندان بیرۆکەی تر.

دووەم: بیرۆکە زیندووەکانی شانۆنامەکە

ا) ستەمکاری برا بەرامبەر برا:

بەوردی گـەڕان بەدوای سـەرەداوی هەریەک لەو بیـرۆکـانەدا دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە (شێکسپیر)ی بلیمەت زۆر ژیرانە توانیوویەتی هۆکاری بەدبەختی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە بۆ خۆپەرستی مرۆڤ بەگشتی کە خۆی لە دەسەڵات و پارەدا بەرجەستە دەکات. لەبەرئەوەی هەردوو برا (میر فرێدریک و میری گەورە) لەسەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی دەبنە دوژمنی یەکتر.

(میر فرێدریک) بڕیاری شاربەدەرکردنی براگەورەکەی خۆی کە (میری گەورە)یە دەدات بۆ ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵات دا بگرێت و بەخۆی ببێتە فەرمانڕەوای وڵات. بەڵام چونکە ئەو لە ڕێگەیەکی ناڕەواوە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، هەرگیز ناتوانێت بەچاکی فەرمانڕەوایەتیی وڵات بکات. هەر ئەمەشە وا دەکات کە جەور و ستەم لە خەڵکی بکات.

ئەم ستەمکارییە لەسەر ئاستی خێزانەکانی ژێرەوەش ڕەنگ دەداتەوە لەبەرئەوەی (ئۆلیڤەر)ی کوڕی (سێر راوڵەند دیبۆیس) هەمان شت بەرامبەر (ئۆرلاندۆ) ی برا بچووکی خۆی دەکات و دوای مردنی باوکیان دەست بەسەر هەموو موڵک و سامانی باوکیان دادەگرێت و برا بچووکەکەی خۆی وا لێ دەکات کە لە نەبوونیدا بژیت.

هەڵبەتە (ئۆلیڤەر) وا دەزانێت کە بەم جۆرە ڕەفتارکردنەی لەگەڵ براکەی دەتوانێت سەرکەوتن لە ژیان بەدەست بهێنێت. بەڵام دەبێت زۆرداران هەموو کاتێک ئەوەیان لە بیر بێت کە چەندەی ئەوان خەڵکی

بچەوسێننەوە، چینی ژێرەوە یان کەسە ژێردەستەکان لە ڕووی جەستەییەوە لەوان بەهێزتر دەبن و سەرەنجام دەکەونەوە بەردەستی ئەوان و هەر ئەوانن دەتوانن رزگاریان بکەن یان لەناویان ببەن وەک چۆن لە کۆتایی ئەم شانۆییەدا دەبینین کە ئەگەر (ئۆرلاندۆ) زوو بەهانای (ئۆلیڤەر) نەگەیشتبوایە ئەوا ئەو لەناو دارستان لەناو چووبوو.

کەواتە رزگاربوون و لەناوچوونی زۆرداران هەردەم بەدەستی چەوسێنراوانە نەک بەپێچەوانەوە. هەر ئەمەشە (شێکسپیر)ی بلیمەت دەیەوێت هەموو لایەکی لێ ئاگەدار بکاتەوە.

ب) پیسبوونی روحی مرۆڤ لەناو شاردا و پاکبوونەوەی ئەم روحە لە باوەشی سروشتدا:

لە چەندان شوێنی ئەم شانۆییەدا شێکسپیر ئەوەی روونکردووەتەوە کە شار و خۆشییەکانی شار سەرچاوەی پیسبوونی روحی مرۆڤن و لەوێدا بەتایبەتی لەناو کۆشکی فەرمانڕەوایەتیدا گەلێ جۆر نامەردی و ناپاکی و پیلانگێڕی و خراپەکاری پەرە دەسەنێت. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، لەناو دارستانی (ئاردن) کە لە باوەشی سروشتدایە مرۆڤ لە زۆربەی خراپەکارییەکان پاک دەبێتەوە، لەبەرئەوەی لەوێدا مرۆڤ خۆپەرستی خۆی لە بیر دەچێتەوە و سەرلەنوێ دەبێتەوە بوونەوەرێکی سروشتی پاک.

هەربۆیەشە لەوێدا سەرباری نەبوونی خواردن و جێگە و ڕێگەی ڕێک و پێک، کەسەکانی ناو دارستان ژیانێکی پڕخۆشەویستی و برایانە لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبەن _ ئەگەر پارووە نانێک هەبێت هەر هەموویان پێکەوە دەیخۆن و ئەگەر نەشبوو ئەوا هەر هەموویان وەکو یەکتری

ژیانێکی بەبرسێتی دەگوزەرێنن.

وادیارە (شێکسپیر) زۆر لەمێژە هەستی بەوە کردووە کە مرۆڤ چەندەی لە سروشت دوور بکەوێتەوە، هێندە لەلایەنی روحییەوە پیستر دەبێت و خراپەکاری لە دەروونیدا پتر چەکەرە دەکات. جا وەک چارەسەرییەک بۆ ئەو دەردە ترسناکە، پێویستە مرۆڤ پێوەندیی خۆی بەتەواوی لەگەڵ سروشت نەبڕێت ئەگینا ژیانی ناوشار لە جیاتی ئەوەی وا لە مرۆڤ بکات شارستانیانە و مرۆڤانە بێت، دەبێتە کەسێکی خۆپەرست و خراپەکار.

ج) ژیرێتیی گەوجان و گەوجێتیی ژیران:

بۆ ئەوەی گاڵتە بە هەموو ئەو کەسانە بکات کە خۆیان بە ژیر و ئاقڵمەند دادەنێن، (شێکسپیر) دوو کەسایەتی لەو شانۆنامەیە پێشکێش دەکات کە برێتین لە (تەکیستۆن) و (جاکەس). ئەو دوو کەسایەتییە بە ڕواڵەت وا دەردەکەون کە گێل و گەوجن، بەڵام ئەوەی راستی بێت، ئەوان زۆر لە ژیرەکان قووڵتر بیر دەکەنەوە و ئەو قسە جوان و مانادار و بەتوێکڵ و قووتانەی ئەوان دەیانکەن هەرگیز پیاوە بەناو ژیرەکان پێیان ناکرێت. هەر ئەوانن کە دڵتەنگن بە کوشتنی کەڵەکێوی و شوور، چونکە ئەوە بە جۆرێک لە ستەمکاری مرۆڤ بەرامبەر گیانەوەران دەزانن.

د) عەقڵیەتی کچان:

یەکێک لەو بیرۆکانەی کە (شێکسپیر) بەقووڵی لەم شانۆنامەیەدا پێداگری لەسەر کردووە چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کچانە، جا ئەو کچانە هی شار بن یان لادێنشین. (شێکسپیر) ئەوەی بەڕوونی دەرخستووە

کە گرینگترین بابەت کە بەردەوام مێشکی کچانی داگیر کردووە مەسەلەی شووکردنە و لە هەڵبژاردنی مێردەکانیاندا زۆر بەکەمی مێشک بەکار دەخەن. بەپێچەوانەوە، ئەوان لە جیاتی مێشک چاوەکانیان بڕیاریان پێ دەدات کێیان خۆش بوێت و کێیان خۆش نەوێت. ئەمەش زۆر بەجوانی لە مەسەلەی (سیلیا) و (رۆزەلیند) و (فێبە) و (ئۆدرێ)دا رەنگی داوەتەوە.

هەروا مەسەلەی ئاین و ئۆینی کچان لە شاردنەوەی هەست و نەستیان بەرامبەر خۆشەویستەکانیاندا، (شێکسپیر) ناخی شاراوەی کیژانی سەردەمی خۆی بە رێک و پێکی وێنا کردووە.

**سێیەم: کۆتایی**

ئەگەر بمانەوێت هەموو لایەنەکانی ئەم شانۆنامەیە شی بکەینەوە بێگومان دەیان لایەنی تر هەن کە دەکرێت هەڵوەستەیان لەسەر بکەین. بەڵام ئەو بیرۆکە و تەکنیکانەی کە بەکورتی لەم پێشەکییەدا دەستنیشانمان کردوون دەبنە دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی شێکپیر و چێژوەرگرتن لەم بەرهەمە نەمرە.

بێگومان (شێکسپیر) لە رێگەی وێناکردنی ئەو هەموو کەسایەتی و دیمەن و بارودۆخە پێچەوانانەی ناو ئەو شانۆنامەیەدا رەخنەیەکی زۆر توند، بەڵام بە زمانێکی پێکەنیناوی هەڵە و چەوتییەکان راست دەکاتەوە. هەڵبەتە هەمووشمان دەزانین شێوازی رەخنەگرتنی کۆمیدیانە و گاڵتەجاڕانە زۆر کاریگەرترە لە شێوازی پەند دادانی راستەوخۆ یان ترس و تۆقینی تراجیدییانە.

د. ئازاد – هەولێر – ٢٠١١/٢/٢١

# شانۆیی "چۆنت پێ خۆشە"

**کەسایەتییەکان:**

میری گەورە: لە تاراوگەدایە لە دارستانی (ئاردن).

میر فرێدریک: برای میری گەورە کە داگیرکەری تەختی میرایەتییە.

ئامیەنز: خانەدانێکە لەگەڵ میری گەورەدایە.

جاکەس: خانەدانێکە لەگەڵ میری گەورەدایە.

لێ باو: پیاوی دەربار.

چارلس: زۆرانباز.

ئۆلیڤەر: کوڕی سێر راوڵەند دیبۆیس.

جاکەس: کوڕی سێر راوڵەند دیبۆیس.

ئۆرلاندۆ: کوڕی سێر راوڵەند دیبۆیس.

ئادەم: خزمەتکاری ئۆلیڤەرە.

دێنیس: خزمەتکاری ئۆلیڤەرە.

تەکیستۆن: گاڵتەجاڕ.

سێر ئۆلیڤەر مارتێکست: قەشەیەک.

کۆرین: شوان.

سیلڤیەس: شوان.

ویلیەم: کەسێکی گوندی.

هایمەن: خواوەندی مارەیی و زەماوەندە لەلای رۆمانەکان.

رۆزەلیند: کچی میری گەورە.

سیلیا: کچی میر فرێدریک.

فێبە: کیژە بێری.

ئۆدرێ: کیژی گوندی.

کەسانی خانەدان، خزمەتکاران، دارستاننشینان و دەستوپێوەند.

شوێنی دیمەنەکان: ماڵی ئۆلیڤەر، دەرباری میر، هەروەها ناو دارستانی ئاردن.

# پەردەی یەکەم

دیمەنی یەکەم: باخی ماڵی ئۆلیڤەر.

(ئۆرلاندۆ و ئادەم دێنە ژوورەوە)

**ئۆرلاندۆ:** ئادەم، وەکو من بەبیرم بێت، کە بە گوێرەی وەسیەتنامە باوە

تەنیا بڕی هەزار لیرە بۆ من بەجێ ماوە، جا وەک خۆت دەڵێیت، ئەو خێر و فەڕە بە براکەم بڕاوە کە من بەباشی پەروەردە بکات، ئەوەش مایەی خەمناکییە بۆ من. (جاکەس)ی برام وا لەبەر خوێندنە، هەواڵی باشیشم پێ گەیشتووە کە ئەو لەوەدا سوودمەندە. بەڵام بەگوێرەی من، ئەو منی وەک جووتیار لە ماڵەوە هێشتووەتەوە، یان بەشێوەیەکی راستتر بدوێم، ئەو منی لێرە لە ماڵەوە بەبێ سەرپەرشتی هێشتووەتەوە، لەبەرئەوەی راگرتنی کەسێکی خانەدانی وەکو من، هیچ جیاواز نییە لە بەستنەوەی جوانەگایەکی دابەستە؟

ئەسپەکانی ئەو لە من باشتر پەروەردە کراون، وێڕای ئەوەش ئەوان باشتر لە من خۆراکیان پێ دەدرێت، باشتر لە من مەشقی رۆیشتنیان پێ دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش سواری باشتریان بۆ بەکرێ گیراوە، کەچی منی برای ئەو، لەژێر سایەی ئەودا هیچ قازانج ناکەم جگە لەوەی کە گەشە دەکەم، وەک چۆن گیانەوەرەکانی ئەو لەسەر گوفەکەکانی ئەودا وەکو من گەشە دەکەن. لە پاڵ ئەو هیچ پێنەبەخشینەشی، کە زۆر بەخشندانە پێی بەخشیووم، ئەو دەیەوێت

ئەوەی کـە سـروشـتـیش خـۆی پێی بەخـشـیـوەم، لێم بسـەنێت. ئەو وا دەکـات لەگەڵ خـزمـەتکارەکـانی نان بخـۆم، لە جێگەی برایانە دوورم دەخـاتـەوە، ئەوەندی لـەدەسـتـی بێت، لایەنـە باشـەکـانی پەروەردەییم بنکۆڵ دەکات. ئادەم، هەر ئەوەیە کە خـەمبـارم دەکات، هـەروا روحیـەتی باوکم، کـە وا بزانم لە مندایە، خـەریکە دژی ئەو شـەرشـۆڕییـە یاخی دەبێت. من چیی تر بەرگـە ناگـرم، ئەگـەرچی هیـچ چارەسـەرییـەکی ژیرانە نازانم تا خۆمی لێ بپارێزم.

(ئۆلیڤەر دێتە ژوورەوە.)

**ئادەم:** ئەوا لەوێندەرێ براتان، کە خودانی منە دێتە ئێرە.

**ئۆرلاندۆ:** ئادەم، بڕۆ ئەولاوە، ئینجا دەبیسیت چۆن سەرکۆنەم دەکات.

(ئادەم دەچێتە دواوە)

**ئۆلیڤەر:** ئەرێ جەناب، تۆ لێرە چی دەکەیت؟

**ئۆرلاندۆ:** هیچ، من فێرنەکراوم هیچ بکەم.

**ئۆلیڤەر:** ئەدی بزانم چی تێک دەدەیت؟

**ئۆرلاندۆ:** بەڕاسـتـی، گـەورەم، مـنی برای بـێ نرخی بـەسـەزمـانـی تۆ، یارمـەتی تـۆ دەدەم ئەوەی کـە خـوا پـێی داوم بە بێکاری تێکی بدەم.

**ئۆلیڤەر:** بە مەریەم، جـەناب، دەکرێ تۆ بەکاری چاکتـرەوە خـەریک بیت، نەفرەتیشت لێ بدات.

**ئۆرلاندۆ:** چاوم لە بەرازەکانت بێت و لەگەڵیـشیـان کـووزر بخـۆم؟ ئەرێ من چ گـونـاهێکی پارە بـەفـیـڕۆدانم کـردووە تا لەو هـەژارییـەدا بژیم؟

**ئۆلیڤەر:** ئەرێ تۆ دەزانیت لە کوێ دەژیت؟

**ئۆرلاندۆ:** ئۆهـ، گەورەم، زۆر باش: من وا لەناو باخی تۆ دام.

**ئۆلیڤەر:** ئەدی دەزانیت لە بەرامبەر کێ وەستاویت؟

**ئۆرلاندۆ:** بەڵێ من باشتر لەو دەزانم بەرامبەر کێم لەوەی کە ئەو بزانێ من کێم. من دەزانم تۆ براگەورەی منی، لەبەر خانەدانیی خۆشمان دەبێ تۆش بزانیت من کێم. داوونەریتی میللەتانیش وایە کە تۆ لە پێش من بیت، لەبەرئەوەی تۆ منداڵی یەکەمینیت، بەڵام هەمان دابوونەریت خانەدانی من لانابات، ئەگەر بیست براش لە نێوانمان هەبێت. منیش بەقەد تۆ ڕێز و پایەبەرزیی باوکمم تێدایە، ئەگەرچی دەبێت دان بەوەدا بنێم کە هاتنەدنیای تۆ بەر لە من وای کردووە تۆ لە ڕێز و پایەبەرزیی باوکم لە من نێزیکتر بیت.

**ئۆلیڤەر:** چی، کوڕە! (لە ئۆرلاندۆ دەدات).

**ئۆرلاندۆ:** وەرە، وەرە، براگەورەکەم، تۆ زۆر لەمەدا نەزانیت. (ئۆلیڤەر دەگرێت)

**ئۆلیڤەر:** هەی نامەرد، تۆ دەست لە من دەوەشێنیت؟

**ئۆرلاندۆ:** من نامەرد نیم، من کوڕە بچووکی "سێر راوڵەند دیبۆیس"م. ئەو باوکم بوو، ئەوەی دەشڵێت ئەو پیاوە کەسی نامەردی لێ وەپاشکەوتووە، ئەو خۆی سێ جار نامەردە. ئەگەر برام نەبووایت، من ئەو دەستەم لە قوڕگت بەرنەدەدا تاوەکو بەدەستەکەی ترم زمانتم هەڵنەکێشابووایە لەبەر گوتنی قسەی وا . تۆ قسەی خراپت بەخۆت گوتووە.

**ئادەم:** گەورە ئازیزەکانم، ئارام ببنەوە، لەبەر خاتری یادی باوکتان، هێمن ببنەوە.

**ئۆلیڤەر:** من دەڵێم، لێم گەڕێ بڕۆم.

**ئۆرلاندۆ:** من تا بەدڵی خۆم نەبێت نایەڵم. تۆش دەبێ گوێم لێ بگریت. باوکم لە وەسیەتنامەکەیدا ئەوەی خستە ئەستۆی تۆ کە پەروەردەیەکی باشم بکەیت: تۆ منت وەکو جووتیاران راهێنا، هەر هەموو جۆرە ئاکارێکی خانەدانانەت لە من شاردەوە و پەنا دا. روحی باوکم زۆر بەهێز لە مندا گەشە دەکات، منیش چیی تر بەرگەی ئەو حاڵە ناگرم. جا بۆیە رێم بدە وا پەروەردە بکرێم کە لە خانەدانان بوەشێتەوە، ئەگەرنا ئەو بەشە کەمە پارەیەی کە باوکم لە وەسیەتنامەکەیدا بۆی جێ هێشتووم بدەرەوە خۆم، بەمەش من دەچم تەخت و بەختی خۆم دەکڕمەوە.

**ئۆلیڤەر:** پاشتر چی دەکەیت؟ کە هەموویت خەرج کرد، دەرۆزە دەکەیت؟ باشە، جەناب، برۆ ناوەوە. من چیی تر خۆم بەتۆوە ئازار نادەم، تۆ بەشێکی ئەو پارەیەی بۆت جێماوە وەردەگریت. تکایە جێم بهێڵە.

**ئۆرلاندۆ:** من لەوە زیاتر ئازارت نادەم کە سوودێکی بۆ خۆم هەبێت.

**ئۆلیڤەر:** بەڕێی بکە، ئەی پیرە سەگ.

**ئادەم:** ئەرێ "پیرە سەگ" پاداشتی چاکەکانمە؟ ئەوە راستە کە من لە خزمەتی تۆدا ددانەکانم لەدەست داوە. خوا ئاگای لە گەورەی پێشووم بێت، ئەو هەرگیز قسەی وای نەدەکرد. (ئۆرلاندۆ و ئادەم دەڕۆن)

**ئۆلیڤەر:** کەواتە گەیشتە ئەو رادەیە؟ وای لێ هات تۆ دەمدرێژی لە بەرامبەر مندا بکەیت؟ من بێشەرمییەکەت چارەسەر دەکەم و ئەو هەزار لیرەیەی دەبووا بتدەمێ نایبینیت. هەلاو، ئا وەرە (دێنیس).

(دێنیس دێتە ژوورەوە)

**دێنیس:** ئەرێ جەنابتان بانگی منتان کرد؟

**ئۆلیڤەر:** ئەرێ "چارڵس"ی زۆرانبازی میر نەهاتبوو دەیویست لەگەڵم بدوێت؟

**دێنیس:** ئەگەر پێت خۆش بێت، وا لەبەر دەرگەیە و دەیەوێت بێتە لاتان.

**ئۆلیڤەر:** بانگی بکە ژوورەوە. (دەنیس دەڕوات) وا چاکە بەو ڕێگەیە بیکەم، سبەینێ زۆرانبازییەکەیە.

(چارڵس دێتە ژوورەوە)

**چارڵس:** بەیانی باش لە بەڕێزتان.

**ئۆلیڤەر:** بەڕێز "چارڵس"ی باش، لە دەرباری نوێدا دەنگوباس چییە؟

**چارڵس:** گەورەم، لەناو دەرباردا هیچ دەنگوباسێک نییە جگە لە کۆنەکان. ئەویش ئەوەیە کە میری کۆن لەلایەن میری نوێ کە برایەتی شاربەدەر کراوە و سێ یان چوار لە گەورەپیاوان بەویستی خۆیان لەگەڵی چوونەتە تاراوگە کە زەوی و سامانی ئەوان میری نوێی دەوڵەمەند کردووە، هەر بۆیەش ڕێگەی پێ داون بەباشی بۆ خۆیان بسووڕێنەوە.

**ئۆلیڤەر:** دەتوانیت پێم بڵێیت ئاخۆ "ڕۆزەلیند"ی کیژی میر لەگەڵ باوکی شاربەدەر کراوە؟

**چارڵس:** نا، نەخێر. کیژی میری نوێ هێندە ئامۆزاکەی خۆی خۆش دەوێت، ئەوان هەر لەسەر بێشکەوە پێکەوە گەورە بوون، کە یان ئەو دەبوو لەگەڵی بچێتە تاراوگە، یان ئەگەر لە دوای بمابووایەوە هەر دەمرد. ئەو لەناو کۆشک و دەربارادایە و لەلایەن میرەوە کەمتر لە کیژەکەی خۆی خۆشەویستی پێ نەدراوە،

هەرگیز دوو خانم هێندەی ئەوان یەکتریان خۆش نەویستووە.

**ئۆلیڤەر:** میری کۆن لە کوێ ژیان بەسەر دەبات؟

**چارڵس:** خەڵکی دەڵێن ئەو دەمێکە چووەتە "دارستانی ئاردن"، گەلێک پیاوانی بەزم خۆشیش لەگەڵیدان و ئەوان لەوێدا وەکو "رۆبن هوودی ئینگلتەرا"[1] ژیان بەسەر دەبەن. خەڵک دەڵێن رۆژانە چەندان گەنجی خانەدان دەچنە پاڵیان، ئەوان کاتی خۆیان بەبێ خەمی وەکو سەردەمی زێڕینی جاران بەسەر دەبەن.

**ئۆلیڤەر:** ئەرێ ڕاستە، سبەی تۆ لە پێش میری نوێ زۆرانبازی دەکەیت؟

**چارڵس:** بەڵێ، بە مەریەم، وا دەکەم. منیش هاتووم مەسەلەیەکت لەگەڵ باس بکەم. گەورەم، من بەنهێنی ئەوەم پێ گوتراوە کە "ئۆرلاندۆ"ی برا بچووکی تۆ نیازی وایە کە بە خۆگۆڕینەوە بێتە بەرامبەرم و لێم بباتەوە. گەورەم، من سبەینێ بۆ ناوبانگی خۆم زۆرانبازی دەکەم، ئەو کەسەش کە بەبێ چەند پەراسوویێکی شکاوەوە لە چنگم رزگاری ببێت باشی بۆ هاتووە. برای تۆ گەنج و ناسکە، لەبەر خۆشەویستیی تۆش، من حەز ناکەم تێکی بشکێنم، بەڵام لەبەر ناوبانگی خۆم ئەگەر بێتە ناو بازنەی زۆرانبازی دەبێ وای لێ بکەم. جا لەبەر خۆشەویستیی من بۆ تۆ، من هاتوومە لات و ئەوەت پێ بڵێم کە یان دەبێت تۆ رێگەی

---

١. رۆبن هوود) سەرکردەی دەستەیەکی یاخی سەدەکانی ناوەڕاست بوو و لە ناو دارستانی (شێروود) لەناوچەی (نۆتینگهام) دەژیا. بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە خەڵکانی دەوڵەمەندی ڕووت دەکردن و پارەوپوولەکانیانی بەسەر هەژارانی ناوچەکەدا دەبەخشییەوە. (وەرگێڕ)

ئەو ئارەزووەی لێ بگریت یاخۆ دەبێت بەرگەی ئەو ئابڕووچوونە بگرێت کە بەپێی خۆی بەرەو لای دەچێت، لەمەشدا ئەوە بەخۆی بەدوای شتی وادا دەگەڕێت و ئەمەش دژ بە ویستی منە.

**ئۆلیڤەر:** چارڵس، من سوپاسی تۆ دەکەم بۆ ئەو خۆشەویستییەت، کە من زۆر بەخشندانە بۆتی تێ دەهێنمەوە. من خۆشم هەستم بەو نیازەی براکەم کردووە و بەڕێگەی تایبەتی هەوڵم داوە پەشیمانی بکەمەوە، بەڵام ئەو خۆی لەسەر ئەمە سوورە. چارڵس، من پێت دەڵێم ئەو کەللەڕەقترین گەنجی فرەنسایە، پڕە لە ئامانجی بەرزەفڕی، نەیارێکی حەسوودی شتە چاکەکانی هەموو کەسێکە، پیلانسازێکی بەنهێنی و نامەردانەیە دژ بە منی برای سروشتی خۆی. جا بۆیە زرنگی خۆت بنوێنە: منیش پێم خۆشە ملی بشکێنیت وەک چۆن پەنجەکانی دەشکێنیت. جا وا باشە تۆ زۆر وریا بیت، چونکە ئەگەر تۆ ئابڕووچوونێکی کەمی بەسەر بهێنیت، یاخۆ ئەگەر ئەو کەمێک ناوبانگ بەهۆی تۆوە پەیدا بکات، ئەوا هەوڵ دەدات یان ژارخواردووت بکات، یان بەرێگەیەکی ناپاکانە تەڵەت بۆ بنێتەوە و هەرگیز وازت لێ ناهێنێت تا گیانت بەشێوەیەک لە شێوەکان دەرنەکات. لەبەرئەوە من دڵنیات دەکەمەوە – ئەگەرچی بەفرمێسکەوە ئەوە دەڵێم _ کە هیچ کەسێکی گەنجی نامەردی وەکو ئەو لە دنیادا نییە. من تەنیا وەکو برایەک لەبارەی ئەوەوە دەدوێم، بەڵام ئەگەر وەکو خۆی چۆنە بۆتی لێک بدەمەوە، من دەبێت سوور هەڵگەڕێم و بگریم، تۆش دەبێت ڕەنگ زەرد ببیت و واقت وڕ بمێنێت.

**چارڵس:** من زۆر دڵخۆشم کەوا هاتمە لای تۆ. ئەگەر ئەو سبەی بێت

هەقی خۆی پێ دەدەم. ئەگەر ئەو توانی بەساغی لێی دەرچێت، هەرگیز جارێکی تر من بۆ خەڵات یاری ناکەم. جا کە وایە، خوا بتپارێزێت.

**ئۆلیڤەر:** خواحافیز، "چارڵس"ی چاک. (چارڵس دەڕوات)

ئێستا من هانی ئەو یاریکەرۆکەیە دەدەم. هیوادارم کۆتاییەکەی ببینم، ناشزانم بۆچی دڵم بەقەد ئەو رقی لە کەس نابێتەوە. ئەو دڵنەرم و چاکە، ئەگەرچی نەیخوێندووە و پەروەردەش نەکراوە، پڕ جۆرەها ئاکاری جوامێرانەیە، کە هەموو کەس خۆشی دەوێت و دەچێتە دڵی هەموو کەسێکەوە، بەتایبەتیش خەڵکانی خۆمانە کە ئەو باش دەناسن و رقیان لە من دەبێتەوە. بەڵام ئەمە هێندە درێژە ناکێشێت، ئەم زۆرانبازە کۆتایی بە هەموو شتێک دێنێت. ئەوەی ماوە تەنیا ئەوەیە کە ئەو منداڵە هان بدەم بکەوێتە بەرامبەری، ئێستاش وا ئەو کارە دەکەم.

(دەڕوات)

دیمەنی دووەم

**پارچە چیمەنێکی تەخت لە نێزیک کۆشکی میر**

(رۆزەلیند و سیلیا دێنە ژوورەوە)

**سیلیا:** تکات لێ دەکەم، رۆزەلیند، ئامۆزای شیرینم، دڵخۆش بە.

**رۆزەلیند:** سیلیای هێژا، من زیاتر لەوە دڵخۆشی دەردەخەم کە هەمە، تۆش حەز دەکەیت هێشتا دڵخۆشتر بم؟ ئەگەر تۆ نەتوانیت فێری ئەوەم بکەیت باوکی شاربەدەرکراوم لە بیر بچێتەوە، تۆ

نابێت دڵخۆشییەکی لەوە زیاتر لە من چاوەڕوان بێت.

**سیلیا:** لەوەدا من دەبینم کە تۆ بە هەمان قورسایی منت خۆش ناوێت کە من تۆم خۆش دەوێت. ئەگەر مامەم، باوکی شاربەدەرکراوت، مامەی تۆی شاربەدەر بکردایە، کە میری باوکمە، تۆش لەگەڵ مندا مابووایتەوە، من فێری ئەو خۆشەویستییەم دەکردیت کە باوکی خۆت بەهی من بزانیت. تۆش دەبێت هەمان شت بکەیت، ئەگەر راستی خۆشەویستیی تۆ ئەوەندە بەڕاستی بگونجێنرابووایە وەکو ئەوەی من هەمە بۆ تۆ.

**رۆزەلیند:** دەباشە، من حاڵی خۆم لە بیر دەکەم و لە بەختەوەریی تۆدا خۆشی دەبینم.

**سیلیا:** تۆ دەزانیت باوکی من هیچ منداڵێکی نییە جگە لە من، لەوەش ناچێت هیچی تری ببێت، جا کە ئەو دەمرێت، بەڕاستی تۆ دەبیتە میراتگری ئەو، چونکە ئەوەی ئەو بە زەبر لە باوکی تۆی زەوت کردووە، من بە خۆشییەوە پێتی دەدەمەوە. بەشەرەفم، من وا دەکەم، ئەگەر ئەو سوێندەم شکاند، یاخوا ببمە دێو و درنج. جا بۆیە، "رۆزە"ی شیرینم، "رۆزە"ی هێژام، دڵخۆش بە.

**رۆزەلیند:** ئامۆزاکەم، لەمەودوا رێگەیەک دەدۆزمەوە دڵخۆش بم. با بزانم، رات چییە بۆ خۆمان دڵداری بکەین؟

**سیلیا:** بە مەریەم، تکایە با وابکەین، مرۆڤ دەتوانێت بۆ خۆشیی دڵداری بکات، بەڵام هیچ پیاوێکت بەڕاستی خۆش نەوێت، لەو یارییە خۆشت هێندە نەبەیتە پێشەوە کە نەتوانیت بەسەلامەتی و سەربەرزی لێیەوە دەربچیت.

**رۆزەلیند:** کەوایە، چۆن خۆمان دڵخۆش بکەین؟

**سیلیا**: با دابنیشین و گاڵته به کەیبانووی "بەخت و چارەنووس"[2]ی چاک کە لەسەر چەرخەکەی خۆیەتی بکەین بۆ ئەوەی لێرەوە بەدوا دیارییەکانی خۆی بەشێوەیەکی یەکسان ببەخشێتەوە.

**رۆزەلیند**: من زۆر حەز دەکەم وا بکەین، لەبەرئەوەی بەخششەکانی ئەو زۆربەی جار بەخراپی دەبەخشرێنەوە، ئەو خانمە بەخشندە کوێرە زۆر بەناداپەروەرییەوە دیارییەکانی بەسەر ژناندا دەبەخشێتەوە.

**سیلیا**: ئەمە راستە، ئەو ژنانەی جوانییان پێ دەبەخشێت زۆر بەدەگمەن شەرەفیان پێ دەدات و ئەوانەش کە شەرەفیان پێ دەبەخشێت وایان لێ دەکات زۆر ناشیرین بن.

**رۆزەلیند**: نەخێر، تۆ ئێستا لە دەسەڵاتی "بەخت و چارەنووس"ەوە دەچیتە لای "سروشت". "بەخت و چارەنووس" دیاری و بەخششی دنیایی دەبەخشێتەوە، نەوەک ئاکار و روخساری سروشتی.

(تەکیستۆنی گاڵتەجاڕ دێتە ژوورەوە)

**سیلیا**: نەخێر، کاتێک سروشت بوونەوەرێکی جوان دروست دەکات، ئاخۆ رەنگ نییە ئەو بەهۆی "بەخت و چارەنووس"ەوە بچێتە ناو ئاگرەوە؟ ئەگەرچی سروشت ژیریی پێمان بەخشیووە تا گاڵته بە "بەخت و چارەنووس" بکەین، ئەدی ئەوە سروشت نییە کە

---

٢. مەبەست لە کەیبانووی (بەخت و چارەنووس) ی چاک خواوەندی بەخت و چارەنووسە کە لەسەردەمی شێکسپیردا وا باوەڕدەکرا کە ژنێکە و چەرخێکی رستنی لەپێشە و بەهەرلایەکدا بیسوڕێنێت بەختی ئەو کەسەی بۆی دەسوڕێنێت بەجۆرێک دەبێت. (وەرگێڕ)

ئەو گێلەی بۆ ناردووین تاوەکو ئەم گفتوگۆیەمان کۆتایی پێ بهێنین؟

**رۆزەلیند:** ئەوە راستە کە "بەخت و چارەنووس" یەگجار لە سروشت زیرەکترە، کاتێک "بەخت و چارەنووس" گێلێک دەکاتە بوونەوەری سروشت، ئەو کات ئەو خۆی ژیرێتی سروشت بەلاوە دەنێت.

**سیلیا:** لەوانەیە ئەمەیان کاری بەخت نەبێت. رەنگە ئەمەیان سەرەنجام کردەی سروشت بێت، کاتێک دەبینێت کە ژیری سروشتییمان لەبارەی بیرکردنەوەمان لەو خواوەندە یەگجار گێلانەیە، بۆیە ئەویش ئەم شتە سروشتییەی بۆمان ناردووە تاکو بیرمان پێی تیژ بکەینەوە، لەبەرئەوەی هەردەم گەوجێتیی گێلەکان هەسانی بیرەکانمانە. ئێستا ئەی زرنگ، ئەوە لەچی دەگەڕێیت؟

**تەکیستۆن:** خانمەکەم، دەبێت تۆ بچیتە لای باوکت.

**سیلیا:** ئەرێ ئەتۆ کراویتە پەیامهێن؟

**تەکیستۆن:** نا بەشەرەفم، بەڵام من فەرمانم پێ کراوە بێم و تۆ ببەم.

**رۆزەلیند:** تۆ ئەم سوێندە لە کێ فێربوویت، هەی گێلەپیاو؟

**تەکیستۆن:** لە سوارچاکێکەوە کە سوێندی بەشەرەفی خۆی دەخوارد کە کێکە پانەکان چاکن و سوێندی بەشەرەفی دەخوارد کە دەنکە خەرتەلەکە خراپە. ئێستا من رای خۆم دەڵێم کە کێکە پانەکان خراپ بوون و دەنکە خەرتەلەکە باش بوو، کەچی سوارچاکەکە سوێندەکەی بەدرۆ نەخرایەوە.

**سیلیا:** تۆ چۆن دەتوانیت ئەمەیان لەناو ئەو هەموو بارە زانیارییەی خۆت بسەلمێنیت؟

**رۆزەليند:** دەئێستا، بە مەریەم، دەرکی گەنجێنەی بیرەکانت بکەرەوە.

**تەکیستۆن:** هەردووکتان لێرەوە هەڵسنە سەرپێ: دەست بخەنە سەر چەناگەتان و سوێند بە ڕیشتان بخۆن کە من کەسێکی خوێڕیم.

**سیلیا:** سوێند بە ڕیشمان "ئەگەر هەمانبووایە" تۆ وایت؟

**تەکیستۆن:** سوێند بە خوێڕیایەتیم "ئەگەر وابووایە" ئەوسا وادەبووم، بەڵام ئەگەر ئێوە سوێند بەوە دەخۆن کە وا نییە، ئێوە بەدرۆ سوێندتان نەخواردووە. سوارچاکەکەش کە سوێندی بەشەرەفی خواردبوو، سوێندەکەی درۆ نەبوو، چونکە ئەو هیچ شەرەفی نەبوو، یان ئەگەر هەیبووایە پێش بینینی ئەو کێکە پانانە و خەرتەلەکە ئەوەندە سوێندی پێ دەخوارد تا هیچی نەدەما.

**سیلیا:** تکایە، تۆ مەبەستت لە کێیە؟

**تەکیستۆن:** لە کەسێکە کە "پیرە فرێدریک"ی باوکت خۆشی دەوێت.

**سیلیا:** خۆشەویستی باوکم بەسە بۆ ئەوەی ئەو شەرەفمەند بکات. بیبڕەوە! چیی تر باسی مەکە، تۆ لەبەر بە خراپە باسکردنی خەڵکی لەم ڕۆژانەدا دارکاری دەکرێیت.

**تەکیستۆن:** کەواتە قوڕبەسەرییە کە گێلەکان نەتوانن ژیرانە بدوێن ئەو کاتەی کە پیاوە ژیرەکان گێلانە ڕەفتار دەکەن.

**سیلیا:** بەڕاستی، تۆ قسەی ڕاست دەکەیت، لەبەرئەوەی کاتێک ئەو کەمە ژیرییەی کە گێلەکان هەیانە سەرکوت دەکرێن، ئەو کەمە گێلایەتییەی کە مرۆڤە ژیرەکان هەیانە بەمەزنی پێشان دەدرێن. ئەوا لێرەوە (مۆنسۆ لێ باو) دێت.

(لێ باو دێتە ژوورەوە)

**رۆزەلیند:** دەمیشی پڕ هەواڵە.

**سیلیا:** چۆن کۆتر خواردن دەرخواردی بێچووەکانی دەدات، ئەویش وا دەیخاتە ناو دەمی ئێمەوە.

**رۆزەلیند:** ئینجا ئێمە پڕ دەکات لە هەواڵ.

**سیلیا:** چاکتر، ئەوسا ئێمە بەبڕەو و هەڕمێنتر دەکەوین. رۆژباش، مۆنسۆ لێ باو، دەنگوباس چییە؟

**لێ باو:** شازادەی نازدار، تۆ زۆر یاریی خۆشت لەدەست چوو.

**سیلیا:** یاری؟ چ جۆرە یارییەک؟

**لێ باو:** چ جۆرە یارییەک، خانم؟ نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە؟

**رۆزەلیند:** بەو شێوەیەی کە ژیری و بەخت پێت دەڵێت.

**تەکیستۆن:** یان بەو جۆرەی کە چارەنووس بۆم دیار دەکات.

**سیلیا:** ئافەرین، ئەمە بە زمانێکی جوان دەربڕدرا.

**تەکیستۆن:** نەخێر، ئەگەر من بە گوێرەی چینەکەی خۆم رەفتار نەکەم.

**رۆزەلیند:** تۆ تام و بۆی جارانت نامێنێت.

**لێ باو:** ئێوە سەرسامم دەکەن، خانمەکان. من دەمەویست لەبارەی زۆرانبازییەکی چاک پێتان بڵێم کە دەرفەتی بینینیتان لە دەست چوو.

**رۆزەلیند:** تۆ وەسفی چۆنیەتیی زۆرانبازییەکەمان بۆ دەکەیت.

**لێ باو:** من سەرەتاکەتان بۆ باس دەکەم، جا ئەگەر بەڕێزتان پێتان خۆش بێت دەتوانن بنەتاکەش ببینن، لەبەرئەوەی باشترین بەشی ئەوە وا بەڕێوەیە، لێرە، کە ئێوەی لێیە، ئەوان وا دێن بۆ بەجێگەیاندنی.

**سیلیا:** باشە، سەرەتاکەمان بۆ باس بکە کە دەمێکە تەواو بووە.

**لێ باو:** پیرەمێردێک و سێ کوڕی هاتن –

**سیلیا:** من دەتوانم ئەوە بکەمە سەرەتای هەقایەتێکی تری کۆن.

**لێ باو:** سێ گەنجی قۆزی نایاب و رێک و پێک هەڵکەوتوو.

**سیلیا:** نووسراوێکیان بەملەوە قایم کرابوو کە دەریدەخست ئەوان کێن.

**لێ باو:** کوڕە گەورەکەیان زۆرانبازیی لەگەڵ (چارڵس)ی زۆرانبازی میر کرد، کە (چارڵس) لە تاوێکدا فڕێی دا و سێ پەراسووی وا شکاند کە هیوایەکی کەمی بەزیندوویی مانەوەی هەیە. ئینجا بەخزمەتی دووەمیان گەیشت و دواتریش هی سێیەمیان. ئەوان وا لەوێ کەوتوون و پیرەمێردی باوکیان شیوەنێکی وا دڵتەزێن دەکات کە هەموو بینەرێک لەگەڵی دەکەونە گریان و ڕۆڕۆ.

**رۆزەلیند:** ئای بەداخەوە!

**تەکیستۆن:** بەڵام، بەڕێز، ئەو یارییە چییە کە خانمەکان لەدەستیان چووە؟

**لێ باو:** بۆچی، ئەو یارییە ئەوەیە کە من باسی دەکەم.

**تەکیستۆن:** ئا بەم شێوەیە مرۆڤ هەموو رۆژێک ژیرتر دەبێت. ئەوە یەکەم جارە کە من بیستم پەراسووشکاندن یارییەک بێت خانمان پێویستە بیبینن.

**سیلیا:** منیش رای دەگەیەنم ئەوە وایە.

**رۆزەلیند:** ئەرێ کەسی تر هەیە حەز بکات گوێ ی لە مۆسیقای شکانی پەراسووەکانی بێت؟ ئەرێ کەس هەیە پەراسووشکانی

پێ خۆش بێت؟ ئەرێ ئامۆزا، بچین ئەو زۆرانبازییە ببینین؟

**لێ باو:** ئەگەر لێرە بمێننەوە، هەر دەبێت بیبینن، لەبەرئەوەی ئێرە ئەو شوێنەیە کە بۆ زۆرانبازییەکە تەرخان کراوە و ئەوانیش ئامادەن لێرە بیکەن.

**سیلیا:** بەدڵنیاییەوە، ئەوانە ئەوانن کە لەوێوە دێن. با لێرە بمێنینەوە و یارییەکە ببینین. (نورەی شەیپوور دێت، میر فرێدریک، خانەدانان، ئۆرلاندۆ، چارڵس و دەستوپێوەند دێن)

**میر فرێدریک:** وەرن، مادام گەنجەکە رازی نابێت، لێگەڕێ با ئۆباڵی خۆی بکەوێتە ملی خۆی.

**رۆزەلیند:** ئەو پیاوەی ئەوێندەرێ خۆیەتی؟

**لێ باو:** بەڵێ، خانمەکەم.

**سیلیا:** مخابن، ئەو زۆر گەنجە! کەچی لەوە دەچێت یارییەکە بباتەوە.

**میر فرێدریک:** ئێستا چۆنن کیژ و برازاکەم! ئێوە هاتوونەتە ئێرە تا یارییەکە ببینن؟

**رۆزەلیند:** بەڵێ، گەورەم، جا تکایە رێگەمان بدە.

**میر فرێدریک:** ئێوە چێژ لە یارییەکە نابینن، من پێتان دەڵێم، ئەو پیاوە زۆر ناجۆر و نابەرامبەرە. وەک بەزەیی هاتنەوەم بە گەنجێتیی ئەو، من ویستم بەخۆشی پەشیمانی بکەمەوە، بەڵام ئەو پەشیمان نابێتەوە. خانمەکان، لەگەڵی بدوێن، بزانن کاری تێ ناکەن.

**سیلیا:** بەڕێز "لێ باو"ی چاک، بانگی بکە بۆ ئێرە.

**میر فرێدریک:** وا بکەن. من لەوێ نابم. (ئەو لەوێ دەڕوات)

**لێ باو:** ئەی زۆرانبازی بەڕێز، شازادە بانگت دەکات.

**ئۆرلاندۆ:** من بەهەموو ڕێز و ئەرکێکەوە دەچمە لایان.

**رۆزەلیند:** ئەی گەنج، ئەرێ ئەتۆ هیچ زۆرانبازیت لەگەڵ "چارڵس" گرتووە؟

**ئۆرلاندۆ:** نەخێر، شازادەی نازدار، ئەو زۆرانبازێکی گشتییە و منیش وەکو خەڵکانی تر هاتووم هێزی گەنجێتیم تاقی بکەمەوە.

**سیلیا:** گەنجی خانەدان، روحت لەچاو تەمەنت یەگجار بوێرە. تۆ بەڵگەی دژواری هێزی ئەو پیاوەت بینیووە، کە بەچاوی خۆت ئەوەت بینیووە و بە لێکدانەوەی خۆشت لەوە دەگەیت کە ترسی ئەو گیانبازییەت دەبێت ئامۆژگاریت بکات کە بەشداری کارێکی وا نەکەیت. ئێمە تکات لێ دەکەین، لەبەر خاتری خۆت، کە ئاگات لە سەلامەتیی خۆت بێت و واز لەم هەوڵەت بهێنیت.

**رۆزەلیند:** بەقسەم بکە، گەنجی بەڕێز. ناوبانگی تۆ بەسووکی تەماشا ناکرێت و ئێمە بەخۆمان داوا لە میر دەکەین کە ئەم زۆرانبازییە رابگیرێت.

**ئۆرلاندۆ:** تکاتان لێ دەکەم بە بیرە سەختەکانتان سزام مەدەن، لەبەرئەوەی من خۆم بە تاوانبار دەزانم کە دەست بەرووی هەر داواکارییەکی ئەو خانمە جوان و نایابانەوە بنێم. بەڵام با چاوە جوان و ئومێدە نەرمەکانتان لەگەڵم بن بۆ ئەو هەوڵەی دەیدەم، جا ئەگەر دۆڕام، ئەوسا کەسێک کە هەرگیز بەناوبانگ نەبووە شەرمەزار دەبێت، ئەگەریش کوژرام، کەسێک دەمرێت کە بەخۆی ئەوەی ویستووە. من هیچ خراپەم لەگەڵ هاوڕێیان نەکردووە، لەبەرئەوەی هاوڕێم نین شیوەنم بۆ بکەن، دنیاش بە

نەمانی من هیچ زیان ناکات، چونکە لە دنیادا من هیچم نییە. من تەنیا لە دنیادا شوێنێکم پڕ کردووەتەوە، کە ڕەنگە باشتر پڕ بکرێتەوە کاتێک من چۆڵی دەکەم.

**رۆزەلیند:** ئەو کەمە هێزەی من هەمە، هیوادارم هی تۆ بووایە.

**سیلیا:** هی منیش با بچێتە پاڵ هی ئەو.

**رۆزەلیند:** خوات لەگەڵ. لە خوا دەپاڕێمەوە کە من لەبارەی تۆوە بەهەڵەدا چووبم.

**سیلیا:** هیوادارم ئارەزووی دڵت یاوەرت بێت!

**چارڵس:** با بێت، کوا لە کوێیە ئەو گەنجە ئازایەی کە هێندە تامەزرۆی ئەوەیە کە لەناو خاک و خۆڵی دایکی خۆی پاڵ بکەوێت؟

**ئۆرلاندۆ:** گەورەم، ئامادەیە، بەڵام نیازی ئەو زۆر لەو کارەی تۆ دەتەوێت خاکەڕاترە.

**میر فرێدریک:** ئێوە تەنیا یاری لەسەر یەک جار کەوتنە سەر زەوی دەکەن.

**چارڵس:** نەخێر، گەورەی خانەدانم، من دڵنیاتان دەکەمەوە کە ڕێ نادەم بۆ دووەم جار بەشدار بێتەوە، کە تۆ خۆت جاری یەکەم زۆرت لەگەڵیا هەوڵ دا بکشێتەوە.

**ئۆرلاندۆ:** ئەگەر نیازی ئەوەت هەیە پاشتر گاڵتەم پێ بکەیت، وا باشترە پێشتر گاڵتەم پێ نەکەیت، بەڵام ئادەی بۆم وەرە پێشەوە.

**رۆزەلیند:** ئەی گەنج، یاخوا "هێرکلیس"[٣] پشتیوانت بێت!

٣. لە ئەفسانە و ئەدەبیاتی کۆندا (هێرکلیس) بەهێزترین پیاوی دنیا بوو. (وەرگێڕ)

**سیلیا:** خۆزگە من ببوواوم بەنەبینراو تا قاچی ئەو کەسە بەهێزەم بگرتبوایە.

(ئەوان زۆرانبازی دەکەن)

**رۆزەلیند:** ئۆی ئەی گەنجی نایاب!

**سیلیا:** ئەگەر بەهەورەتریشقەش کوێر ببووام، من دەتوانم بڵێم کامیان دەدۆڕێت.

(هاوارێک و چارڵس دەکەوێتە سەرزەوی)

**میر فرێدریک:** بەسیەتی، بەس.

**ئۆرلاندۆ:** من تکا لە بەڕێزتان دەکەم کە هێشتا هەر لە مەشقدا گەرم دانەهاتووم.

**میر فرێدریک:** چارڵس، هەست و نەستت چۆنە؟

**لێ باو:** گەورەم، قسەی پێ ناکرێت.

**میر فرێدریک:** هەڵی گرن بۆ ئەولا. (چارڵس هەڵدەگیرێت) ئەی گەنج، تۆ ناوت چییە؟

**ئۆرلاندۆ:** ناوم ئۆرلاندۆیە، ئەی پشتیوانم. من کوڕە بچووکەکەی (سێر راوڵەند دیبۆیس)م.

**میر فرێدریک:** خۆزگە کوڕی پیاوێکی تر ببووایت.

دنیا باوکی تۆ بە پیاوێکی ئابڕوومەند دەزانن،

بەڵام هێشتا من ئەو بە دوژمنی خۆم دەزانم.

ئەتۆ بەو کارەی کردت دەبووایە دڵخۆشترت کردبام

هاتبا تۆ لە بنەماڵەیەکی ترەوە وەپاش بکەوتایت.

بەڵام خوات لەگەڵ، تۆ گەنجێکی ئازایت:

بریا تۆ پێت بگوتبووام کە لە باوکێکی تریت.

(میر و دەستوپێوەندەکانی دەڕۆن)

**سیلیا:** (بۆ رۆزەلیند) ئامۆزا، ئەرێ ئەگەر من لە جێگەی باوکم بام، ئاوەها رەفتارم لەگەڵی دەکرد؟

**ئۆرلاندۆ:** من زۆر سەربەرزترم کە کوڕی "سێر راوڵەند"م،
کوڕە بچووکەکەی، حەزیش ناکەم ئەو ناوەی خۆم بگۆڕمەوە،
بەوەی بکرێمە میراتگری فرێدریک.

**رۆزەلیند:** (بۆ سیلیا) باوکم "سێر راوڵەند"ی وەکو روحی خۆی
خۆش دەویست، هەموو دنیاش لەمەدا لەگەڵ باوکم هاوڕابوو.
ئەگەر پێشتر زانیبام ئەم گەنجە کوڕی ئەوە،
دەبووایە من فرمێسکم بخستبایە پاڵ تکاکانم
بۆ ئەوەی رێ نەدەم بەشداری ئەم سەرچڵییە بکات.

**سیلیا:** (بۆ رۆزەلیند) ئامۆزای دڵنەرمم، بابچین سوپاسی بکەین و ورەی بەرز بکەینەوە:
خێماکە توند و دڵڕەشانەکەی باوکم
لە ناخەوە دڵم کون دەکات. (بۆ ئۆرلاندۆ) گەورەم، تۆ
چاک شایستەی بردنەوەکەت بوویت،
ئەگەر بەڵێنەکانی ئەویندارییت وەکو هەموو بەڵێنە چاوەڕوانکراوەکانی تر بن،
دولبەرەکەت بەختەوەر دەبێت.

**رۆزەلیند:** ئەی خانەدان، (زنجیری ملی خۆی پێ دەبەخشێت)
ئەمە بۆ خاتری من لە ملت بکە، هی کەسێکە بەخت یاری نییە،

هی کەسێکە حەز دەکات پترت پێ ببەخشێت، بەڵام هیچی تری
لەدەست نایەت.

ئامۆزا، ئەرێ بڕۆین؟

(ڕوو وەردەگێڕێت و دەڕوات)

**سیلیا:** (بەدوایدا دەڕوات) بەڵێ خواحافیز، ئەی خانەدانی چاک.

**ئۆرلاندۆ:** ئەرێ بۆ نەتوانم بڵێم "من سوپاست دەکەم"؟

لایەنە جوامێرانەکەی من هەمووی دۆڕا،

ئەوەی لێرەش وەستاوە تەنیا کۆتەڵێکە، تەنیا پارچەیەکی بێ
گیانە.

**ڕۆزەلیند:** ئەو بانگمان دەکاتەوە. پایەبەرزی و بەختم پێکەوە نەمان،

من لێی دەپرسم چی دەوێت. (ئاوڕێک دەداتەوە) ئەرێ بەڕێز
گازمانت کرد؟

گەورەم، تۆ بەچاکی زۆرانبازیت کرد،

زیاتر لە دوژمنەکانت خەڵکی تریشت بەزاند.

**سیلیا:** ئەرێ ئامۆزا دێیت؟

**ڕۆزەلیند:** وا لەگەڵت دێم. خواحافیز.

(ڕۆزەلیند و سیلیا دەڕۆن)

**ئۆرلاندۆ:** ئەوە چ سۆزێکە زمانی بەستووم؟

من ناتوانم لەگەڵی بدوێم، ئەگەرچی ئەو حەزی لە وتووێژ بوو.

(لێ باو دێتە ژوورەوە) ئەی "ئۆرلاندۆ"ی بەسەزمان، تۆ
دۆڕاویت!

جا "چارلس" یان کەسێکی بێهێزتر بێت لێی بردوویەتەوە.

**لێ باو:** گەورەی چاکم، من لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە داوات لێ دەکەم
لێرە بڕۆیت. هەرچەندەش تۆ شایەنی
ستایشی بەرز و چەپڵەی قایم و خۆشەویستیت،
کەچی بارودۆخی میر ئێستاکە بەجۆرێکە
کە هەرچییەکی تۆ کردووتە بەخراپ لێک دەداتەوە.
میر سەرودڵی خراپە، بەڕاستی، هەڵوێستی ئەو
بەرامبەر تۆ چییە، باشترە خۆت بیزانیت نەک من بیڵێم.
**ئۆرلاندۆ:** بەڕێزم، من سوپاست دەکەم، تکاشت لێ دەکەم کە:
پێم بڵێیت کامیان لەو دووە کیژی میر بوون،
کە لێرە لە زۆرانبازییەکە بوون؟
**لێ باو:** ئەگەر بە ڕەفتار لێکی بدەینەوە هیچ کامەیان کچی نەبوون،
بەڵام، بەڕاستی، هێشتا بچووکەکەیان کیژی ئەو بوو.
ئەوی تریان کچی میری شاربەدەرکراوە،
لێرە لەلایەن مامە زەوتکەرەکەیەوە گلدراوەتەوە
بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی کچەکەی بکات، خۆشەویستیی نێوانیان
لە پێوەندی سروشتی نێوان دوو خوشک بەتێنترە.
بەڵام دەتوانم پێت بڵێم کە بەم دواییە ئەم میرە
لەسەر ئەوە لە برازا نازدارەکەی قەڵسە
نەک لەسەر شتێکی تر چونکە خەڵکی
ستایش و پەسنی ئەو دەکەن لەبەر ئاکارە چاکەکانی و
بۆ خاتری باوکە چاکەکەی بەزەییان پێیدا دێتەوە.
جا بەگیانی خۆم، ڕق و کینەی ئەو بەرامبەر ئەم خانمە

له ناکاو دەتەقێتەوە. گەورەم، خواحافیز.
جا لە کاتێکی تردا و لە جێگەیەکی لێرە باشتر،
من حەز بە دۆستایەتی و ناسیاوی ئێوە دەکەم.

**ئۆرلاندۆ:** من زۆر سوپاسمەندی تۆم: خواحافیز.

(لێ باو دەڕوات)

ئا بەم جۆرە دەبێت من لە مەترسییەکەوە بچمە ناو مەترسییەکی مەزنترەوە،
لە میرێکی زۆردارەوە بچمەوە لای برایەکی زۆردار.
بەڵام ئای بۆ "رۆزەلیند"ی ئاسمانی!

دیمەنی سێیەم

## کۆشکی میر

(رۆزەلیند و سیلیا دێنە ژوورەوە)

**سیلیا:** ئای ئامۆزا! ئای "رۆزەلیند"! یا خوا "کیوپید"[٤] بەزەییی پێتدا بێتەوە، بۆ قسەیەک ناکەیت؟

**رۆزەلیند:** قسەیەک هەڵنادەمە بەردەمی سەگانیش.

**سیلیا:** نەخێر، قسەکانت زۆر لەوە بەنرخترن فرێ بدرێنە بەردەم سەگان، هێندێکیان بۆ من هەڵبدە، وەرە دەی، من بە هۆیەکان شەل و گێڕ بکە.

**رۆزەلیند:** ئینجا ئەوسا دوو ئامۆزا زامدار و پەککەوتە دەبن، کاتێک

٤. (کیوپید) لە ئەفسانەی گریکیدا خواوەندی عیشقە و لەشێوەی منداڵێکی چاوبەستراوەیە کە تیروکەوانێکی لەدەستە و دڵی عاشقان بەم تیرە دەسمێت.(وەرگێڕ)

یەکێکیان بە هۆیەکان شەل و گێڕ بێت و ئەوەی تریشیان لەبەر بێ هۆیی شێتووێت بێت.

**سیلیا:** ئەرێ تۆ ئەم هەموو بەزمەت لەبەر باوکتە؟

**رۆزەلیند:** نەخێر، هەندێکیان لەبەر باوکی منداڵەکانمە. ئۆه، ئەم دنیا ئاساییە چەند پڕ گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەیە!

**سیلیا:** ئامۆزا، ئەو تەنگوچەڵەمانە تەنیا قالکی زبری تۆوەکانن کە رۆژانی بەزم و رەزمی پشوودان بەسەرت دادەکرێن، جا ئەگەر ئێمە بە رێگەی خەڵک ئاسادا نەڕۆین، ئەوانە بە ژێرکراسەکانمانەوە دەنووسێن.

**رۆزەلیند:** ئەگەر بە جلەکانمەوە بنووسێن دەتوانم دایان وەشێنم، بەڵام ئەوانە بەدڵمەوە نووساون.

**سیلیا:** دەتوانیت بە هێک تفییان بکەیتەوە.

**رۆزەلیند:** هەوڵ دەدەم، ئەگەر بتوانم هاوار بکەم "هێ" و ئەو "هی"خۆم بێت[5].

**سیلیا:** ئادەی وەرە، لەگەڵ هەستەکانی خۆتدا زۆرانبازی بکە.

**رۆزەلیند:** ئۆه، هەستەکانم لایەنگری زۆرانبازە باشترەکەن لەوەی لایەنگری خۆم بن[6].

**سیلیا:** ئۆه، کەواتە من پیرۆزباییت لێ دەکەم! لەبەرئەوەی بە بەسەرچوونی کات، سەرەڕای کەوتنت تۆ هەوڵ دەدەیت فێر ببیت. بەڵام با ئەو گاڵتەوگەپانە بەلاوە بنێین و با بەڕاستی و

---

٥. لەم رستەیەدا رەگەزدۆزی لە نێوان هەردوو وشەی "هێ" و "هی" دا هەیە کە لە کوردیدا ئاسان نییە وەربگێڕدرێت. (وەرگێڕ)

٦. مەبەست لە زۆرانبازە باشترەکە (ئۆرلاندۆ)یە. (وەرگێڕ)

جەرگسۆزی بدوێین. ئاخۆ دەشێت ئاوا لە ناکاو و کتوپڕ تۆ وا بەتوندی بکەویتە داوی خۆشەویستیی کوڕە بچووکەکەی (سێر ڕاوڵەند)ەوە؟

**رۆزەلیند:** میری باوکم باوکی ئەوی زۆر خۆش دەویست.

**سیلیا:** کەواتە ئەوە وای لێ دەکەوێتەوە کە کوڕەکەی ئەوت زۆر خۆش بوێت؟ ئەگەر بەپێی ئەم بیرکردنەوە بێت دەبێت من رقم لەو ببێتەوە، لەبەرئەوەی باوکم زۆر رقی لە باوکیەتی، کەچی من رقم لە "ئۆرلاندۆ" نابێتەوە.

**رۆزەلیند:** نەخێر، بۆ خاتری من رقت لێی نەبێتەوە.

**سیلیا:** بۆچی نا؟ ئەی مەگەر ئەو لەبەر باشی شایستەی ئەوە نییە؟ (میر فرێدریک و دەستوپێوەندەکانی دێنە ژوورەوە)

**رۆزەلیند:** لێگەڕێ با لەبەر ئاکارە باشەکانی، من ئەوم خۆش بوێت، تۆش دەبێت وابیت، لەبەرئەوەی من ئەوم خۆش دەوێت. بڕوانە ئەوا میر لەوێوە دێت.

**سیلیا:** بەچاوانی پڕ لە توورەیییەوە.

**میر فرێدریک:** خانم، دەستبەجێ بەسەلامەتی ئێرە بەجێ بهێڵە، لە دەربارەکەمان دوور بکەوەوە.

**رۆزەلیند:** مامە، من؟

**میر فرێدریک:** بەڵێ، برازام، تۆ
لە ماوەی دە رۆژی تردا ئەگەر تۆ لە دووری
بیست میل لە دەرباری ئێمەوە دۆزرایتەوە،
ئەوا تۆ دەکوژرێیت.

**رۆزەليند:** من داوا لە ئێوەی خانەدان دەکەم،

هۆی هەڵەکەی خۆم بزانم.

ئەگەر من هیچ لەبارەی خۆمەوە بزانم،

یان لە ئارەزووەکانی خۆم تێ بگەم،

ئەگەر من خەون نەبینم یان شێت نەبووبم –

کە من بڕوام وایە وانیم – کەواتە، مامی خۆشەویستم،

تەنانەت بەبیرکردنەوەش کە لەلام نەڕسکاوە

من خراپەم لەگەڵ بەڕێزتان نەکردووە.

**میر فرێدریک:** هەموو ناپاکانیش هەروا دەڵێن:

ئەگەر پاکبوونەوەی ئەوان بە وشە بووایە،

ئەوان وەکو بەزەییی خوایی بەسەزمان دەبوون.

با ئەوەندەت بۆ بەس بێت کە من بڕوام پێت نییە.

**رۆزەليند:** هێشتاش بێ باوەڕیی تۆ ناتوانێت من بکاتە ناپاک.

پێم بڵێ پێکچوونەکە لە چیدایە.

**میر فرێدریک:** تۆ کیژی بابی خۆتی، ئەمە بەسە.

**رۆزەليند:** کاتێک بەڕێزتان میرایەتییەکەیتان زەوت کرد، ئەوساش هەروا بووم،

ئەو کاتەی بەڕێزتان ئەوتان شاربەدەر کرد، ئەوساش هەروا بووم.

ناپاکی شتێکی بۆماوەیی نییە، سەروەرم،

یان ئەگەر ئێمە ئەوە لە خزمەکانمانەوە وەربگرین،

ئەوە چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە؟ باوکم ناپاک نەبوو.

جا بۆیە، ئەی پشتیوانەکەم، هەڵەی بیرکردنەوە مەکە
که هەژاریم بکەیتە هۆی ناپاکیم.

**سیلیا:** ئەی گەوەرم، گوێت لە من بێت.

**میر فریدریک:** بەڵێ، سیلیا، ئێمە ئەومان لەبەرخاتری تۆ هێشتووەتەوە، ئەگینا لەگەڵ باوکی بەڕێمان دەکرد.

**سیلیا:** ئینجا ئەوسا من داوام لێت نەکردبوو ئەو بهێڵیتەوە،
تۆ وات کرد چونکە خۆت پێت خۆش بوو و ویژدانیشت ئازاری دەدایت.
من ئەوسا زۆر بچووک بووم تا نرخی ئەو بزانم،
بەڵام ئێستا من ئەو دەناسم. ئەگەر ئەو ناپاک بێت،
کەواتە منیش وام، ئێمە تا ئێستا هەر پێکەوە خەوتووین،
پێکەوە لە خەو هەڵساوین، فێربووین، یاریمان کردووە، خواردوومانە،
بۆ هەر کوێیەک چووبین، وەکو قازەکانی (جونۆ)[7]،
هێشتا هەر پێکەوە چووین و لێک دانەبڕاوین.

**میر فریدریک:** ئەو لە تۆ زۆرزانترە: نەرمی و
هێمنی و پشوودرێژیی ئەو
خەڵک دەدوێنێت و ئەوان بەزەییان پێیدا دێتەوە.
تۆ گێلیت: ئەو ناوی تۆی بۆ خۆی بردووە،

---

٧. لە ئەفسانەی ڕۆمانی کۆندا هاتووە کە (جونۆ) هاوسەری خواوەندی مەزن (جوپیتەر) بووە. بەڵام لێرەدا شێکسپیر هەڵەیەکی کردووە چونکە ئەوە (ڤینۆس)ی خواوەندی جوانی و ئەوین بوو کە گالیسکەکەی بە قاز ڕادەکێشرا نەک (جونۆ). (وەرگێڕ)

تۆ زێتر ڕووناکی و چاکەکاریت لێ دەردەکەوێت
کاتێک ئەو دەڕوات. جا دەمی خۆت دابخە:
بڕیارەکەی من نەگۆڕ و ڕەتنەکراوەیە
کە بۆ ئەوم دەرکردووە: ئەو شاربەدەر دەکرێت.
**سیلیا:** جا ئەی پشتیوانم، ئەو بڕیارە بۆ منیش دەربکە:
لەبەرئەوەی من بەبێ هاوڕییەتی ئەو ناتوانم بژیم.
**میر فرێدریک:** تۆ گێلیت. برازاکەم، تۆ خۆت ئامادە بکە،
ئەگەر دوای ئەو کاتە بمێنیتەوە، بەشەرەفم،
سوێند بە مەزنایەتیی وشەکانم، تۆ دەمریت.
(میر فرێدریک و دەستوپێوەندەکانی دەڕۆن)
**سیلیا:** ئای "ڕۆزەلیند"ی بەسەزمان، تۆ دەچیتە کوێ؟
ئەرێ باوکەکانمان بگۆڕینەوە؟ من هی خۆم دەدەمە تۆ.
من داوای بەڵێنت لێ دەکەم، کە لە من خەمبارتر نابیت.
**ڕۆزەلیند:** من هۆی زێترم هەن بۆ خەمباری.
**سیلیا:** ئامۆزاکەم، تۆ نیتە.
تکایە دڵخۆش بە: تۆ نازانیت کە میر
منی کیژی خۆیشی شاربەدەر کردووە؟
**ڕۆزەلیند:** بەدڵنیاییيەوە وای نەکردووە.
**سیلیا:** نا؟ وای نەکردووە؟ کەواتە "ڕۆزەلیند" ئەو خۆشەویستییەی نییە
کە فێری ئەوەی بکات کە خۆی و من یەک کەسین.
ئەرێ لێک دابڕێین؟ ئەرێ لێک جودا ببینەوە، کیژە جوانەکە؟
نەخێر، با باوکم میراتگرێکی تر بۆ خۆی دابنێت.

بۆیە وەرە نەخشەم لەگەڵ دابنێ چۆن بتوانین هەڵبێین،
بچینە کوێ، چی لەگەڵ خۆمان بەرین،
هەوڵیش مەدە گۆڕانی بارودۆخی خۆت تەنیا بۆ خۆت بێت،
تەنیا خۆت خەفەت بخۆیت، منیش دەربهاوێیت،
چونکە، سوێند بەو ئاسمانە، کە لەبەر خەمەکانمان رەنگ زەردە،
پێم بڵێ چی بکەین، من لەگەڵت دێم.

**رۆزەلیند:** بۆچ، بۆ کوێ بچین؟

**سیلیا:** لەناو دارستانی "ئاردن"دا بەدوای مامەمدا بگەڕێین.

**رۆزەلیند:** مخابن، چ مەترسییەک رووبەڕوومان دەبێتەوە،
ئێمەی کیژ بۆ گەشتێکی ئەوەندە دوور بچین!
جوانی لە زێڕ زووتر دز دێنێتە جووڵە و بزاڤ.

**سیلیا:** من خۆم جلی هەژارانە و خراپ دەکەمە بەر
بەجۆرە تەنیمۆکێک روخسارم دزێو دەکەم،
تۆش هەمان شت دەکەیت، ئینجا بەڕێ دەکەوین،
هەرگیزیش وا ناکەین هێرشبەران بکەونە جموجۆڵ.

**رۆزەلیند:** چاکتر نییە،
لەبەرئەوەی من بەژنم لە ئاسایی درێژترە،
ئەوەم لێ بێت کە خۆم بکەمە پیاو؟
شمشێرێکی پانی جوانیش بە لاڕانمەوە بێت،
رمێکی بەرازکوژیش لەدەستم بێت، و – لەناو دڵیشما
ترسێکی ژنانە خۆی مەڵاس دابێت –

ئێمە روخسارێکی فیزاوی شەڕکەرانەمان هەبێت
وەکو ترسنۆکە پیاوانییەکان هەیانە
کە لە روخسارەکانیان دەوەشێتەوە.
**سیلیا:** بەچی بانگت بکەم کە تۆ بوویت بە پیاو؟
**رۆزەلیند:** من ناوێکی خراپترم نابێت لە نۆکەرەکەی "جۆڤ"،
جا بۆیە وریا بە و بە "گانیمێد" بانگم بکە.
بەڵام ناوی تۆ چی دەبێت؟
**سیلیا:** شتێک دەبێت کە پێوەندی بە رەوشی منەوە هەیە:
چیی تر "سیلیا" نیم، بەڵکو "ئەلینا"م[٨].
**رۆزەلیند:** بەڵام، ئامۆزا، چی دەبێت ئەگەر ئێمە
ئەو گاڵتەجارە گەوجەمان لە دەرباری باوکم دزییەوە؟
ئەرێ ئەو لەو گەشتەماندا نابێتە مایەی دڵخۆشیمان؟
**سیلیا:** بۆ هەر جێگەیەکی دنیا من بمەوێت ئەو دێت،
بەتەنیا جێم بهێڵە تا رازی بکەم،
خشڵ و سامانەکانیشمان لەگەڵ خۆمان دەبەین،
تۆ باشترین کات و سەلامەتترین رێگە بدۆزەوە
کە دەربازمان بکات لە چنگی ئەوانەی دوای هەڵهاتنی من
بەدوامان دەکەون. ئێستا ئێمە بە رازیبوونەوە دەکەوینە
رێ بەرەو ئازادی، نەک شاربەدەرکردن لەوێ.
(دەڕۆن)

---

٨. (سیلیا) بۆیە ناوی خۆی دەکاتە(ئەلینا) چونکە (ئەلینا) واتە نامۆ. (سیلیا)ش لەبەر رەفتاری باوکی هەست بە نامۆیی دەکات. (وەرگێڕ)

## پەردەی دووەم

دیمەنی یەکەم: دارستانی ئاردن

(مــــیـــری گـــەورە، ئامـــیـــەنز و دوو یان سێ خـــانەدان کـــە جلی دارستاننشینانیان لەبەرە دێنە ژوورەوە)

**میری گەورە:** ئێستا برادەر و برایانی تاراوگەییم،

ئاخۆ نەریتی کۆنینەمان وای نەکردووە ئەم ژیانەمان

زۆر لە رواڵەتبازی ناو دەربار خۆشتر بێت؟ ئەرێ ئەم دارستانە

بێ مەترسیتر نییە لەناو دەرباری پڕ حەسوودی؟

ئێمە لێرە تەنیا هەست بەسزای حەزرەتی ئادەم دەکەین،

جیاوازیی وەرزەکان، کاتێک کەڵبەی سەرما و

سەرزەنشتی تووڕەوتوندی سرەبای زستان،

کە جەستەم دەگەزێت و بەسەریدا هەڵدەکات،

تەنانەت تا لە سـەرمـان کـورژ دەبمەوە، ئەوسا بزە دەمگرێ و دەڵێم

"ئەمـــەیان مـاســـتـــاوکـردن نـیـــە، بەڕاســـتی ئەوانە ئەو ئامۆژگاریکەرانەن

کە بەهەستەوە باوەڕم پێ دەهێنن کە من چیم."

وای بەدبەختی و ئەنجامەکانی خۆشە

کە بەجۆری بۆقیلکە پیسەی ژەهراوی

گەوهەرێکی لەناو کەللەسەریدا هەڵگرتووە،
ئەم ژیانەی ئێمەش کە لە راکەڕاکەی گشتی ئازادە،
زمان لە درەخت دەدۆزێتەوە، کتێب لە جۆگەلەی سەرکردوو،
پەند و ئامۆژگاری لە تاشەبەردان، چاکەش لە هەموو شتێک.
من حەز لە گۆڕانی ناکەم.
**ئامیەنز:** بەڕێزتان بەختەوەرن
کە دەتوانن سەختیی چارەنووس بگۆڕن
بۆ شێوازێکی وا هێمن و خۆش.
**میری گەورە:** وەرن، ئەرێ بچین بۆ خۆمان ئاسک بکوژین؟
کەچی قەڵسیشم بەوەی کە ئەم گیانەوەرە بەسەزمانە بێ مێشکانە،
کە دانیشتووانی رەسەنی ئەم شارە چۆلکراوەن،
لە چوارچێوەی سنووری خۆیاندا، بە تیری نووک خوار
سمتە خڕەکانیان شەلاڵی خوێن بکرێت.
**خانەدانی یەکەم:** گەورەم، ئەوە راستە،
(جاکەس)ی خەمناک خەفەت لەوە دەخوات،
بۆیەش سوێند دەخوات کە تۆ پتر لەو برایەت
کە تۆی وا شاربەدەر کردووە زۆردارتریت.
ئەمڕۆ "ئامیانز"ی خانەدان و من
بەدزی بەدوای ئەودا چووین کاتێک ئەو خۆی لەژێر
داربەڕوویێک درێژ کرد کە رەگە پیرەکانی بەسەر ئەو چۆمەی
کە بەناو ئەم دارستانەدا هاش و هوشیەتی بڵاو بووبوونەوە،

لەو جێگەیەی کە شوورێکی لەگەلە دابڕاو،
کە لە راوچییەکەوە ئازارێکی بەرکەوتبوو،
هاتبووە ئەوێ بەنەرمی بمرێت، بەڕاستیش، گەورەم،
ئەو گیانەوەرە کڵۆڵە وا بەتێن دەینالاند
کە کەوڵە چەرمینەکەی لەگەڵ ئەم ناڵینەی
وەخت بوو بتەقێت، فرمێسکە گەورە خڕەکانیش
یەک بەدوای یەک بە لالووتە بەسەزمانەکەیەوە
دڵتەزێنانە رێچکەیان بەستبوو، جا بەم جۆرە گیانەوەرە بێ مێشکەکە،
زۆر بەوردی لەلایەن "جاکەس"ی خەمناکەوە سەرنجی لێ دەدرا،
کاتێک لەسەر قەراغی چۆمە تیژڕەوەکە وەستابوو،
بەفرمێسکەکانی ئاوی چۆمەکەی پتر دەکرد.

**میری گەورە:** بەلام "جاکەس" چی دەگوت؟
ئاخۆ ئەو پەند و وانەی لەو دیمەنە وەرنەدەگرت؟

**خانەدانی یەکەم:** ئۆه، بەڵێ، هەزاران پەند و وانە.
یەکەمیان، لەبەر رشتنی فرمێسکەکانی بۆ ناو چۆمە ناپێویستەکە:
ئەو دەیگوت، "ئەی ئاسکی بەسەزمان، تۆ نموونەیەکی شیاوی
ئادەمیزانی، کە تۆ برێکی زۆرتر شت بەوانە دەدەیت
کە شتیان لە خۆیان زیاترە". ئینجا، کە لەوێ بەتەنیایت،
جێهێڵراو و وازلێهێنراویت لەلایەن هاوڕێ تووک نەرمەکانتەوە:
ئەو دەیگوت، "ئەوە راستە کە بەدبەختی وا دەکات

هاورێ لێت بتەکنەوە": دەستبەجێ ڕەوەیەکی بێباک
کە تێر لەوەڕ بوون، بەلای ئەودا هەڵدەبەزینەوە و
هەر نەشدەمانەوە بۆ سلاولێکردنی: (جاکەس) دەیگوت:
"بڕۆن، ئەی مامزە قەڵەو و چەورەکان،
دنیا هەروایە، بۆچی ئێوە تەماشای ئەو
بەدبەختە بەسەزمانە نابووتەی ئەوێ بکەن؟"
ئەو یەگجار بەسەختی خەڵکانی گوند، شار، دەربار
دەداتە بەر نەشتەری رەخنەکانی و
تەنانەت ئەم ژیانەی ئێمەش ناپارێزێت: سوێند دەخوات کە ئێمەی
داگیرکەر، زۆردار و بگرە لەوەش خراپترین،
لەبەرئەوەی گیانەوەران لە شوێنی نیشتەجێی راستەقینە و
تەرخانکراوی خۆیاندا زراوبردوو دەکەین و دەیانکوژین.

**میری گەورە:** جا تۆش لەو رەوشەی وردبوونەوەدا ئەوت بەجێ هێشت؟

**خانەدانی دووەم:** بەڵێ، گەورەم وامان کرد، لە کاتێکدا ئەو خەریکی گریان و پلارهاویشتن بوو لەسەر ئاسکە هەنسکدەرەکەدا.

**میری گەورە:** شوێنەکەم نیشان بدەن.
من پێم خۆشە لەو رەوشانەدا لەگەڵ ئەودابم،
لەبەرئەوەی لەو کاتانەدا زۆر شتی پێیە.

**خانەدانی یەکەم:** من یەکسەر تۆ دەبەمە لای ئەو.

(دەڕۆن)

دیمەنی دووەم

## ناو کۆشک

(میرفرێدریک و دەستوپێوەندەکانی دێنە ژوورەوە)

**میر فرێدریک:** ئاخۆ دەشێت کەس ئەوانی نەدیبێت؟
نابێت وابێ، هەندێک نامەردی ناو دەرباری من
لەم راکردنەدا لەگەڵیان رێک کەوتوون.

**خانەدانی یەکەم:** من لە هیچ کەسێکم نەبیستووە ئەوی دیبێت.
خانمەکان، ئەوانەی لە ژوورەکەیدا یاوەری ئەو بوون،
ئەویان بینیبوو کە چووبووە ناو نوێنەوە، کەچی بەیانی زوو
نوێنەکە گەنجینەی خانمەکەی تێدا نەمابوو.

**خانەدانی دووەم:** سەروەرم، گاڵتەجارە رەقەڵەکەش، کە زۆرجار بەڕێزتان
پێی پێ دەکەنین، ئەویش هەر دیار نییە.
"هیسپێریا"ی نۆکەری شازادە
دانی بەوەدا ناوە کە بەدزییەوە گوێی لەوە بووە
کیژەکەت و ئامۆزاکەی زۆریان
بە لەش و لار و توانای هزری ئەو زۆرانبازەدا هەڵداوە
کە بەم دواییانە "چارڵس"ی بەهێزی بەزاند،
جا ئەو باوەڕی وایە، ئەوان چووبن بۆ کوێ،
بەدڵنیاییەوە ئەو گەنجەیان لەگەڵدایە.

**میر فرێدریک:** بەدوای براکەیدا بنێرن، ئەو گەنجە جوانە بێننە ئێرە،
ئەگەر لەوێ نەبوو، براکەی بۆ لای من بهێنن،

من وای لێ دەکەم بیدۆزێتەوە. ئەمە بەدەستوبردی بکەن
لێ مەگەڕێن گەڕان و سۆراغ خاو ببنەوە
بۆ گەڕاندنەوەی ئەو هەڵاتووانە.
(دەڕۆن)

دیمەنی سێیەم:

**دەرەوەیماڵی ئۆلیڤەر**

(ئۆرلاندۆ و ئادەم دێنە ژوورەوە. یەکتر دەبینن)

**ئۆرلاندۆ:** ئەوە کێ لێرەیە؟

**ئادەم:** چی، خودانە گەنجەکەمە؟ ئۆه، ئەی خودانی جوامێرم!
ئۆه، ئەی خودانی شیرینم! ئۆه، تۆ ئەی یادگاری
"سێر راوڵەند"! بۆچی، چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟
بۆچی تۆ هێندە رەفتارچاکیت؟ خەڵک بۆچی تۆیان خۆش دەوێت؟
لەبەرچی تۆ جوامێر و بەهێز و ئازایت؟
بۆچی تۆ هێندە گەوجیت
کە زۆرانبازە خەڵات وەرگرەکەی میر دەبەزێنیت؟
ستایشی تۆ زۆر خێراتر لە خۆت هاتووەتەوە ماڵ.
ئەی خودانم، ئەدی تۆ نازانیت ئاکارچاکی
هەندێک کەس دەبنە دوژمن بۆیان؟
ئەمەش بۆ تۆ بەتەواوی راستە. ئاکارچاکیی تۆ، خودانی جوامێرم،
خایەنە پیرۆزکراو و پاک نیشاندراوەکەی تۆن.

ئۆی، ئەمە چ دنیایەکە کە ئاکاری چاک و خاس
دەبنە هۆی ژاراوییبوونی خاوەنەکەی!
**ئۆرلاندۆ:** بۆچی، مەسەلە چییە؟
**ئادەم:** ئۆه، ئەی گەنجی ناشاد،
پێ نەخەیتە ناو ئەو دەرگەیەوە، لەژێر ئەم ساپیتەیەدا
دوژمنی هەموو چاکەکانت دەژیت.
براکەت نا، نا براکەت نا، کەچی کوڕی نا،
کوڕی نا، من پێی ناڵێم کوڕ
من خەریک بوو ناوی باوکی بهێنم
ستایش و پیاهەڵدانی تۆی بیستبووەوە، ئەمشەو دەیەوێت
ئەو کونجەی تۆ لێی پاڵ دەکەویت
بە تۆشەوە بیسووتێنێت. ئەگەر لەوە سەرنەکەوت،
ئەو ڕێگەی تری هەیە بۆ لەناوبردنی تۆ.
من بەدزی گوێم لە قسە و پیلانەکانی بووە،
ئێرە جێگەی تۆ نییە، ئەم ماڵە تەنیا کوشتارگەیە،
ڕقت لێی ببێتەوە، لێی بترسە و مەچۆرە ناویەوە!
**ئۆرلاندۆ:** بۆچی، "ئادەم" دەتەوێت من بچمە کوێ؟
**ئادەم:** گرینگ نییە دەچیتە کوێ، تەنیا مەیە ئێرەوە.
**ئۆرلاندۆ:** چی، حەز دەکەیت بڕۆم و بە دەرۆزە نان پەیدا بکەم؟
یان بە شمشێرێکی کەچە و فیشالاوی
بەزەبری چەک ژیانێکی چەتانە لەسەر ڕێگە گشتییەکان
بگوزەرێنم؟

دەبێت ئەمە بکەم، یان نازانم چیی تر بکەم،
کەچی هێشتاش وا ناکەم، هەرچییەکی تر بکەم وا ناکەم.
پێم باشترە بکەومە بەر کینە و رقی
خوێنخۆرێکی برایەکی خوێنینەوە.

**ئادەم:** بەڵام وا مەکە. من پێنجسەت لیرەم هەیە،
کە بەئابڕۆرەوە لەو مووچەیەی باوکت پێی دەدام کۆم کردبووەوە،
من پاشەکەوتم کردبوو تاوەکو ببنە پاڵپشتم
کاتێک خزمەتکاری لە پەلوپۆیەکانم بەرەو لەنگی دەچن،
ئەو کاتەی پیرانی پشتگوێخراو لە گۆشەیەکەوە فڕێ دەدرێن.
ئەوە بۆ خـۆت ببـە و ئەو پەروەردگـارەی کـە قـەل تێـر خـواردن دەکات
بەڵێ، چاوی لە چۆلەکەش دەبێت،
ئەو ئاگای لە منیش دەبێت. ئەوەتە زێڕەکە:
من هەمووی دەدەم بە تۆ. لێگەڕێ خزمەتکارت بم:
ئەگەرچی پیریش دیارم، کەچی بە گوڕ و تین و چالاکم،
لەبەرئەوەی کاتێک گەنج بووم هەرگیزاوهەرگیز
مەی بەجۆش و یاخیکەرم نەخستووەتە ناو خوێنمەوە،
هەرگیزیش مۆرکی شەرمەزاری لەسەر تەوێڵم نەبووە
بە کردنی کاری کەم و بێهێزکەر.
بۆیە تەمەنی پیری من وەکو زستانێکی چالاکە،
شەختاوییە، بەڵام خۆش و سروشتییە.
لێم گەڕێ با لەگەڵت بێم، من بۆ هەر کار و پێویستییەکت،

وەک گەنجێک خزمەتی تۆ دەکەم.

**ئۆرلاندۆ:** ئۆه، ئەی پیاوی پیری چاک، خزمەتی دڵسۆزانەی
دنیای جاران، چەند بەچاکی خۆی دەنوێنێت،
ئەوسا خزمەتکردنەکە لەبەر ئەرک بوو نەک کرێ!
تۆ لەسەر باوی ئەم رۆژگارە نارۆیت،
کە هیچ کەس ئارەقە نارێژێت مەگەر بۆ بەرژەوەندی نەبێت،
جا کە بوونە خاوەنی ئەوەش، تەنانەت دوای هەبوونی هەموو شتێکیش،
ئەوان خزمەتەکەیان رادەگرن، لەگەڵ تۆ مەسەلەکە وا نییە.
بەڵام ئەی پیری بەسەزمان، تۆ درەختێکی رزیوو هەڵدەپاچیت
کە ناتوانێت ئەوەندە بەر بگرێت
بارتەقای ئەو هەموو رەنج و ماڵداریکردنەت.
بەڵام وەرە لەگەڵم، ئێمە پێکەوە دەرۆین،
جا بەرلەوەی پارەی سەردەمی گەنجیت خەرج بکەین،
بەسەر شوێنێک دەنیشینەوە و بەژیانێکی ئاسایی خۆمان قایل دەکەین.

**ئادەم:** گەورەم، برۆ، من تا دوا هەناسە
بەراستی و دڵسۆزی، دوای تۆ دەکەوم.
لە حەڤدەساڵییەوە تا ئێستا کە بووەتە چوار بیستی[٩] تەمەنم
لێرەدا ژیاوم، بەڵام ئێستا چیی تر نامێنێت لێرە نشیمەنم.
لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا زۆر کەس بەدوای بەختی خۆیدا

٩. لەسەردەمی شێکسپیردا تەمەن بەمجۆرە دەژمێردرا. (وەرگێڕ)

دەگەڕێت،
بەڵام لە تەمەنی چوار بیستیدا زۆر درەنگە و گرانە بۆی هەڵسوڕێت،
بەڵام بەخت ناتوانێت لەوە باشتر قەرەبووم بکاتەوە
کە بەباشی بمرم و قەرزی خودانی خۆمم داوەتەوە.
(دەڕوات)

## دیمەنی چوارەم

## دارستانی ئاردن

(ڕۆزەلیند وەکو گانیمێد و سیلیاش وەکو ئەلینا خۆیان گۆڕیووە لەگەڵ تەکیستۆن دێنە ژوورەوە.)

**ڕۆزەلیند**: ئەی "جوپیتەر"،[10] روحم چەندە ماندووە!

**تەکیستۆن**: من گوێ نادەمە روحم، ئەگەر لاقەکانم ماندوو نەبن.

**ڕۆزەلیند**: من دەتوانم لەناو دڵمدا وا بکەم ئابڕووی جلی پیاوانەییم ببەم و وەکو ژنان دەست بکەمە گریان، بەڵام دەبێت من دڵنەواییی دەفرە ناسکەکە[11] بدەمەوە وەک چۆن پێویستە کورتەک و نیو شەرواڵ خۆی لە کراس لەبەر ئازایانەتر دەربخات: بۆیە، ئازا بە، ئەی "ئەلینا"ی چاک.

**سیلیا**: تکاتان لێ دەکەم، لەگەڵ من پشوودرێژ بن، من ناتوانم چیی تر بڕۆم.

---

١٠. لە میتۆلۆژیای رۆمانیدا (جوپیتەر) شای هەموو خواوەندەکانە. (وەرگێڕ)
١١. لەسەردەمی شێکسپیردا بە ژنیان دەگووت "دەفری ناسک". (وەرگێڕ)

**تەکیستۆن:** من لەلایەنی خۆمەوە، پێم باشترە لەگەڵت بگونجێم نەک
هەڵت گرم: کەچی من هیچ پوولێک وەرناگرم ئەگەر تۆ هەڵبگرم،
لەبەرئەوەی وا بزانم تۆ هیچ پارەیەکت لەناو جزداندا نییە.

**رۆزەلیند:** دەباشە، ئەوە دارستانی "ئاردن"ە.

**تەکیستۆن:** باشە، کە من وا لە "ئاردن" دام، لە جاران گێل و
دەبەنگتریشم، کە لە ماڵەوە بووم، من لە شوێنێکی باشتر بووم،
بەڵام رێبوار دەبێ رازی بن. (کۆرین و سیلڤیەس دێنە ژوورەوە)

**رۆزەلیند:** ئا، وابە، تەکیستۆنی چاک. بڕوانە، کێ هاتە ئێرە،
پیاوێکی گەنج و یەکێکی پیر کە بەسەنگینی دەدوێت.
(بەرەوپاش دەکشێنەوە)

**کۆرین:** ئەمە ئەو هۆیەیە کە وای لێ دەکات هێشتا بەسووکت بزانێت.

**سیلڤیەس:** ئۆه، کۆرین، بریا دەتزانی من ئەوم چۆن خۆش دەوێت!

**کۆرین:** من کەمێکی دەزانم، چونکە پێش ئێستا ئەوم خۆش دەویست.

**سیلڤیەس:** نەخێر، کۆرین، لەبەرئەوەی تۆ پیریت، ناتوانیت بیزانیت،
ئەگەرچی کاتی گەنجێتیت تۆ عاشقێکی وا راستگۆ بوویت
کە نیوەشەوان بەسەر سەرینەکەتدا فرمێسکت دەباراند.
بەڵام ئەگەر خۆشەویستیی تۆ وەکو هی من بووایە–
کە دڵنیاشم کە هیچ کەسێک وەکو من عاشق نەبووە–
چەند کاری گەوجانە و بێمانات ئەنجام داوە
لەژێر کاریگەریی ئەو هەوەس و خەیاڵانەتدا؟

**کۆرین:** من دەبێت هەزار کاری واشم کردبێت کە لە بیرم نەماون.

**سیلڤیەس:** ئۆی، کەواتە تۆ هەرگیز بەدڵ عاشقێنیت نەکردووە!

ئەگەر تۆ تەنانەت یەک کاری بچووکی گەوجانەت بیر نەمابێت
کە خۆشەویستی وای لێ کردبوویت بیکەیت،
کەواتە تۆ خۆشەویستیت نەکردووە.
یان ئەگەر تۆ وەکو من دانەنیشتبیت کە ئێستا وا دەکەم،
گوێگرەکانت بە پیاهەڵدان بە خانمەکەت بێزار نەکردبێت،
کەواتە تۆ خۆشەویستیت نەکردووە.
یان ئەگەر تۆ کتوپڕ خۆت لە برادەرانت دانەبڕیبێت،
وەک سۆزی من ئێستا وام پێ دەکات،
کەواتە تۆ خۆشەویستیت نەکردووە.
ئای فێبە، فێبە، فێبە!
(دەڕوات)

**ڕۆزەلیند:** مخابن، ئەی شوانەی بەسەزمان! بەهەڵدانەوەی برینەکانت، من بە ڕێکەوتێکی دژوارەوە برینەکانی خۆمم دۆزینەوە.

**تەکیستۆن:** منیش هی خۆم. بەبیرم دێت، کاتێک عاشق بووم، من شمشێرەکەمم لەسەر بەردێک شکاند و پێشم گوت کە ئەوە بە سزادان بزانێت، لەبەرئەوەی بە شەو هاتبووە لای "جێن سمایل"، هەروا بەبیرم دێت کە جلکووتەکەی ئەوم ماچ کرد، هەروا گوانی ئەو مانگایانەی کە دەستە جوانە ڕەقهەڵاتوو و شەق شەقەکانی دۆشیبوونی ماچ کرد، هەروا لە بیرمە کە حەزحەزۆکێم لەگەڵ قەپێلکی پۆڵکە لە جیاتی ئەو دەکرد، کە دوو دانە پۆڵکەم لێی وەرگرتبوو و پاشتریش وێم دایەوە و بەچاوی پڕفرمێسک و گریانەوە پێم گوت:" لە بۆ خاتری من ئەوانە بکە بەر خۆت." ئێمە کە عاشقی ڕاستەقینەین کەڵکەڵەی سەیرمان

لێ روو دەدات، بەڵام وەک هەموو شتێکی سروشت تەمەنکورتە، ئاوەهاش گەوجێتی سەرەڕۆیانە لە خۆشەویستیی مرۆڤاندا تەمەنکورتە.

**رۆزەلیند:** تۆ زۆر ژیرانەتر لەوە دەدوێیت کە خۆت پێی بزانیت.

**تەکیستۆن:** نەخێر، من هەرگیز ئاگام لە ژیرایەتیی خۆم نابێت تاوەکو من لوولاقی خۆمی پێ نەشکێنم.

**رۆزەلیند:** ئەی جۆڤ، جۆڤ![12] سۆز و ئەوینی ئەم شوانە زۆر لە هیی من دەچێت.

**تەکیستۆن:** لە هیی منیش، بەڵام لەلای من وا خەریکە کۆن دەبێت.

**سیلیا:** تکاتان لێ دەکەم، یەکێکتان لەو پیاوەی ئەوێندەرێ بپرسێت ئەگەر بە پارەی زێڕ هەندێک خواردنمان پێ بدات:

وا خەریکە دەبوورێمەوە و دەمرم.

**تەکیستۆن:** (بۆ کۆرین) هۆی، مام قەلاچ!

**رۆزەلیند:** لەسەرخۆ، گەوجە! ئەو لە بابەتی تۆ نییە.

**کۆرین:** کێیە بانگ دەکات؟

**تەکیستۆن:** بەڕێزم، کەسانی لە خۆت چاکتر.

**کۆرین:** ئەگەر وانەبن کەسانی کلۆڵن.

**رۆزەلیند:** (بۆ تەکیستۆن) دەڵێم، هێمن بە! (بۆ کۆرین) هاوڕێ، ئێوارە باش.

**کۆرین:** لە تۆش، گەورەی خانەدان، لە ئێوەش هەمووتان.

**رۆزەلیند:** تکات لێ دەکەم، کاکەی شوان، ئەگەر خۆشەویستی یان

١٢. جۆڤ واتە (جوپیتەر)ی خواوەندی مەزن لە ئەفسانەی رۆمانیدا. (وەرگێڕ)

پارەی زێڕ
بتوانێت لەم شوێنە چۆلەوانییەدا خۆشیمان بۆ دەستەبەر بکات،
بمانگەیەنە شوێنێک کە بتوانین بحەسێینەوە و خۆمان تێر بکەین.
ئەوەتا خانمێکی گەنج کە ڕۆیشتن زۆری ڕەتاندووە،
وا خەریکە بۆ فریاگوزاری دەبووڕێتەوە.

**کۆرین:** گەورەی نازدارم، من بەزەییم پێیدا دێتەوە،
حەزم دەکرد، پتر لەبەرخاتری ئەو نەک هی خۆم،
کە سەروسامانم زێتر بووایە بۆ بەهاناهاتنی ئەو،
بەڵام من شوانی خەڵکی ترم،
ئەو مەڕەی دەیلەوەڕێنم بەرهەمەکەی بۆ خۆم نییە،
خودانەکەم پیاوێکی چاوچنۆک و چڵێسە،
کەمیش گوێ بەوە دەدات ڕێگەی ئاسمان
بە خزمەتکردن و میوانپەروەری بدۆزێتەوە.
لە پاڵ ئەوەشدا، کونجەکەی، مێگەلەکەی، لەوەڕگای پاوانەکەی
خراونەتە هەڕاجەوە، ئێستا ئەو لە هەوێزی مەڕەکانی ئێمەیە،
چونکە ئەو لێرە نییە، هیچ شتێک لەم ناوە نییە
خۆتانی پێ تێر بکەن، بەڵام، هەرچی هەبێت، وەرن بزانین
من چیم بۆتان پێ دەکرێت و زۆریش بەخێربێن.

**ڕۆزەلیند:** ئەوە کێیە کە مێگەل و لەوەڕگاکەی دەکڕێتەوە؟

**کۆرین:** ئەو گەنجە دەشتەکییە عاشقەی کە دەمێک پێشتر لێرە بینیتان،

که زۆر کەم گوێ بەوە دەدات هیچ شتێک بکڕێت.
**رۆزەلیند:** تکات لێ دەکەم، ئەگەر بەشتێکی ڕاستی دەزانیت،
کونج و لەوەڕگا و مێگەلەکە بکڕەوە،
تۆ پارەکە لە ئێمە وەرگرە و پێی بدە.
**سیلیا:** ئێمە شوانانەکەی تۆ باشتر دەکەین. من حەزم لەم شوێنەیە
پڕبەدڵ پێم خۆشە کاتی خۆم لێرەدا بەسەرببەم.
**کۆرین:** بەدڵنیاییەوە شتەکە دەفرۆشرێت.
لەگەڵم وەرە، ئەگەر دوای وەرگرتنی زانیاری
لەبارەی خاکەکە، سوودەکەی و ئەم جۆرە ژیانە،
حەزت کرد، من دەبم بە خزمەتکاری زۆر دڵسۆزی تۆ
دەستبەجێ بە پارەی زێڕ دەیکڕم بۆ تۆ.
(دەڕۆن)

دیمەنی پێنجەم

**ناو دارستان**

(ئامیەنز و جاکەس و خەڵکانی تر دێنە ژوورەوە.)
**ئامیەنز** (گۆرانی دەڵێت): لەژێر درەختی سەوزی دارستان
کێ حەز دەکات پاڵکەوی لەگەڵمان،
ئاوازی خۆشی خۆی وا لێ بکات
لە گەرووی باڵندەی دەنگخۆش سەربکات،
وەرنە ئێرە، وەرنە ئێرە، وەرنە ئێرە:
ئەوەی کە بێتە ئێرە هیچ دوژمن نابینێت لێرە

جگە لە زستان و کەشوبای سەخت لێرە.

**جاکەس:** زێتر بێژە، تکایە، زێتر بێژە.

**ئامیەنز:** "جاکەس"ی بەڕێز، من تۆ خەمبار دەکەم.

**جاکەس:** من سوپاسمەند دەبم، تکایە، زێتر و زێتر بێژە. من خەم لە گۆرانی هەڵدەمژم وەک چۆن مشکی راسوو هێلکە هەڵدەمژێت. تکایە، زێتر و زێتر بێژە.

**ئامیەنز:** دەنگم گرە. من دەزانم ناتوانم دڵخۆشت بکەم.

**جاکەس:** من ئارەزوو ناکەم دڵم خۆش بکەیت: من حەز دەکەم تۆ گۆرانی بڵێیت. وەرە، دەی زێتر بێژە: بڕگەیەکی تر. ئەرێ تۆ پێیان دەڵێیت بڕگە؟

**ئامیەنز:** "جاکەس"ی بەڕێز، با بە حەزی تۆ بێت.

**جاکەس:** نەخێر، من گوێ بە ناوەکانیان نادەم: ئەوان هیچی منیان لا نییە. ئەرێ گۆرانی دەڵێیت؟

**ئامیەنز:** پتر لەسەر داواکاریی تۆیە نەک حەزی من.

**جاکەس:** جا باشە، ئەگەر هیچ جارێک من سوپاسی کەسێکم کردبێت، سوپاسی تۆ دەکەم. بەڵام ئەوەی پێی دەڵێن "پیاهەڵدان" وەکو یەکتربینینی دوو مەیموونی دەموچاو سەگانییە، جا کە کەسێک لە دڵەوە سوپاسم دەکات، من وا دەزانم کە عانەیەکم داوەتێ، ئەویش سوپاسێکی دەرۆزەکەرانم پێ دەبەخشێت. وەرە گۆرانی بڵێ: ئەوانەیش کە گۆرانی ناڵێن، تکایە بێدەنگ بن.

**ئامیەنز:** باشە، من کۆتایی بە گۆرانییەکەم دەهێنم. گەورەکانم، سەرپۆش لەسەر مێزەکە دابنێن کاتێک من گۆرانی دەڵێم: میر

لەژێر ئەو درەختـەدا دەخـواتـەوە. (بۆ جـاکـەس) ئەو بـەدرێژاییی ئەمرۆ بەدوای تۆدا دەگەڕا.

**جاکـەس:** منیش بـەدرێژاییی ئەورۆ خـۆم لەو بە دوور دەگـرت. ئەو زۆر حـەز لـە مـشـتـومڕ لەگەڵ مـن دەکـات: من وەکو ئەو بـیـر لە زۆر مەسـەلە دەکەمـەوە، بەڵام من سـوپاسـی خوا دەکەم کە من وەکو ئەو لافیان پێوە لێ نادەم. وەرە، بچریکێنە، دەی.

**هەموویان:** (پێکەوە دەچریکێنن):

ئەوەی چڵێسی دەنێت بەلادا
حەزیشی چووەتە ژیانی بەرهەڵدا،
بەدوای خۆراکی خۆیدا وێڵە و پەرێشان،
دڵخۆشیشە بەوەی بۆی دێتە بەردەستان،
وەرنە ئێرە، وەرنە ئێرە، وەرنە ئێرە.
ئەوەی کە بێتە ئێرە
هیچ دوژمن نابینێت لێرە
جگە لە زستان و کەشوبای سەخت لێرە.

**جاکەس:** من بەپێچەوانەی خـواستی ئەندێشە و داهێنانم هۆنراوەیەکت بۆ ئەو ئاوازەت پێ دەدەم کە دوێنی دامناوە.

**ئامیەنز:** منیش بە گۆرانی دەیڵێم.

**جاکەس:** هۆنراوەکە ئاوایە:

ئەگەر ئەوە هاتە روودان
مرۆڤێک بووە کەرێکی گوێپان،
دەستبەردار بوو بۆ خۆشی و ئەو هەموو سامانە
تەنیا بۆ رازیکردنی حەزێکی سەرسەختانە،

حللوور بللوور، حللوور بللوور، حللوور بللوور،
ئەو لێرە کەسانێ دەبینێتەوە
گێلی گەورە وەکو خۆی دەدۆزێتەوە،
ئەگەر ئەو بۆ لای من شۆڕ بێتەوە.

**ئامیەنز:** ئەو " حللوور بللوور" ە چییە؟

**جاکەس:** ئەوە وشەیەکی ئەفسووناوی گریکییە بۆ ئەوەی گێلەکان بێنە ناو جەغزەکەوە. من دەچم دەخەوم ئەگەر بتوانم: ئەگەریش نەتوانم ئەوا گاڵتە بە هەموو کوڕە نۆبەرەکانی وڵاتی میسر دەکەم.[١٣]

**ئامیەنز:** منیش دەچم بەدوای میردا بگەڕێم: خوانەکەی وا ئامادەیە.
(بە ئاراستەی جیادا دەچنە دەرەوە)

دیمەنی شەشەم:

**ناو دارستان**

(ئۆرلاندۆ دێتە ژوورەوە، یارمەتیی ئادەم دەدات.)

**ئادەم:** گەورەی خۆشەویستم، من ناتوانم چیی تر بڕۆم. ئۆه، من وا بۆ خواردن دەمرم. من لێرە ڕادەکشێم و گۆڕی خۆم دەپێوم. خواحافیز، ئەی خودانی دڵنەرمم.

**ئۆرلاندۆ:** بۆچی، چی رووی داوە، ئادەم؟ ئاخــــــۆ تۆ هیچ ورە و ئازایەتییەکی ترت پێ نەماوە؟ کەمێک زیاتر بژی، کەمێک

١٣. ئەم قسەیە ئاماژەکردنە بە کتێبی پیرۆزی "ئینجیل" کە لە بەشی "کۆچڕەو"دا وا هاتووە کە خودا کوڕە نۆبەرەی هەموو بنەماڵەیەکی میسری لەناوبرد بە هی فەرمانڕەوایەکەشیانەوە. (وەرگێر).

ئاسـوودە بە، کـەمـێک زێتـر خـۆت دڵخـۆش بکە. ئەگـەر ئەم دارسـتانـە دژوارە هەر شـتێکی کێـوی تیـابێت، یان من دەبمە خـۆراکی ئەو یان ئـەو دەهێنم و دەیکەمـە خـۆراک بۆ تۆ. تـۆ بە ئەندێشـەوە زێتـر لـە مـەرگ نێـزیکیت نـەک بە نەمـانی هێـز و توانات. بـۆ خـاتری من ئاسـوودە بە و کـەمـێک مـەرگ لە خـۆت دوور راگرە. من هـەر ئێستـا دێمەوە لات و ئەگەر من شتێکم بۆ نەهێنایت بیخـۆیت، من رێگەت پێ دەدەم بۆ خـۆت بمریت: بەڵام ئـەگـەر تۆ بمـریت پێش گـەڕانەوەی مـن، تـۆ من دەکـەیتـە گـاڵتـەجـاڕی هەوڵەکانم. ئەی ئافـەرین! تۆ کـەیفـخـۆش دیاریت و من هەر زوو دێمـەوە لای تۆ. کـەچی تۆ لـەبەر هەوایەکی سـارد راکـشـاویت: وەرە، مـن تۆ دەبـەمـە پـەنایـەک و ئـەگـەر هیـچ گـیـانلەبـەرێک لەم جـێگە چۆلەوانیـیـەدا هەبێت، تۆش لـەبەر نەبوونی ژەمە خـواردنێکی ئێواران گیان ناسپێریت. کەیفـخـۆش بە، ئادەمی چاک!

(دەڕوات)

دیمەنی حەوتەم:

**ناو دارستان**

(مـێـزێک دانـراوە بۆ ژەمــە خــواردنێک. مـیـری گـەورە، ئامـیـەنز و گەورەپیاوان کە خۆیان وەکو یاخیان پۆشیووە دێنە ژوورەوە.)

**میری گەورە:** وا بزانم ئەو گۆڕاوە و بووەتە گیانەوەر،

چونکە من لە هیـچ شوێنێک مرۆڤێکی وەکو ئەوم نەدۆزییەوە.

**خانەدانی یەکەم:** گەورەم، تەنیا کەمێک لەمەوبەر ئەو لێرە رۆیشت:

ئەو لێرە زۆر دڵخۆش بوو کە گوێی لە گۆرانییەک بوو.

**میری گەورە:** ئەگەر ئەو کە تۆپەڵێکە لە ناسازی ببێتە کەسێکی مۆسیقاپەروەر،
بەدڵنیاییەوە ئێمە لە خولگەکانی ئاسمانەوە ناکۆکی دەبینین.
بڕۆن بەدوایدا بگەڕێن: پێی بڵێن من دەمەوێت لەگەڵی بدوێم.
(جاکەس دێتە ژوورەوە)

**خانەدانی یەکەم:** ئەو لێ نەگەڕا من هەوڵ بدەم، لەبەرئەوەی خۆی وا نێزیک دەکەوێتەوە.

**میری گەورە:** چییە، چ هەیە، بەڕێزم! ئەمە چ ژیانێکە،
کە هاوڕێ بەسەرزمانەکانت بەدوای برادەرایەتیتەوە وێڵن؟
ئەوە چییە، تۆ دڵخۆش دیاریت؟

**جاکەس:** گێلێک، گێلێک! من گێلێکم لەناو دارستان بینی،
گێلێکی جل ڕەنگاوڕەنگ! وای لەم دنیا کلۆڵە!
وەک چۆن من بە خۆراک دەژیم، من گێلێکم بینی،
کە خۆی لەبەر خۆر درێژ کردبوو و
بەقسەی جوان نەفرەتی لە "خانمی چارەنووس" دەکرد.
دەستەواژەکانی جوان بوون، کەچی گێلێکی ڕەنگاوڕەنگ بوو.
من پێم گوت:"بەیانیت باش، گێلە"، ئەو گوتی" نەخێر، گەورەم"،
"تا ئاسمان سامانم بۆ نەنێرێت، بە گێل بانگم مەکە."[١٤]

---

١٤. لێرەدا (جاکەس) دەیەوێت بڵێت لەگەڵ هەبوونی سامان مرۆڤ گێل دەبێت، وەک لەسەرەتای دیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمدا میری گەورە گوتبووی کە بەدبەختی شتی چاک لەگەڵ خۆی دێنێت.(وەرگێڕ)

ئینجا کاتژمێرێکی لەناو گیرفانی دەرهێنا و
بەچاوی بێ ئارەزووەوە سەیری دەکرد و
زۆر بە ژیرییەوە دەیگوت، "کاتژمێر دەیە:
رەنگە بەم جۆرە بزانین دنیا چۆن دەگوزەرێت:
تەنیا کاتژمێرێک لەمەوبەر کات نۆ بوو،
جا دوای یەک کاتژمێری تر دەبێتە یازدە:
ئینجا ئێمە کاتژمێر لە دوای کاتژمێر پێ دەگەین و پێ دەگەین،
ئینجا ئێمە کاتژمێر لە دوای کاتژمێر دەڕزین و دەگەنین:
جا لەمەشەوەیە بەسەرهاتی هەموو بوون." کاتێک من ئەوەم بیست
کە گێلە رەنگاوڕەنگەکە پەند و وانە لە کات وەردەگرێت،
سینەم وەکو کەڵەباب کەوتە پێکەنین و قوقەقوق
کە چۆنە گێلەکان وا قووڵ بیر دەکەنەوە:
منیش بۆ ماوەی کاتژمێرێک بەبێ وەستان
بەگوێرەی کاتژمێرەکەی ئەو پێ دەکەنیم. ئەی گێلی خانەدان!
ئەی گێلی هێژا! جلی رەنگاوڕەنگ تاقە پۆشاکی شایستەتە.

**میری گەورە:** ئەوە چ گێلێکە؟

**جاکەس:** ئۆه، گێلێکی هێژایە! ئەو پیاوی ناو دەرباری شاهان بووە،
دەشڵێت ئەگەر خانمان تەنیا جوان و جاحێڵ بن،
ئەوان ئەو راستییە باش دەزانن. ناو مێشکی ئەو،
کە وەکو بسکویتی پاشماوەی گەشت
رەق هەڵاتووە، پڕە لە سەرنجی رۆژانەی سەیر

که ئەو لە شێوەی پەستراو و چەپێنراودا
دەریان دەبڕێت. ئۆه، خۆزگە من گێل بووام!
من تامەزرۆی کورتەکێکی رەنگاوڕەنگم.
**میری گەورە:** تۆ دەبیت بە خاوەنی کورتەکێک.
**جاکەس:** ئەوە تاقە داوام دەبێت،
بەمەرجێک تۆ ئەو بیرە باشەی کە بەبەربلاوی
لە مێشکتدا گەشە دەکات هەڵکەنیت کە وات لێ دەکات
وا بزانیت من ژیرم. لەگەڵ ئەوەمدا من دەبێت
ئازادیم هەبێت و ئەو مافەشم هێندە تەواو بێت وەکو با
کە بەسەر هەر کەسێکدا حەز بکات هەڵبکات:
لەبەرئەوەی گێلەکان ئەوەیان هەیە،
جا ئەوانەی کە زۆر لە توانجەکانم تووڕە دەبن،
دەبێت لە هەمووان زێتر پێ بکەنن. جا گەورەم، دەزانی بۆچ
دەبێ وا بکەن؟
وەڵامی ئەمە وەکو رێگەی چوونە کڵێسا دیارە:
ئەو کەسەی کە گێلێک زۆر ژیرانە تیروتوانجی لێ دەدات
کە گێلانە جوولاوەتەوە، ئەگەرچی هەست بە چزووەکە دەکات،
دەبێت وا دەربخات ئاگای لە تیروتوانجەکە نییە، ئەگەر وا
نەکات،
خاڵە لاوازەکانی پیاوە ژیرەکە شی دەکرێتەوە و
تەنانەت دەکەوێتە بەر سەرنجی گێلەکە.
لەناو کورتەکی رەنگاوڕەنگدا پەروەردەم بکە و رێگەم بدە

بیروباوەڕی خۆم دەربڕم، ئینجا من زۆر بەتەواوی
جەستەی پیسی دنیای پەتاگرتوو خاوێن دەکەمەوە،
ئەگەر ئەوان بەپشوودرێژییەوە دەرمانەکەم لێ وەربگرن.

**میری گەورە:** تۆ دەبێت شەرم بکەیت! من دەتوانم پێت بڵێم دەبێ چی بکەیت.

**جاکەس:** من گرەوت لەگەڵ دەکەم، من تەنیا چاکە دەکەم.

**میری گەورە:** تۆ خراپترین گوناه دەکەیت، کە خەڵکی لەبەر خراپە سەرزەنشت دەکەیت،
لەبەرئەوەی تۆ خۆت کەسێکی بەرەڵا boویت و
هەمان ئەنگێزەی گیانەوەرانەت بۆ ئارەزووەکانت هەیە،
تۆ دەتەوێت هەموو زامە ئاوساو و خراپە نووکدارەکانت
بەسەر دنیادا بپرژێنیت.

**جاکەس:** بۆچی، ئەو کەسەی کە بەڕووی لەخۆباییبوون دەقیژێنێت،
دەبێت مەبەستی لە کەسێکی تایبەت بێت؟
ئەرێ ئەوە وەکو دەریای بەرفراوان سەرناکات،
تاکو وەک نیشتاو دەنیشێتەوە؟
من ناوی هیچ ئافرەتێکی تایبەتی ئەم شارە ناهێنم،
بەڵام ئاخۆ ئەو جلانەی ژنە شاری لەبەری دەکەن
نرخەکەی ئەوەندە نییە کە تەنیا شازادە پێی بدرێت؟
کێ دەتوانێت بێتە ناوەوە و بڵێت من مەبەستم لەوە،
لە کاتێکدا ئەگەر ئەو وا بێت، هاوسێیەکەشی وایە؟
یاخۆ ئەگەر پیاوێکی خوارەوەترین پایەی کۆمەڵ

هاتوو گوتی جلکردنەبەری ئەو لەسەر کیسەی من نییە،
وا بزانێت من مەبەستم لەوە، ئەرێ ئەوسا گەوجایەتی ئەو
رێک وا ناکات لەگەڵ قسەکانم یەک بگرێتەوە؟
ئینجا ئەوەتا! ئینجا چۆنە! ئینجا چییە! بابزانم
ئەگەر قسەکانم راست بوون، زمانم لە چیدا خراپەی ئەوی گوتووە،
ئینجا ئەگەر ئەو بێ خراپە بوو بەخۆی خراپەی لەگەڵ خۆی کردووە:
بۆچی ئەو وەکو قازە کێوی بەردەم قسەکانم هەڵدەفرێت
کە کەس هیچی پێ نەگوتووە. بەڵام ئەوە کێیە دێتە ئێرە؟
(ئۆرلاندۆ بە شمشێری هەڵکێشراوەوە بەژوور دەکەوێت)

**ئۆرلاندۆ:** بکشێنەوە، چیی تر نەخۆن!

**جاکەس:** بۆچی، من هێشتا هیچم نەخواردووە.

**ئۆرلاندۆ:** ناشبێت بیخۆیت، تاکو ئەوانەی پێویستیانە خزمەت نەکرێن.

**جاکەس:** ئەم کەڵەبابە لە چی جۆرێک پەیدا بووە؟

**میری گەورە:** ئەرێ تۆ لەبەر ناچاری هێندە دڵرەق و بەجەرگیت؟
یان هەر بەخۆت بێزت لە رەفتاری جوان دەبێتەوە،
کەوا تۆ لە بەشارستانیبوون هێندە بۆش و بەتاڵیت؟

**ئۆرلاندۆ:** تۆ لە یەکم پرسیارتدا لە دەمارمت دا: پەژاری پڕئازاری
بارە دژوارەکەم هەموو روخسارێکی نەرمونیانی شارستانێتی
لێ سەندوومەتەوە، ئەگەرچیش من لەناو وڵات پەروەردەکراوم و
هەندێک مەشقیشم کردووە. بەڵام دەڵێم بکشێنەوە:

ئەوەی دەست لە هیچ میوەیەک بدات دەکوژرێت،
تا ئەو کاتەی وەڵامی من و بارودۆخەکەم دەدرێتەوە.

**جاکەس:** جا ئەگەر تۆش گوێ لە ژیرێتی نەگریت، ئەوا من دەمرم.

**میری گەورە:** تۆ چیت دەوێت؟ نەرمونیانیت پتر ناچارمان دەکات لەوەی هێزت وامان لێ بکات نەرم و نیان بین.

**ئۆرلاندۆ:** من وا خەریکە بۆ خواردن دەمرم، لێم گەڕێن با هەمبێت.

**میری گەورە:** دابنیشە و بیخۆ، بەخێر بێیت بۆ سەر خوانەکەمان.

**ئۆرلاندۆ:** ئەرێ بۆ تۆ زۆر بەنەرمی دوایت؟ بمبوورە، تکات لێ دەکەم.
من وام زانی هەموو شتەکانی ئێرە دڕندانەن،
بۆیەش من روخساری دڵڕەقانەم نواند.
بەڵام ئێوە هەر کێیەک بن
کەوا لەم چۆڵەوانییە رێ تێ نەبراوەدا،
لەژێر سێبەری لقە خەمناکەکاندا،
کاتژمێرەکانی رۆژگار بەسەردەبەن و پشتگوێ ی دەخەن،
ئەگەر هەرگیز ئێوە رۆژانی خۆشتان دیبێت،
ئەگەر هەرگیز گوێتان لە ڕنگ و هۆڕی زەنگی کڵێسا بوو بێت،
ئەگەر هەرگیز لەسەر خوانی پیاوێکی چاک دانیشتبن،
ئەگەر هەرگیز فرمێسکتان لە پێلووەکانتانەوە سڕیبێتەوە،
ئەوە بزانن بەزەییتان بەخەڵکدا بێتەوە و خەڵک بەزەیی پێتاندا بێتەوە،
با نەرمونیانیم هێزی قایلکەرتان بێت،
بەو هیـــوایەش من وا لە شـــەرمـــان ســـوور هەڵگەڕاوم و

شمشێرەکەم دەشارمەوە.

**میری گەورە:** ئەوە راستە کە ئێمە رۆژانی خۆشترمان بینیووە،

بە ڕەنگەی زەنگی پیرۆز بەرەو کڵێسا بانگ کراوین،

لەسەر خوانی پیاوی چاک دانیشتووین و چاومان سڕیووەتەوە

لەو دڵۆپانەی کە بەزەییی پیرۆز پەیدای کردووە،

جا بۆیە وەرە بەنەرمی دانیشە و

هەرچییەکی حەزت لێی بێت ئێمە هاوکاریت دەکەین

کە ناچاریی تۆمان پێ دابین بکرێت.

**ئۆرلاندۆ** :کەواتە پاش ماوەیەکی تر خواردن بخۆن،

کە لەو ماوەیەدا، وەکو ئاسکەمێ دەبێت بچمە لای بەچکەکە و

خۆراکی بۆ پەیدا بکەم. پیاوێکی پیری بەسەزمان هەیە،

کە لەبەر خۆشەویستیی بێگەرد بەدوای مندا

گەلێک هەنگاوی ماندووانەی هەڵناوە. تا ئەو تێر نەکرێت،

کە دوو مۆتەکەی بێهێزی، پیری و برسێتی، چۆکیان شکاندووە،

من دەست لە تیکەیەک نادەم.

**میری گەورە:** برۆ بیدۆزەوە،

ئێمە هیچ ناخۆین تا تۆ نەگەڕێیتەوە.

**ئۆرلاندۆ:** سوپاست دەکەم و یاخوا لەبەر ئەو دڵخۆشییەم پیرۆزیت لێ

ببارێ!

(دەڕوات)

**میری گەورە:** وەک بینیتان هەر ئێمە نین بەتەنیا دڵتەنگین:

ئەم شانۆ فراوان و جیهانییە

دیمەنی خەمناکتر لەوەی ئێمە
دەینوێنین پێشکێش دەکات.
**جاکەس:** هەموو دنیا شانۆیە،
هەروەها هەموو پیاوان و ژنان تەنیا ئەکتەرن:
ئەوان رێگەی دەرچوون و هاتنە ناوەوەی خۆیان هەیە،
جا هەر مرۆڤێک لە رۆژگاری خۆیدا زۆر رۆڵ دەنوێنێت،
ئەوانیش لە حەوت پەردەی تەمەنیدا دەردەکەون. یەکەمیان،
ساواییە،
کە لە باوەشی دایەنەکەی دەگری و دەرشێتەوە.
ئینجا دەبێتە قوتابییەکی بریسکەدار، بەخۆ و بە جانتاکەی و
رووی گەشی بەیانیانی، وەکو کرمەشەیتانۆکە بەنابەدڵی
بەرەو خوێندنگە دەخشێت. ئینجا دەبێتە عاشق،
وەکو فڕنی هەناسە دەداتەوە، بەستەیەکی خەمناک
بەسەر رووی دولبەرەکەیدا هەڵدەڵێت. ئینجا سەربازە،
پڕ لە سوێندی سەیرە و ردێنی وەکو مووی پڵنگە،
لە مەسەلەی شەرەفدا هەستیارە، لە شەڕدا خێرا و دەستوبردە،
بەدوای ناوبانگی بڵقاوی دادەگەڕێت
جا ئەگەر لەناو زارکی تۆپیشدا بێت. دواتر دەبێتە دادپرس
بە ورگێکی خڕی پڕ لە گۆشت کەڵەبابی چاک،
بەچاوێکی تیژ و ریشێکی بەڕێکی خنجکراو و
دەمێکی پڕ لە قسەی نەستەق و نموونەی هاوچەرخ،
جا بەم جۆرە رۆڵەکەی خۆی دەنوێنێت. شەشەم قۆناخ

دەچێتـە ناو ڕۆڵی کـەسـایەتـیـیـەکی لەڕ و لاوازی سـەیرەوە کـە
چاویلکە لەسەر کەپوویەتی و جزدان بە لاکەلەکەیەوە،
پانتۆڵە باش هەڵگیراوەکانی سەردەمی گەنجی، دنیایەک بەبەر
لوولاقەکانی فراوانە و دەنگە زلە نێرانە پیاوانەکەی،
دیسان دەبێتەوە زیقەی منداڵانە و خیزەخیز و
قرخەقرخ دەکەوێتە دەنگی. دوایین دیمەنی ئەمانە،
کە کۆتایی بەم مێژووە سەیرە پڕ ڕووداوە دێنێت،
دووەم منداڵبوونەوەیەتی و شت لەبیرچوونەوەیە،
بەبێ دگان، بەبێ چاو، بەبێ هەستی چێژ، بەبێ هیچ شتێک.
(ئۆرلاندۆ ئادەمی هەڵگرتووە و دێتە ژوورەوە.)

**میری گەورە:** بەخێر بێیت. بارە بەهادارەکەت دابنێ،
با دەست بە خواردن بکات.

**ئۆرلاندۆ:** من لەبەر ئەو زۆر سوپاست دەکەم.

**ئادەم** (بۆ ئۆرلاندۆ): جا پێویست بوو تۆ سوپاسیان بکەیت،
(بۆ میری گەورە) من بەئاستەم دەتوانم بۆ خۆم سوپاسی بکەم.

**میری گەورە:** بەخێربێن، بکەونە سەر خواردن: من بێزارتان ناکەم
بەپرسیارکردن لێتان لەبارەی چارەنووستان.
کەمێک مۆسیقامان بۆ لێدەن و ئامۆزا چاکەکانم گۆرانی بڵێن.

**ئامیەنز** (گۆرانی دەڵێت):

دەی هەڵیکە، دەی هەڵیکە ئەی بای زستانی
تۆ هێندە دڵڕەقی نازانی
بەقەد سپڵەیی مرۆڤان،

ددانت هێندە تیژ نییە،
چونکە هیچی تۆ دیار نییە،
ئەگەرچی هەناسەت توندە و ڕەزاگران.
هایهۆ، بچڕن، هایهۆ، لەلای ڕووەکی سەوزە سۆربڵەتی:
زۆربەی هاوڕێیەتی خڵەتاندنە، زۆربەی عیشق گەوجایەتی:
کەواتە هایهۆ، بۆ سۆربڵەتی!
ئەم ژیانەش پڕە لە خەنیایەتی.
ئەی ئاسمانی ڕووتاڵ بیکە شەختە، شەختە
گەزتن و قاپگرتنت کەمتر سەختە
لە لەبیرچوونەوەی چاکێتی:
ئەگەرچی تۆ ئاوەکان توند دەبەستی،
بەڵام گەزتنت هێندە تیژ نییە بەڕاستی
بەقەد لەبیرچوونەوەی هاوڕێیەتی.
هایهۆ، بچڕن، هایهۆ، لەلای ڕووەکی سەوزە سۆربڵەتی:
زۆربەی هاوڕێیەتی خڵەتاندنە، زۆربەی عیشق گەوجایەتی:
کەواتە هایهۆ، بۆ سۆربڵەتی!
ئەم ژیانەش پڕە لە خەنیایەتی.

**میری گەورە:** ئەگەر تۆ کوڕی "سێر راوڵەند"ی چاک بیت،
وەک تۆ چرپاندت کە بەڕاستی ئەویت،
جا وەک چاوەکانیشم لێکچوون لە نێوانتاندا دەبینێت
کە زۆر بەجوانی لەسەر ڕووی تۆوە دیارە بەڕاستی زۆر
بەخێربێیت بۆ ئێرە. من ئەو میرەم

که باوکتی خۆش دەویست. بەسەرهاتی چارەنووسی خۆت
لەناو ئەشکەوتەکەمدا بۆ بگێڕەوە. ئەی پیرەمێردی چاک،
تۆش بەڕاستی بەخێربێیت، وەک چۆن خودانت وایە.
بن باڵی بگرە. دەستیشت بدەرە من،
با لە گشت چارەنووست بگەم ئەمن.
(دەڕۆن)

# پەردەی سێیەم

دیمەنی یەکەم: ناو کۆشک.

(میر فریدریک، خانەدانان و ئۆلیڤەر کە بە یاوەرەکان

پاسەوانی لێ دەکرێت دێنە ژوورەوە)

**میر فریدریک:** لەوساوە نەتبینیوە؟ بەڕێزم، بەڕێزم، ئەمە وا نابێت:

ئەگەر من بەزەییم زۆر نەبووایە،

دەبووایە تۆڵەی خۆم بە تۆی بەردەستم دابڕشتایە،

نەک کەسێکی نادیار. بەڵام ئاگەدار بە:

براکەت بدۆزەرەوە، لە هەر کوێیەک بێت:

بە مۆم بەدوایدا بگەڕێ: بە مردوویی یان زیندوویی،

لە ماوەی ئەو دوازدە مانگەدا بۆمی بهێنە،

ئەگینا چیی تر مەگەڕێوە بۆ ژیان بەسەربردن لە ناوچەکەماندا.

زەویوزار و هەر شتێک کە تۆ بەهی خۆتی دادەنێیت و

بە کەڵکی زەوتکردن بێت ئێمە دەیخەینە بەردەستی خۆمان،

تا ئەو کاتەی لە تۆمەتەکانی براکەت خاوێن دەبیتەوە

لەوەی ئێمە دژ بە تۆ بیری لێ دەکەینەوە.

**ئۆلیڤەر:** ئۆه، خۆزگە بەڕێزتان دەتانزانی دڵم لەبارەی براکەمەوە چۆنە!

من هەرگیز لە ژیانمدا براکەمم خۆش نەویستووە.

**میر فریدریک:** ئەمە نامەردترت دەکات. (بۆ دارودەستەکەی) باشە،
لە دەرگە فڕێی بدەنە دەرەوە،
با ئەو ئەفسەرانەم کە ئەرکیان ئەوەیە
بچن دەست بەسەر ماڵ و زەویوزاری دابگرن.
ئەمە بە پەلە بکەن و لە کۆڵ خۆتانی بکەنەوە.
(دەڕوات)

دیمەنی دووەم

**ناو دارستان**

(ئۆرلاندۆ کە پارچە کاغەزێکی بەدەستەوەیە دێتە ژوورەوە)

**ئۆرلاندۆ:** شیعرەکەم، کە گەڤاهی عیشقمە لێرەوە شۆڕ ببەوە،
تۆش، بسوڕێوە ئەی شاژنی سێ تاج لەسەری شەوان[١٥]
بە چاوی پاکیزەییت، لە خولگەی رەنگ زەردی ئاسمانەوە،
راوچییەکەت کە ناوەکەی وایە هەموو ژیانمی هێناوەتە هەژان.
ئۆه، رۆزەلیند! دەبن بە کیتابی من ئەم درەختانە،
پیت پیت هەڵدەکەنم بیرۆکەکانم لەسەر توێکڵیان،
تاکو هەر چاوێکی شت ببینێ لەناو ئەم دارستانە،
ببینێت ئاکارچاکی تۆ لە هەموو شوێنان.
راکە، راکە، "ئۆرلاندۆ" لەسەر هەموو درەختێک بینەخشێنە
جوانی و پاگیزەیی وەسفنەکراوی ئەو بوەشێنە. (کۆرین و تەکیستۆن دێنە ناوەوە)

---

١٥. لە ئایینی گریکی و رۆمانیدا، خواوەندی مانگ شاژنی سێ شتان بوو: شاژنی ئاسمان، شاژنی جیهانی ژێر زەوی و شاژنی راووشکار. (وەرگێڕ)

**کۆرین:** تەکیستۆن، ئەریّ چۆنت حەز لەم ژیانەی شوانکارەییەیە؟

**تەکیستۆن:** بەڕاستی، ئەوەندەی پێوەندی بە خۆیەوە هەیە، ژیانێکی خۆشە: بەڵام ئەوەی پێوەندی بە شوانێتییەوە هەیە، ژیانێکی هیچە. لە ڕووی ئەوەی کە تەنیاییە، من زۆرم پێ خۆشە: بەڵام لە رووی ئەوەی تایبەتمەندە، ژیانێکی زۆر خراپە. ئێستا، لەلایەنی ئەوەوە کە لەناو گێڵگانە، زۆر دڵخۆشم دەکات: بەڵام لەلایەنی ئەوەی کە لەناو دەرباری شاهاندا نییە، بێزارکەرە. لەبەرئەوەی ژینێکی بە ئابۆرە، بڕوانە، زۆر لەگەڵ سەلیقەم گونجاوە، بەڵام لەبەرئەوەی هیچی زێتری تێدانییە، زۆر دژ بە گەدەمە. ئەریّ، شوانە، تۆ هیچ فەلسەفەیەکت لەو بارەیەوە هەیە؟

**کۆرین:** هیچی تر نا، تەنیا ئەوە دەزانم کە هەرچەندە نەخۆشتر بیت، هێندە نائاسوودەتر دەبیت، ئەو کەسەش کە پارە و کەرەسە و قەناعەتی نییە، سێ هاوڕێی نییە: ئاکاری باران ئەوەیە تەڕ دەکات، هی ئاگر ئەوەیە دەسووتێنێت، لەوەڕگای چاک مەڕ قەڵەو دەکات، هۆی مەزنیی شەویش نەبوونی تیشکی خۆرە، جا ئەوەی کە هیچ ژیرییەکی لە سروشتەوە یاخۆ خوێندنەوەوە فێر نەبووە، رەنگە سکاڵا بکات کە بەباشی پەروەردە نەکراوە، یاخۆ لە بنەماڵەیەکی زۆر گەوج کەوتووەتەوە.

**تەکیستۆن:** هی ئەوها فەیلەسوفی سروشتین. ئەریّ شوانە، هیچ جار تۆ لەناو دەرباری شاهان بوویت؟

**کۆرین:** بەڕاستی، نا.

**تەکیستۆن:** کەواتە تۆ نەفرەتباریت.

**کۆرین:** نەخێر، هیوادارم وا نەبم.

**تەکیستۆن:** بەڕاستی تۆ نەفرەتباریت، وەکو هێلکەیەکی لایەکت بژراوە و لایەکت خاو.

**کۆرین:** هەر لەبەرئەوەی لەناو دەربار نەبوویم؟ هۆیەکانتم بدەرێ.

**تەکیستۆن:** بۆچی، ئەگەر تۆ لەناو دەربار نەبوویت، تۆ هەرگیز رەفتاری جوان نازانیت، ئەگەر رەفتاری جوانیش نەبینیت، کەواتە رەفتاری تۆ دەبێت خراپ بێت، خراپیش گوناهە، گوناهیش نەفرەتبارییە. تۆ لە ڕەوشێکی مەترسیدار دایت، شوانە.

**کۆرین:** بە کەمترین شێوەش نا، تەکیستۆن: ئەو رەفتارانەی کە لەناو دەرباردا بە ڕەفتاری جوان دادەنرێن لە لادێدا هێندە بێمانان وەکو چۆن رەفتاری لادێ مایەی گاڵتەجارییە لەناو دەرباردا. تۆ پێت گوتم کە لەناو دەرباردا سڵاو ناکرێت، بگرە دەستی خۆت ماچ دەکەیت: ئەم جۆرە رێزگرتنە بە پیس دادەنرێت ئەگەر پیاوانی ناو دەربار شوان ببووان.

**تەکیستۆن:** ئادەی وەرە بەکورتی نموونەم بدەرێ، ئادەی نموونە.

**کۆرین:** بۆچی، ئێمە هەموو کات دەست لە مەڕەکان و پێستەکانیان دەدەین، کە چەورن.

**تەکیستۆن:** بۆچی، ئەدی دەستی دەربارەوانان ئارەقە ناکات؟ ئەرێ چەوری مەڕ هێندەی ئارەقەی مرۆڤ تەندروست نییە؟ نموونەکەت رووکەشە، رووکەش. وەرە، ئادەی نموونەیەکی باشترم بدەرێ.

**کۆرین:** وێڕای ئەوەش دەستەکانی ئێمە رەق و وشکن.

**تەکیستۆن:** لێوەکانت زووتر هەستیان پێ دەکەن. دیسان رووکەشە. ئادەی وەرە، نموونەیەکی بەهێزترم بدەرێ.

**کۆرین:** هەروا زۆرجاران دەستەکان بەرەشکاوی برینسازیی مەرەکان پیس بووینە، ئەرێ تۆ دەتەوێت رەشکاوەکە ماچ بکەین؟ دەستی دەربارەوانان بە بۆنی کتکی بۆنخۆش بۆندار کراوە.

**تەکیستۆن:** رووکەشترین مرۆڤ تۆیت! بەراستی، تۆ هەر کرمی گۆشتیت بەبەراورد لەگەڵ پارچە گۆشتێکی باش! لە ژێرەکانەوە فێر ببە، ئینجا بیری لێ بکەرەوە. بۆنی کتکی بۆنخۆش لە رەگەزێکی نزمترەوە لە رەشکاو پەیدا بووە، لە لینجکاوی ئەندامی پشیلەکەوەیە. ئەم نموونەیە چاک بکەرەوە، ئەی شوان.

**کۆرین:** تۆ مێشکێکی زۆر دەرباراویت بۆ من هەیە، من لێرەوە پشوو دەدەم.

**تەکیستۆن:** ئەرێ تۆ بە نەفرەتباریتەوە پشوو دەدەیت؟ خوا یارمەتیت بدات، پیاوی رووکەش! خوا پارچەت بکات! تۆ هێشتا هەر خاویت.

**کۆرین:** گەورەم، من کارکەرێکی راستم، ئەوەی بەدەستی دێنم دەیخۆم و ئەوەی وەریشی دەگرم لەبەری دەکەم، رقم لە کەس نییە، ئیرەیی بە دڵخۆشیی کەس نابەم، دڵخۆشم بە چاک بۆ هاتنی خەڵکانی تر، بە بەدبەختی خۆم رازیم، مەزنترین سەرچاوەی شانازی من ئەوەیە ببینم مەرەکانم بلەوەڕێن و بەرخۆڵەکانیش دایکیان بمژن.

**تەکیستۆن:** ئەمەش گوناهێکی سادەی تری تۆیە: تۆ کە شەکەمێ و بەرانەکان پێکەوە کۆ دەکەیتەوە و وایان لێ دەکەیت لێکتر

بپەڕن تاکو بژێوی خۆت بەمە پەیدا بکەیت: تۆ دەبیتە رابەری بەرانە نێرییەکە و شەکە مێیەکی دوازدە مانگی دەبەیت بۆ بەرانێکی قۆچ خواری پیر، کە ئەو هاوسەرگیرییە بەتەواوی نەگونجاوە. ئەگەر تۆ لەبەر ئەمە نەفرەتبار نەبیت، شەیتان هیچ شوانێکی دەست ناکەوێت، من نازانم چۆن چۆنی تۆ دەتوانیت لەمە دەرباز بیت.

**کۆرین:** ئەوەتا بەڕێز "گانیمێد"ی گەنج کە برای خانمە نوێیەکەمە.

(رۆزەلیند دێتە ژوورەوە پارچە کاغەزێک دەخوێنێتەوە.)

**رۆزەلیند:** لە ناوچەی کەناری رۆهەڵاتەوە تا رۆئاوا،

هیچ گەوهەرێک بە "رۆزەلیند" ناگا.

ناوبانگی ئەو چووەتە سەر باڵی با،

هاتوچۆی پێ دەکا بەناو هەموو دنیا.

هەموو وێنەکان ناشیرین دیار دەدا،

رەشن بە بەراورد لەگەڵ "رۆزەلیند"دا.

با هیچ روخسارێک نەمینێت لە مێشکا،

جگە لە جوانی "رۆزەلیند"دا.

**تەکیستۆن:** من تا ماوەی هەشت ساڵان سەروای وا دەهۆنمەوە، بەدەر لە کاتی فراوین و شێوان و کاتی خەوتنان، سەرواکان وەکو ئافرەتی گوندین بەدوای یەکتر ڕێچکەیان بەستووە بۆ کەرەفرۆشتن.

**رۆزەلیند:** گێلە، بێدەنگ بە!

**تەکیستۆن:** هەر بۆ تامی دەم من ئەمە دەڵێم:

ئەگەر شوور ئاسکەمێ پەیدا نەکا
با بۆ "رۆزەلیند" منە بکا.
ئەگەر پشیلە بۆ یەکێکی تر گەڕیا،
بۆ "رۆزەلیند"ە دڵنیا.
پێویستە جلی زستان ناوپۆش بکرێ،
دەبێ "رۆزەلیند"ی باریکیش وای لێ بکرێ.
دروێنەکەر دەبێ سواڵە گرێ بدا،
ئینجا بۆ ناو گالیسکە "رۆزەلیند" هەڵبدا.
ناوکەی شیرین بەرگی ترشی هەس،
ئەو ناوکەیەش "رۆزەلیند"ە و بەس.
ئەوەی بەدوای گوڵی جوان سەرگەردانە،
پێویستە چقڵی گوڵ و "رۆزەلیند" بدۆزێتەوە گیانە.

ئەمە ساختەترین پڕتاوی هۆنراوەیە: بۆچی تۆ خۆتیان پێوە گرفتار دەکەیت؟

**رۆزەلیند:** کڕ بە، هەی گێلی دەبەنگ! من ئەوانەم لەسەر درەختێکەوە دۆزییەوە.

**تەکیستۆن:** بەڕاستی ئەو درەختە بەرێکی خراپ دەگرێت.

**رۆزەلیند:** من ئەو هۆنراوەیە لەگەڵ تۆ متوربە دەکەم، دواتریش لەگەڵ یەنگی دنیا. ئینجا ئەوە دەبێتە زووترین میوەی وڵات، لەبەرئەوەی تۆ پێش ئەوەی بە نیوەیی پێ بگەیت دەڕزیت، ئەمەش ئاکاری راستەقینەی یەنگی دنیایە.

**تەکیستۆن:** تۆ قسەی خۆت کرد، جا ژیرانە بێت یان نا، بەڵام با

خەڵکی ناو دارستان بڕیار بدەن.

(سیلیا دێتە ژوورەوە پارچە کاغەزێکی تری بەدەستەوەیە.)

**رۆزەلیند:** هێمنی! ئەوەتا وا خۆشکم دێت، شت دەخوێنێتەوە: لاکەون.

(رۆزەلیند، تەکیستۆن و کۆرین لە پشت درەختێکەوە دەوەستن کاتێک سیلیا شیعر دەخوێنێتەوە.)

**سیلیا:** بۆچی ئەم شوێنە چۆڵەوانی بێ!
چونکە کەسی تیا ناژی؟ نا:
من بە زمان دێنم هەموو درەختێ،
ئەوانەی خەڵکی شارستانن ئاوەها:
هەندێک دەڵێن چەند کورتە مرۆڤ ژیانی،
کە ئەو گەشتە پڕە لە چەوتی و هەڵە،
کە تەنیا بەقەد بستێکە مانی،
تەمەنی دەپێچێتەوە ئەو حەلە:
هی هەندێکیان پڕ بەڵینی شکاوە،
لە نێوان روحی برادەران،
بەڵام لەسەر جوانترین لقی چەماوە،
یان لە کۆتاییی هەموو رستەکان،
دەنووسمەوە ناوی "رۆزەلیند" من،
فێر دەکەم هەموو کەسێکی خوێندەوار،
گەوهەری روحی مرۆڤ چییە با فێربن،
کە ئاسمان زۆر کەم ئەوەی کردووە دیار.
بۆیە بە سروشتی راسپارد ئاسمان،

که یەک جەستە دەبێت پڕ بکرێت تاسەر،
لە هەموو چاکی و جوانییەکی بێ پایان،
سروشتیش هەمووی دڵۆپاند یەکسەر.
روخساری "هێلین"[١٦]، بەڵام دڵی ئەو نا،
شکۆمەندیی "کلیۆپاترا"[١٧]،
لایەنە چاکەکانی "ئەتلانتا"[١٨]،
خاکەڕایی پڕخەمباری "لوکریسیا"[١٩].
ئینجا "رۆزەلیند" لەم هەموو پارچانە،
کۆمەڵەی خواوەندان بڕیار و پلانیان دانا،
لەم هەموو روخسارانە، چاوانە، دڵانە،
بەهرەمەندترین دیارییان هەڵبژارد لەوانە.
لەم هەموو دیارییانە کە ئاسمان بەخشی بەو،
تا بژیم و بمرم وەکو کۆیلەی ئەو.

**رۆزەلیند:** (دەچێتە پێشەوە) ئۆه، ئەی پەنددادەری هەرە چاک، تۆ بە چ

١٦. بەگوێرەی بیروباوەڕی گریکییە کۆنەکان، (هێلین) جوانترین رووخساری لە دنیادا هەبووە، بەڵام ژنێکی دڵسۆز نەبووە. بۆیەش شەڕی تەروادە لەسەر ئەو روویدا و بووە هۆیماڵوێرانی ئەو شارە. (وەرگێڕ)
١٧. (کلیۆپاترا)ی شاژنی میسری لەپێناوی رزگارکردنی میللەتەکەی خۆی ئامادە بوو قوربانی بە هەست و نەست و گیانی خۆیشی بدات، بۆیە لێرەدا شێکسپیر بە شاژنێکی شکۆمەند ناوی دەبات. (وەرگێڕ)
١٨. (ئەتلانتا) بە گوێرەی ئەدەبی گریکی خاتوونێکی پاکیزەی راووشکار و غاردانێ بوو. (وەرگێڕ)
١٩. (لوکریسیا) ژنێکی دڵسۆز بوو مرد و گیانی سپارد نەوەک ناپاکی لەگەڵ مێردەکەی بکات. (وەرگێڕ)

جـۆرە ئامـۆژگـارییـەکی بێـزارکـەرانەی خـۆشـەویسـتـیـیـەوە گـوێگرەکـانی ناوچەکـەی خـۆت مـاندوو کـردووە، هەرگـیـزیش هاوارت نەکردووە، "پشووتان درێژ بێت، ئەی خەڵکی چاک!"

**سیلیا:** ئەوە چییـە! برادەران، بکشـێنەوە. شـوانە، کـەمێک برۆ دواوە. (بۆ تەکیستۆن) کورە، تۆ لەگەڵی برۆ.

**تەکیستۆن:** وەرە، شـوانە، با پاشەکشێیەکی مەردانە بکەین: هەرچەندە بە باروبارخـانەشـەوە نـابێت، بەڵکو بە جـۆڕک و جۆڕکـەواتەوە. (تەکیستۆن و کۆرین دەڕۆن)

**سیلیا:** ئەرێ گوێت لەم هۆنراوانە بوو؟

**رۆزەلیند:** ئۆھ، بەڵێ، گــوێم لە هـەمـــوویان بوو، پتـــریش لەوانە، لەبەرئەوەی هـەندێکیان لـەوان پتر بڕگـەیان تێدا بوو لـەوەی کـە هۆنراوە پێی هەڵبگیرێت.

**سـیلیـا:** ئەمـە قـەیدی نییـە، ڕەنگە بـڕگـە شـیـعـرییـەکـان هۆنراوەکـە هەڵبگرن.

**رۆزەلیند:** ئا، بـەڵام بڕگــەکــان لـەنگ بـوون، ئەوان نـەیاندەتوانی بـەبێ هۆنـراوەکــە خــۆیان هـەڵبگرن، جــا بۆیـە بەلەنگـیــیــەوە لـەناو هۆنراوەکەدا مابوونەوە.

**سیلیا:** بەڵام ئاخۆ تۆ بەبێ سـەرسوڕمان گوێت گرت، بزانە چۆن ناوی تۆ لەم درەختانە هەڵکۆڵراوە و بەسەریاندا شۆڕ بووەتەوە؟

**رۆزەلیند:** بـەر لە هـاتنـی تـۆ، من بـۆ مـــاوەیـەکی دوور و درێژ تووشـی سـەرسـوڕمـان هـاتبـووم: چونکە تۆ بڕوانە ئێرە، بزانـە من چیم لەسـەر درەختـێکی دارخـورمـا دۆزیووەتەوە. من کـە بەئاسـتـەم بەبیـرم دێت، هـەرگـیـز لە سـەردەمی "فـیـسـاگـۆرس"ەوە وا

نەخرامەتە ناو هۆنراوەوە، ئەو کاتەی کە من جرجێکی ئێرلەندی بوویم.

**سیلیا:** دەزانیت کێ ئەمەی کردووە؟

**رۆزەلیند:** ئەرێ پیاوە؟

**سیلیا:** بەڵێ زنجیرێکیشی لە ملە کە کاتی خۆی تۆ لە گەردەنتت دەکرد. ئەرێ ڕەنگت گۆڕا؟

**رۆزەلیند:** تکایە، کێیە؟

**سیلیا:** ئۆه، خوایە، خوایە، زەحمەتە برادەران یەکتر ببینن: بەڵام یاخوا کێوەکان بە بوومەلەرزە هەڵکەنرێن لەبن تاکو هاوڕێیان یەکتر ببینن.

**رۆزەلیند:** نەخێر، بەڵام ئەوە کێیە؟

**سیلیا:** ئاخۆ دەشێت نەیزانیت؟

**رۆزەلیند:** نەخێر، بە هەموو توانامەوە تکات لێ دەکەم پێم بڵێیت ئەو کەسە کێیە.

**سیلیا:** ئۆه، سەرسوڕهێنە، سەرسوڕهێن و یەگجار سەرسوڕهێنی سەرسوڕهێن و هێشتاش سەرسوڕهێنە، دواتریش، وات لێ دەکات بقیژێنیت!

**رۆزەلیند:** ئۆه، ئەی روخساری بەسەزمانم! ئەرێ بیر دەکەیتەوە، هەرچەندە من وەکو پیاوان جلم پۆشیووە، کورتەک و نیوە شەرواڵم لەبەرە و پێویستە خوو و ئاکاری پیاوانیشم هەبێت؟ یەک تۆز دواخستن وا دەکات بکەومە ناو دۆزینەوەی مەزەندەکاریی دەریای خواروو، تکات لێ دەکەم، خێرا پێم بڵێ و

زوو قسە بکە کێیە. من حەز دەکەم پتە پتت بکردایە و ناوی ئەو پیاوە نەناسراوەت لە دەم دەربچووبایە، وەک چۆن مەی لە بۆتڵی مل باریکەوە هەڵدەقوڵێت، یان بڕێکی زۆر بە یەک جار، یانیش هەندێک جاریش هەر هیچ نا. تکات لێ دەکەم ئەو تەپەدۆرەی ناو زارت وەلا بنێ تاوەکو من بتوانم هەواڵەکەی تۆ بخۆمەوە.

**سیلیا:** ئەمەشت بۆ ئەوەیە پیاوێک ببەیتە ناو سکتەوە.

**ڕۆزەلیند:** ئەرێ ئەو خەڵقندەی خوایە؟ چ جۆرە پیاوێکە؟ ئەرێ سەروگوێلاکی ئەو شایەنی کڵاو و شەپقەیە؟ یاخۆ ئەرێ چەناگەی شایەنی ریشە؟

**سیلیا:** نەخێر ئەو تەنکە ردێنێکی هەیە؟

**ڕۆزەلیند:** بۆچی، ئەگەر ئەو سوپاسمەند بێت، خوا زۆرتری بۆ دەنێرێت: ئەگەر تۆ بەدرەنگم نەخەیت لە پێدانی زانیاری لەبارەی چەناگەیەوە، لێم گەڕێ من چاوەڕێی زۆرهاتنی ردێنی دەکەم.

**سیلیا:** ئەو کەسە "ئۆرلاندۆ"یە کە پاژنەی زۆرانبازەکە و دڵی تۆی، پێکەوە تێک شکاند.

**ڕۆزەلیند:** نەخێر، یاخوا شەیتان گاڵتەجاڕ بۆ خۆی بباتەوە! بەڕاستی بدوێ کە شایستەی کیژی دڵسۆزە.

**سیلیا:** ئامۆزا، بەڕاستی، ئەو خۆیەتی.

**ڕۆزەلیند:** "ئۆرلاندۆ"یە؟

**سیلیا:** "ئۆرلاندۆ"یە.

**ڕۆزەلیند:** وای لەم ڕۆژگارە بەدبەختە! من چی لە کورتەک و نیوە شەرواڵەکەم بکەم؟ کە تۆ ئەوت بینی، ئەو چی دەکرد**؟** ئەو چی

گوت؟ ئەو چۆن بوو؟ ئەو بۆ کوێ چوو؟ چی وای لەو کردووە لێرە بێت؟ ئەرێ ئەو لە منی پرسی؟ لە کوێ دەژیت؟ چۆن ئەو لە تۆ جودا بووەوە؟ هەروەها کەی تۆ دیسان دەیبینیتەوە؟ بەیەک وشە وەڵامم بدەرەوە.

**سیلیا:** کەواتە تۆ پێشتر دەبێت دەمی "گەرگەنتوا"[20]م بۆ بخوازیتەوە، چونکە وشەکە زۆر گەورەیە بۆ قەوارەی هەر دەمێکی ئەم سەردەمە. گوتنی بەڵێ یاخۆ نا لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە زۆر قورسترە لە وەڵامدانەوەی بابەتی پرسیاری ئاینی.

**رۆزەلیند:** بەڵام ئەرێ ئەو دەزانێت من لەناو ئەم دارستانەدام و جلی پیاوانەم کردووەتە بەر؟ ئەرێ ئەو هێندەی ئەو رۆژەی زۆرانبازی کرد تەڕ و تازەیە؟

**سیلیا:** ژماردنی دەنکە گەرد ئەوەندەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی عاشقێک سانایە، بەڵام بۆ خۆت چێژ لەوە ببینە لەوەی من لەبارەی ئەو زانیم و خۆشی بچێژە بە لێ وردبوونەوەیەکی چاک. من ئەوم لەژێر درەختێکدا دۆزییەوە و لەوێ وەکو دەنکە بەڕوویێک کەوتبوو.

**رۆزەلیند:** دەبێت ئەم درەختە ناوی درەختی خواوەندی "جۆڤ" بێت لەبەرئەوەی بەرێکی وای گرتووە.

**سیلیا:** ئەی خانمی چاک، گوێم بۆ رادێرە.

**رۆزەلیند:** بەردەوام بە.

**سیلیا:** ئەو لەوێ پاڵکەوتوو بوو، بەدرێژی راکشابوو، وەکو

---

٢٠. (گەرگەنتوا) فەلامەرزێکی زەبەلاح بوو و دەمێکی یەگجار زلی هەبوو. گوایە جارێکیان بە یەک پاروو پێنج حەجاجی پێکەوە قووت داوە. (وەرگێڕ)

سوارچاکێکی بریندار.

**رۆزەلیند:** ئەگەرچی دیمەنێکی وا بەزەییهێنە، کەچی ئەمە زۆر لە زەوییەکە جوان دێت.

**سیلیا:** تکایە، بەزمانت بڵێ "هۆش"، لەبەرئەوەی لە کاتێکی ناوەخت دا خوار دەبێتەوە. ئەو وەکو راوچییان جلی خۆی پۆشیبوو.

**رۆزەلیند:** ئۆه، ئەمە شوومە! ئەو هاتووە دڵم بکوژێت.

**سیلیا:** من دەمەوێت بەبێ کۆسپ و تەگەرە گۆرانیی خۆم بڵێم، تۆ وام لێ دەکەیت لە ئاوازەکە لابدەم.

**رۆزەلیند:** ئەرێ تۆ نازانیت من ژنم؟ کە من بیر دەکەمەوە، هەر دەبێت قسە بکەم. گیانەکەم، بەردەوام بە.

(ئۆرلاندۆ و جاکەس دێنە ژوورەوە)

**سیلیا:** تۆ من لە ئاوازەکە لادەدەیت: هێواش! ئەوە خۆی نییە هاتووەتە ئێرە؟

**رۆزەلیند:** خۆیەتی! خۆت بشارەوە و سەرنجی لێ بدە.

(ئەوان دەکشێنەوە)

**جاکەس:** (بۆ ئۆرلاندۆ) من سوپاست دەکەم بۆ هاورێیەتیت، کەچی بەراستی من پێم خۆشتر بوو بەتەنیا بووام.

**ئۆرلاندۆ:** منیش هەروا: بەڵام هەر بۆ خاتری ئەوەی باوە منیش سوپاسی تۆ دەکەم بۆ هاودەمیت.

**جاکەس:** خوات لەگەڵ بێت: با ئەوەندەی پێمان دەکرێت کەم یەکتر ببینین.

**ئۆرلاندۆ:** من حەز دەکەم هەر لەگەڵ یەکتر ببینە نەناسیاو.

**جاکەس:** تکات لێ دەکەم چیی تر درەختەکان مەشێوێنە بە نووسینی گۆرانیی عاشقانە لەسەر توێکڵەکانیان.

**ئۆرلاندۆ:** تکات لێ دەکەم چیی تر هۆنراوەکانم مەشێوێنە بە خوێندنەوەیان بەخراپی و بێ زەوقی.

**جاکەس:** ناوی دولبەرەکەت "رۆزەلیند"ە؟

**ئۆرلاندۆ:** بەڵێ، تەواوە.

**جاکەس:** من ناوی ئەوم پێ خۆش نییە.

**ئۆرلاندۆ:** کاتێک ناویان لێی نا، کەس بیری لەوە نەکردبووەوە کە تۆ پێت خۆشە یان نا.

**جاکەس:** ئەو بەژنی چەندە؟

**ئۆرلاندۆ:** رێک ئەوەندەی دڵم بەرزە.

**جاکەس:** تۆ پڕیت لە وەڵامی جوان. ئەرێ ئەتۆ ناسیاوەتیت لەگەڵ ژنی زێڕینگران هەبووە تا قسەی جوان لە دیوی ناوەوەی ئەنگوستیلەکانیان فێر بوویت؟

**ئۆرلاندۆ:** نەخێر، وا نەبووە، بەڵام من رێک وەڵامی سەر قوماشە نەخشێنراوەکانی مەیخانەکانت بۆ دەڵێمەوە، هی ئەو شوێنەی کە تۆ پرسیارەکانیان لێوە فێر بوویت.

**جاکەس:** تۆ بیرێکی تیژت هەیە، وا بزانم لە پاژنەی "ئەتلانتا"وە کەوتووەتەوە. ئەرێ پێت خۆشە لەگەڵ من دانیشیت، ئەوسا بە هەردووکمان گلەیی لە خانمی دنیا دەکەین، وێڕای کڵۆڵی و دەردەسەریمان؟

**ئۆرلاندۆ:** من لە دنیادا گلەیی لە کەس ناکەم جگە لە خۆم، لەبەرئەوەی

خۆم گەلێک کەموکووڕیم هەیە.

**جاکەس:** خراپترینیان ئەوەیە کە تۆ کەوتوویتە داوی دڵداری.

**ئۆرلاندۆ:** ئەوەیان خراپەیەکە بە چاکترین شتی تۆ نایگۆڕمەوە. من لە تۆ بێزارم.

**جاکەس:** هەر بەڕاستی، من بەدوای گێلێک دا دەگەڕام کاتێک تۆم دۆزییەوە.

**ئۆرلاندۆ:** ئەو لەناو چەمە ئاوەکەدا خنکاوە: سەیری ناوی بکە و تۆ دەیبینیت.

**جاکەس:** من لەوێ وێنەی خۆم دەبینم.

**ئۆرلاندۆ:** منیش ئەو بە گێل یان بە هیچ دەزانم.

**جاکەس:** من چیی تر لەگەڵ تۆ نامێنمەوە: خواحافیز، ئەی سەیدای ئەویندارى.

**ئۆرلاندۆ:** من بە ڕۆیشتنت خۆشحاڵم: خوات لەگەڵ، ئەی سەیدای خەمناکی.

(جاکەس دەڕوات)

**رۆزەلیند:** (بۆ سیلیا) من وەکو نۆکەرێکی چەقاوەسوو قسەی لەگەڵ دەکەم، هەر لەژێر ئەم رواڵەتەشەوە پێی رادەبوێرم. (بانگی دەکات) ئەرێ گوێت لێمە، دارستاننشین؟

**ئۆرلاندۆ:** زۆر باش، چیت دەوێت؟

**رۆزەلیند:** تکات لێ دەکەم، کاتژمێر چەندە؟

**ئۆرلاندۆ:** تۆ دەبێت لێم بپرسیت، چ کاتێکی رۆژە: لەبەرئەوەی لەناو دارستاندا هیچ کاتژمێرێک نییە.

**رۆزەليند:** کەواتە هیچ عاشقێکی راستەقینە لەناو دارستاندا نییە، ئەگینا ئاخهەڵکێشانی هەر چرکەیەک و ناڵینی هەر سەعاتێک قاچە تەمبەڵەکانی کات و هەروەها هی کاتژمێرێکی دیار دەکرد.

**ئۆرلاندۆ:** ئەدی بۆچی قاچە گورجەکانی کات نەبێت؟ ئاخۆ ئەمەش تەواو نابێت؟

**رۆزەليند:** بە هیچ جۆرێک نا، گەورەم. کات بە خێراییی جیا لەگەڵ کەسانی جیاجیادا دەڕوات. من پێت دەڵێم کات لەگەڵ کێ لۆقە دەکات، لەگەڵ کێ نەرمەغار دەکات، لەگەڵ کێ چوارپەلە دەکات، لەگەڵ کێش لە جێی خۆی دەچەقێت.

**ئۆرلاندۆ:** تکات لێ دەکەم، لەگەڵ کێ نەرمەغار دەکات؟

**رۆزەليند:** سوێند بەحەزرەتی مەریم، کات لەگەڵ کیژێکی گەنج نەرمەغار دەکات کە نیشان کراوە و ماوەی گواستنەوەکەی دیاری کراوە، تەنانەت ئەگەر ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوانەوە حەوت شەویش بێت، ڕەوتی کات هێندە قورسە کە درێژایییەکەی بەقەد حەوت ساڵە.

**ئۆرلاندۆ:** ئەدی کات لەگەڵ کێ لۆقە دەکات؟

**رۆزەليند:** لەگەڵ قەشەیەک کە لە لاتینی کۆڵەوار بێت و لەگەڵ دەوڵەمەندێک کە نەخۆشی پاگرەی نییە، چونکە یەکەمیان بەئاسانی خەوی لێ دەکەوێت، لەبەرئەوەی ناتوانێت بخوێنێت و ئەوەی تریشیان بەخۆشی دەژیت، چونکە ئازاری نییە، یەکەمیان بەهۆی نەبوونی باری لاوازی و فێربوونی بێسوود، ئەوەکەی تر کە هیچ باری نەداریی رەزاقورس نازانێت: کات لەگەڵ ئەمانە لۆقە دەکات.

**ئۆرلاندۆ:** ئەدی کات لەگەڵ کێ چوارپەلە دەکات؟

**رۆزەلیند:** لەگەڵ دزێک کە بەرەو قەنارە دەچێت، لەبەرئەوەی ئەگەرچی کات زۆر بەنەرمی دەڕوات وەک چۆن بەهێواشی پێ لە سەر زەوی دادەنێت، ئەو هەست دەکات زۆر زوو گەیشتووەتە ئەوێ.

**ئۆرلاندۆ:** ئەدی لەگەڵ کێ لە جێی خۆی دەچەقێت؟

**رۆزەلیند:** لەگەڵ پارێزەرێک لە کاتی پشووردا، چونکە ئەوان لە نێوان ناوبڕ و ماوەی دانیشتنەکان دەخەون، ئینجا ئەوان نازانن کات چۆن بەسەر دەچێت.

**ئۆرلاندۆ:** ئەی گەنجی جوان، تۆ لە کوێ دەژیت؟

**رۆزەلیند:** لەگەڵ ئەو بێرییەی خوشکم، لێرە لە کەناری دارستاندا، وەکو پەراوێزی قەراغی تەنوورەین.

**ئۆرلاندۆ:** ئەتو بەڕەسەن خەڵکی ئێرەیت؟

**رۆزەلیند:** بەڵێ، وەکو ئەو کەروێشکەی کە تۆ دەیبینیت لەو شوێنەی تێدا هاتووەتە دنیا دەژیت.

**ئۆرلاندۆ:** شێوازی دەنگ و قسەت کەمێک پاراوترە لەوەی لە شوێنێکی وا دوورەجێدا بەدەستی بهێنیت.

**رۆزەلیند:** زۆر کەس وایان پێ گوتووم: بەڵام، راستییەکەی بڵێم، پیرەمامێکی خواناسم، کە لە کاتی گەنجیدا پیاوی ناوجەرگەی شار بووە، ئەو کەسێک بوو کە لە کاروباری ناو دەربار و ئەویندداری شارەزا بوو، چونکە ئەو لەوێ کەوتە داوی دڵدارییەوە. من گوێم لەو بوو کە زۆر وانەی دژ بە دڵداری دەگوتەوە، سوپاسی خوا دەکەم کە من ژن نیم، تاوەکو ئەو هەموو کەتنە پووچانەم تێ نەئاڵێ کە ئەو بەگشتی هەموو

ڕەگەزی ئەوانی پێ گوناهبار دەکرد.

**ئۆرلاندۆ:** دەتوانیت هەندێک لەو خراپە سەرەکییانەت بەبیر بێتەوە کە ئەو ژنانی پێ گوناهبار دەکرد؟

**ڕۆزەلیند:** هیچ یەکێکیان سەرەکی نەبوون، ئەوان هەموویان وەکو یەک بوون چۆن نیو پەنسەکان[٢١] لێکتر دەچن. هەرچەوتییەک بەرباد دەردەکەوت تا ئەو کاتەی چەوتییەکی تر دەهاتە پێشەوە بۆ بارتەقا بوون.

**ئۆرلاندۆ:** تکات لێ دەکەم، هەندێکیانم بۆ بگێڕەوە.

**ڕۆزەلیند:** نەخێر من چارەسەری خۆم فڕێ نادەمە ئەو گۆڕەوە، تەنیا دەیدەم بەوانەی نەخۆشن. پیاوێک هەیە لەناو دارستان دەسوڕێتەوە، کە بە هەڵکەندنی ناوی"ڕۆزەلیند" لەسەر توێکڵەکەیان ڕووەکە ناسکەکانمان تێک دەدات، بەستە بە درەختی گێوژەوە هەڵدەواسێت، شیوەن بە دەوەنی تووترک، بەڕاستییش هەر لە هەموو هۆنراوەکاندا دەیەوێت ناوی "ڕۆزەلیند" پیرۆز بکات. ئەگەر من بتوانم ئەو خەیاڵبازە عاشقە ببینمەوە، هەندێک ئامۆژگاری پێ دەدەم، لەبەرئەوەی لەوە دەکات ئەو تووشی تای نەخۆشیی سێبەڕۆی عیشق هاتبێت.

**ئۆرلاندۆ:** من ئەو کەسەم کە عیشق هێندەی هەژاندووم، تکات لێ دەکەم، چارەسەرییەکەی خۆتم پێ بڵێ.

**ڕۆزەلیند:** هیچ یەکێک لە نیشانەکانی مامەم لە تۆ دەرناکەوێت. ئەو فێری کردبووم چۆن بزانم پیاوێک عاشقە، کەوتووەتە ناو کام قەفەسی پووشکەو زەلەوە. من دڵنیام تۆ بەندەی ئەوین نیت.

٢١. نیوپەنس: جۆرە پارەیەکی کۆن بوو. (وەرگێڕ)

**ئۆرلاندۆ:** نیشانەکانی ئەو چی بوون؟

**رۆزەلیند:** روومەتێکی قۆپاو، کە تۆ نیتە، چاوی شین و بەقوڵداچوو، کە تۆ نیتە، روحێکی مات و قسەنەکەر، کە تۆ نیتە، ردێنێکی چاکنەکراو، کە تۆ نیتە، من لەوەدا داوای لێبووردنت لێ دەکەم لەبەرئەوەی هێشتا تۆ گەنجیت و دەڵێی ئەو ردێنەت هی براکەتە. پاشان، کورتە شەرواڵەکەی بەرت دەبێ شل و شێواو بێت، شەبقەکەت بێ خرێنکە و قایمنەکراو بێت، قۆپچەی قۆڵەکانت دانەخراوبێت، پێلاوت قایمنەکراو بێت، هەموو شتێکی تری تۆ بێباکییەکی نائومێدانەی پێوە دیاربێت. بەڵام تۆ ئەو پیاوە نیت، تۆ لەلایەنی جلوبەرگەوە زیاتر کەسێکی پۆشتە و پەرداخیت، وەکو وابێت خۆتت خۆش بوێت لەوەی پێ بچێت یەکێکی ترت خۆش بوێت.

**ئۆرلاندۆ:** ئەی گەنجی جوان، خۆزگە بمتوانیایە باوەڕت پێ بهێنم کە من عاشقم.

**رۆزەلیند:** من باوەڕ بکەم؟ تۆ دەبێ هەر زوو وا لەو کەسەی خۆشت دەوێت بکەیت باوەڕت پێ بکات، کە من دڵنیام ئەو کیژە ئامادەترە وا بکات نەوەکو دانی پێدا بنێت، ئەمە خاڵێکە لەو خاڵانەی کە ژنان هێشتاش درۆ لەگەڵ ناخی خۆیان دەکەن. بەڵام، راستییەکەی، ئەرێ تۆ ئەو کەسەیت کە هۆنراوە بەسەر درەختەکانەوە هەڵدەواسیت، کە تێیدا "رۆزەلیند" هێندە بەردڵت کەوتووە؟

**ئۆرلاندۆ:** گەنجۆ، سوێندت بەدەستە سپییەکانی "رۆزەلیند" بۆ دەخۆم، من ئەو کەسەم، ئەو کەسە بەدبەختەم.

**رۆزەلیند:** بەڵام، ئاخــۆ تۆ هێندە عـاشـقـیت وەک هۆنراوەکـانت دەری دەبڕن؟

**ئۆرلاندۆ:** نە هۆنراوە و نە بیرم دەتوانن بڵێن چەند عاشقم.

**رۆزەلیند:** جا من پێت دەڵێم خۆشەویستی تەنیا شێتییە و ئەویش وەکو شێتان پێویستی بە ژووری تاریک و قامچیکارییە، هۆی سزا نەدران و چارەســەر نەکــرانی ئەوان بەم جــۆرە ئەوەیە کــە شـێـتـایەتیـیـەکـە هێندە ئاسـاییـیـە کـە قـامـچـیلێـدەرکـانیش بەخـۆشـیـان عـاشـقن. بەڵام، من دان بەوەدا دەنێم دەتوانم بە ئامۆژگاری چارەسەرت بکەم.

**ئۆرلاندۆ:** ئەریّ قەت کەسی وات چارەسەر کردووە؟

**رۆزەلیند:** بەڵێ، کـەسـێک بـە هەمـان شـێـوە. ئەو دەبوو وای خــەیاڵ بکردایە کە مـن دولبـەرەکەی ئەوم، خـانمەکەی ئەوم، مـنیش پێم سپاردبوو هەموو رۆژ دڵداریم لەگەڵ بکات، ئەو ساتەش من خۆم لێی دەکردە گەنجێکی دەمدەمی، خەمـناک، مێیینانە، حـولحولی، حــەز بکە و تـامـەزرۆ بـە، لەخـۆبایی، کـەڵکەڵەدار، فـێـڵــزان و رووکەش، ناجـێگیر، گرینـۆک و چاو پڕفرمێسک، بزەدار و دەم بـەخــــەندە، بۆ هـەر ســـۆزێک شــتــێکم هەر هـەبوو، بـۆ هیـچ سـۆزێکیش بەڕاسـتی هیـچم نەبوو، وەکـو چۆن کـوڕان و ژنان زۆرجـــاران ئەو جــۆرانـەیان هەس، دەمــێک خــۆشم دەویست، دەمـێک دەمـبـوغـزاند، ئینجـا دڵم خـۆش دەکـرد، پاشــان دڵم دەشکاند، ساتێک بۆی دەگریام، دواتر تفم لێ دەکرد، بەجۆرێک کە دڵدارەکەمم لە رەوشی شێتێتی عیشقەوە داژوایە ناو رەوشی شـێـتـایەتیـی راسـتـەقـینەوە، کە بەم جـۆرە سـوێندم دەدا کـە لە

ڕێچکەی تەواوەتیی دنیا دوور بکەوێتەوە و تەنیا بچێتە قوژبنێکی خەڵوەتخانەوە. ئا بەم جۆرە من چارەسەری ئەوم کرد و هەمان ڕێگەش دەگرمەبەر بۆ ئەوەی جگەرت بشۆمەوە و بەقەد دڵی بەرخۆڵەیەکت بۆ خاوێن بکەمەوە بەجۆرێک کە تەنانەت یەک تاقە پەڵەی خۆشەویستی تێدا نەمێنێت.

**ئۆرلاندۆ:** گەنجۆ، من نامەوێت چارەسەر بکرێم.

**ڕۆزەلیند:** من چاکت دەکەمەوە ئەگەر تەنیا تۆ بە "ڕۆزەلیند" بانگم بکەیت و هەموو ڕۆژێک بێیتە ناو کۆختەکەم و دڵداریم لەگەڵ بکەیت.

**ئۆرلاندۆ:** ئێستا، بەسەری خۆشەویستەکەم، من وا دەکەم. پێم بڵێ ماڵەکەت لە کوێیە.

**ڕۆزەلیند:** وەرە لەگەڵم و من پێت نیشان دەدەم. هەروا ئەتۆش دەپێم بڵێ لەناو دارستان لە کوێ دەژیت. ئەرێ بچین؟

**ئۆرلاندۆ:** بەسەرچاوان، ئەی گەنجی چاک.

**ڕۆزەلیند:** نەخێر، دەبێت تۆ بە "ڕۆزەلیند" بانگم بکەیت. (بۆ سیلیا) وەرە، خوشکم، ئەرێ تۆ دێیت؟ (دەڕۆن)

دیمەنی سێیەم:

**ناو دارستان**

(تەکیستۆن و ئۆدرێ دێنە ژوورەوە، جاکەس لە پشتەوەیانە ئەوان نایبینن)

**تەکیستۆن:** خێرا وەرە، "ئۆدرێ"ی چاک: من بزنەکانت دێنمەوە، "ئۆدرێ". دە ئێستا، "ئۆدرێ". ئەرێ ئێستا من ئەو پیاوەم؟ ئەرێ

روخساری سادەمت بەدڵە؟

**ئۆدرێ:** روخسارت! خوا بمانپارێزێت! کامە روخسار؟

**تەکیستۆن:** من وا لێرەم لەگەڵ تۆ و بزنەکانت، بەجۆری "ئۆڤید"ی راستگۆ، شاعیرە هەرە شێتۆکەکە، کە لەناو گۆتییەکان[٢٢] بوو.

**جاکەس:** (لەلاوە) ئۆه، چ زانیارییەکی نابەجێیە، وەکو ئەوە وایە "جۆڤ"ی خواوەند لەناوماڵێکی سەربەپووشاوی بژییێت!

**تەکیستۆن:** هۆنراوەی مرۆڤێک کە کەس لێی تێ نەگات، بیری مرۆڤیش کە کەس پێی نەگات و تێی نەگات، خراپتر لە لیستێکی قەبەی پارەدانی ناو مەیخانەیەکی بچووک کار لە گیانی مرۆڤ دەکات. خۆزگە بەڕاستی، خوا تۆی بکردایەتە شاعیر.

**ئۆدرێ:** من نازانم "شاعیر" چییە. ئەرێ لە کردار و گوفتاردا راستگۆیە؟ ئەرێ ئەو شتێکی راستەقینەیە؟

**تەکیستۆن:** نەخێر، راستگۆترین شیعر ئەوەیە ئەوپەڕی رواڵەتبازی تێدا بێت، عاشقەکانیش خۆیان داوەتە دەست شیعر، ئەوەی بە شیعر سوێندی پێ دەخۆن ڕەنگە وەکو ئەوە بێت کە عاشقەکان رواڵەتبازی پێوە بکەن.

**ئۆدرێ:** ئینجا، تۆ حەز دەکەیت خوا منی بکردایەتە شاعیر؟

**تەکیستۆن:** من بەڕاستی حەز دەکەم، لەبەرئەوەی تۆ سوێند دەخۆیت کە تۆ راستگۆیت: ئێستا ئەگەر تۆ شاعیر بیت، رەنگە من هەندێک ئومێدم هەبێت کە تۆ رواڵەتبازی دەنوێنیت.

---

٢٢. لە زمانی ئینگلیزی دا بە بزن دەگوترێت (گۆوت)، (گۆتی)یەکانیش میللەتێکی سەدەکانی ناوەڕاست بوون. تەکیستۆن هەر بۆ گاڵتە و یاریکردن بە وشەی (گۆوت) و (گۆتی) یەکان ئەم قسەیە دەکات. (وەرگێڕ)

**ئۆدریٚ:** حەز ناکەیت من راستگۆ بم؟

**تەکیستۆن:** نەخێر، مەگەر تۆ ناشیرین بیت، چونکە راستگۆیی و جوانی وەکو ئەوە وایە هەنگوین بەسەر شیرینی دابکەیت.

**جاکەس:** (لەلاوە) وای چ گێلێکی هزردارە!

**ئۆدریٚ:** باشە، من جوان نیم، بۆیە لە خوا دەپارێمەوە کە راستگۆ و ئابڕوومەندم بکات.

**تەکیستۆن:** بەڕاستی، بەخشینی راستگۆیی و ئابڕوومەندی بە کیژێکی بەدرەفتاری ناشیرین وەکو ئەوە وایە خواردنێکی چاک لەناو قاپێکی پیس دابنێیت.

**ئۆدریٚ:** من کیژێکی بەدڕەفتاری ناشیرین نیم، ئەگەرچی سوپاسی خوا دەکەم کە ناشیرینم.

**تەکیستۆن:** باشە، ستاییش بۆ خواوەندەکان کە ناشیرینیت! رەنگە بەدڕەفتاری دواتر بێت. بەڵام، هەرچۆنێک بێت، باوابێت، من تۆ دەخوازم، بۆ ئەم مەبەستەش من لەلای "سێر ئۆلیڤەر مارتێکست"، قەشەی گوندەکەی ئەولاتر بووم، کە بەڵێنی ئەوەی پێ داوم کە لەم شوێنەی دارستان بمبینێت و لێکمان مارە بکات.

**جاکەس:** (لەلاوە) حەزم لێیە ئەو پێک گەیشتنە ببینم.

**ئۆدریٚ:** باشە، هیوادارم خوا بەختەوەرمان بکات!

**تەکیستۆن:** ئامین. مرۆڤ، ئەگەر خاوەنی دڵێکی ترسنۆک بێت، لەم هەوڵەدا دوودڵ بێت، لەبەرئەوەی لێرە هیچ پەرستگایەک نییە جگە لە دارستان، هیچ ئاپۆڕەیەک نییە جگە لە گیانەوەری قۆچدار. بەڵام ئەوجا چییە. ئازا بە! هەروەکو قۆچ شتێکی دزێوە، بەڵام پێویستە. گوتراوە، " زۆر مرۆڤ هەر نازانێت چەند

سـامـانی هـەیە." راسـتـە: زۆر پیـاو قـۆچیـان هـەیە و رادەی هەبوونیـان نازانن. بـاشە، ئـەمـە شیـربـاییی ژنەکـەیەتی، بەخـۆی ئەوەی بەدەست نەهێناوە. قۆچەکان؟ تەنانەت واشـە؟ ئاخۆ تەنیا پیـاوی هەژار وان؟ نـا، نـا، شکـۆدارترین ئـاسک قـۆچێکی هـێندە زەبەلاحی هـەیە وەکـو هـی کـابرای خـوێڕی. ئاخـۆ لەبـەر ئەوەیە پیـاوی سـەڵت پیـرۆزە؟ نەخـێر، وەک چۆن شـارێکی شـوورەدار بـەنرخـتـرە لـە گـوندێک، ئاواش نـاوچەوانـی پیـاوی ژندار رێزەومـەندترە لە تەوێڵـی رووتی پیـاوێکی سـەڵت، جـا تـا چەند دەتوانێت بەم بێ ئەزموونیـەیەوە بەرگری لە خـۆی بکات، ئاواش هـەبوونی قـۆچ گرینگترە لە نەبوونی. (سێر ئۆلیڤەر مـارتێکست دێتە ژوورەوە) ئەوەتا وا "سێر ئۆلیڤەر مارتێکست" لەولاوە دێت، تۆ بەخـێـرهاتـی سـەرچاوان. ئەرێ تـۆ لەژێر ئەم درەخـتـە کارەکەمان دەبڕێنیتەوە، یان لەگەڵت بێین بۆ کڵێسایەکەت؟

**سێر ئۆلیڤەر مارتێکست:** کەس لێرە هـەیە ئەو ژنەت پێ ببەخشێت؟

**تەکیستۆن:** من ئەو بە دیاری لە کەس وەرناگرم.

**سێر ئۆلیڤـەر مـارتێکست:** بەڕاستی، ئەو دەبێت ببـەخشـرێت، ئەگینا مارەکردنەکە نایاساییە.

**جـاکـەس:** (دێتـەپێشـەوە، شـەپقـەکەی لادەدات) بەردەوام بە، بەردەوام، من ئەو دەبەخشم.

**تەکیسـتۆن:** ئێـوارە باش، ئەی گەورەی چاک کـە نازانم ناوت چیـیە. چۆنیت، باشـیت، بەڕێزم؟ یاخـوا بەخـێـر بێـیت: خـوا چاکـەت بداتـەوە لەبـەر هاوڕێیـەتیی تازەت، من زۆر خـۆشـحـاڵم بە ناسـینت. تەنانـەت لێـرە کـارێکی بچـووکـمـان بەدەسـتـەوەیە،

گەورەم. نەخێر، تکایە سەرت داپۆشەوە.

**جاکەس:** دەتەوێت ژن بێنیت، ئەی گێلی ڕەنگاوڕەنگ؟

**تەکیستۆن:** گەورەم، وەک چۆن گاجووت کەڵەمەی بەملەوەیە، ئەسپ لغاوی پێوەیە، بازیش زەنگوڵەی بەپێوەیە، پیاویش گیرۆدەی حەز و ئارەزووی خۆیەتی، جا وەک کۆتر دمک لێک دەخشێنن، ژنهێنانیش ئاوا وەکو پارووە خۆشەیە.

**جاکەس:** جا تۆیەکی ئاوا خانەدان و ڕەسەنزادە ئاوەها لەژێر دەوەنێکدا بەجۆری دەرۆزەکەرێک ژن دەخوازیت؟ بڕۆ بۆ کڵێسا، با قەشەیەکی باشت هەبێت پێت بڵێت ژنهێنان چییە: ئەم برادەرە تەنیا ئێوە لێک دەبەستێت بەجۆری تەختەی سەردیوار، دواتر یەکێکتان لەو تەختانە کورژ دەبنەوە و وەکو تەختەی تەڕ و سەوز لێک هەڵدەبڕێن.

**تەکیستۆن:** (لەلاوە) من لەو بڕوایەدا نیم وا بکەم و کەچی من پێم باشترە ئەو مارەمان ببڕێت نەک کەسێکی تر، چونکە لەوە ناچێت ئەو بەباشی لێکمان مارە بکات، بەوەش کە باش لێک مارەنەکراوین، ئەوە پاشتر دەبێتە بیانوویێکی باش بۆ من کە ژنەکەم بەجێ بهێڵم.

**جاکەس:** تۆ لەگەڵ من وەرە، لێگەڕێ با من ئامۆژگاریت بکەم.

**تەکیستۆن:** وەرە، ئەی "ئۆدرێ"ی شیرین:

دەبێ مارەمان ببڕین، ئەگینا دەبێ لە بێرەوشتیدا بژین.

خواحافیز، ئەی جەنابی ئۆلیڤەری چاک: نەخێر

ئەی ئۆلیڤەری شیرین،

ئەی ئۆلیڤەری ئازا و بەنگین،

بەجێم مەهێڵە لە دوای خۆت،
بەڵام
وەرگێڕە رووت،
برۆ، دەڵێم بە خۆت،
من نایەم بۆ مارەبڕین لای خۆت.
(جاکەس و تەکیستۆن و ئۆدرێی دێنە ژوورەوە)

**سێر ئۆلیڤەر مارتێکست:** ئەوە ئیش نییە. هیچ کەسێک لەو خوێڕییە سەیرانە ناتوانن وام لێ بکەن واز لە رێبازی ژیانم بهێنم.
(دەڕوات)

دیمەنی چوارەم:

**ناو دارستان**

(رۆزەلیند و سیلیا دێنە ژوورەوە.)

**رۆزەلیند:** هیچ قسەم لەگەڵ مەکە، من دەگریم.

**سیلیا:** تکایە، وا بکە: بەڵام هێشتاش ئەوەت لە بیر بێت کە فرمێسک لە پیاو ناوەشێتەوە.

**رۆزەلیند:** بەڵام ئاخۆ من بیانووم نییە بۆ گریان؟

**سیلیا:** هێندەت بیانوو هەن بەقەد ئەوەی حەزت لێی بێت، بۆیە بگری.

**رۆزەلیند:** رەنگی پرچی لە هی فێڵبازان دەچێت.

**سیلیا:** کەمێک لە رەنگی قژی "جوداس"[٢٣] قاوەییترە. بەمەریەم،

---

٢٣. (جوداس) واتە (یەهوزا) یەکێک بوو لە قوتابییەکانی حەزرەتی (مەسیح) کە دواتر ناپاکیی لێی کرد. (وەرگێڕ)

ماچەکانی ڕێک لە هی "جوداس" دەچن.

**رۆزەلیند:** بەڕاستی، ڕەنگی پرچی جوانە.

**سیلیا:** ڕەنگێکی نایابە: ڕەنگی قاوەیی سووورباو لەلای تۆ تاقە ڕەنگی جوانە.

**رۆزەلیند:** ماچەکانیشی پڕ پیرۆزیین وەکو دەم لێدانی نانی پیرۆز[٢٤].

**سیلیا:** ئەو جووتە لێوی داڕێژراوی "دایانا"ی کڕیووە: ئەو ڕەبەنە زستانییەش هێندەی ئەو خواناسانە ماچ ناکات: ماچەکانی سەهۆڵی پاکێتییان تێدایە.

**رۆزەلیند:** بەڵام بۆچی ئەو سوێندی خوارد کە ئەم بەیانییە دێت و نەشهات؟

**سیلیا:** نەخێر، بەدڵنیاییەوە ئەو هیچ ڕاستگۆییەکی تێدا نییە.

**رۆزەلیند:** تۆ باوەڕت وایە؟

**سیلیا:** بەڵێ، من باوەڕم وا نییە ئەو گیرفانبڕ یاخۆ ئەسپدز بێت، بەڵام ڕاستگۆیی ئەو لە مەسەلەی ئەوینداری دا، وابزانم وەکو پیاڵەی داپۆشراوی مەی یان گوێزێکی کرم خواردە بۆشە.

**رۆزەلیند:** لە مەسەلەی ئەویندارییدا ڕاستگۆ نییە؟

**سیلیا:** بەڵێ، کاتێک لە ئەویندا بێت، بەڵام وابزانم تا ئێستا تێدا نییە.

**رۆزەلیند:** تۆ خۆت گوێت لێی بوو سوێندی دەخوارد کە لەناو ئەویندا بوو.

**سیلیا:** " دا بوو " بڕێتی نییە لە " دایە". وێڕای ئەوەش سوێندی عاشق

---

٢٤. نانی پیرۆز: ئەو نانەیە کە هێمای جەستەی مەسیحە و لە کڵێسا بۆ پیرۆزی بە مەسیحییەکان دەبەخشرێت. (وەرگێڕ)

راستتر نییە لە قسەی خزمەتکاری مەیخانە: هەردوو لایان درۆکانیان بە سوێند دەسەلمێنن. ئەو لێرە لەناو دارستاندا خزمەتکاریێتی بۆ میری باوکت دەکات.

**رۆزەلیند:** دوێنی من میرم بینی و زۆر قسەم لەگەڵی کرد: ئەو لێی پرسیم لە چ باوانێکەوە کەوتوومەتەوە: من پێم گوت: لە یەکێکی چاکی وەکو هی ئەو: ئینجا ئەو پێکەنی و لێم گەڕا بڕۆم. بەڵام ئێمە چییە باسی باوکان دەکەین کاتێک پیاوێکی وەکو "ئۆرلاندۆ" لێرەیە؟

**سیلیا:** ئۆه، ئەو پیاوێکی ئازایە! ئەو هۆنراوەی ئازایانە دەنووسێت، قسەی ئازایانە دەکات، سوێندی ئازایانە دەخوات و ئازایانەش دەیانشکێنێت، بەتەواوی لەناو دڵی دولبەرەکەی دەدات: ڕێک وەکو ئەسپسوارێکی نەشارەزایە، کە لەلایەکەوە ئەسپەکەی بەر نەقیزە دەدات، وەکو گێلێکی خانەدانیش رمەکەی خۆی دەشکێنێت، بەڵام هەموو ئەمانە قنجن کە گەنجێک سوار دەبێت و گێلایەتیش ئاراستەی دەکات. ئەوە کێیە دێتە ئێرە؟

(کۆرین دێتە ژوورەوە)

**کۆرین:** خانم و خودان، ئێوە زۆرجاران پرسیارتان کردووە
لەبارەی ئەو شوانەی سکاڵای لەدەست ئەوین کردووە،
ئەوەی کە ئێوە بینیتان لەسەر گژوگیایەکە لە تەکمەوە دانیشتبوو،
ستاییشی ئەو کیژە بێرییە لەخۆباییە دڵپڕکینەیەی دەکرد
کە خانمەکەی ئەو بوو.

**سیلیا:** باشە، جا چی لەبارەی ئەو دەڵێیت؟

**کۆرین:** ئەگەر ئێوە حەز دەکەن دیمەنێکی شانۆیی بەڕاستی ببینن
لە نێوان ڕووی زەردهەڵگەڕاوی ئەوینی ڕاستەقینە و
سووریێتی گەشی بەسووک زانینی لەخۆباییبیانەی کینەدار،
کەمێک وەرنە ئەملا، منیش دەتانبەمە ئەو جێیە،
ئەگەر ئێوە حەز لە بینینی بکەن.

**ڕۆزەلیند:** ئۆهـ، وەرە، با بەرەو ئەوێ بچین،
دیمەنی عاشقان خۆشی دەداتە ئەوانەی کەوتوونەتە ئەوین.
بمانبە لای ئەو دیمەنە، ئینجا بۆ خۆت دەیبینیت،
منی ئەکتەری سەرقاڵ چ ڕۆڵێک لە شانۆییەکەیان دا دەنوێنێت.
(دەڕۆن)

دیمەنی پێنجەم:

**ناو دارستان**

(فێبە دێتە ژوورەوە کە سیلڤیەسی بەدواوەیە.)

**سیلڤیەس:** "فێبە"ی شیرینم، سووکایەتیم پێ مەکە، مەکە، ئەی "فێبە"!
بڵێ تۆم خۆش ناوێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕقاوی
وا مەڵێ. تەنانەت میری سەربڕ،
کە دڵی بە زۆر بینینی مەرگ ڕەق بووە،
یەکسەر تەورەکەی داناهێنێتەوە سەر گەردنە کەچکراوەکە
پێش ئەوەی داوای لێبووردن بکات: ئەرێ تۆ دڵڕەقتر دەبیت
لەوەی کە خەڵک دەکوژی و بە دڵۆپەخۆێنی خەڵک دەژیت؟
(ڕۆزەلیند و سیلیا و کۆرین لە پشتەوە دێنە ژوورەوە)

**فێبە:** من نابمە میری سەربڕی تۆ،

من لە تۆ ڕادەکەم، لەبەرئەوەی نامەوێ زامدارت بکەم.
تۆ پێم دەڵێت کوشتن لەناو چاوەکانمایە:
زۆر بەدڵنیاییەوە، زۆر لەوانەیە چاو
کە ناسکترین و نەرمترین شتە،
کە دەروازە ترسنۆکەکانی خۆی لەسەر دەنکە تۆز دادەخات،
بە ستەمکار و ببڕ و بکوژ ناو ببرێت!
ئێستا من پڕبەدڵ روو لە تۆ گرژ دەکەم،
جا ئەگەر چاوانم بتوانن زامدار بکەن، دەئێستا لێگەڕێ با بتکوژن:
دەئێستا خۆت وا بنوێنە کە دەبورێیتەوە، بەڵێ، دەئێستا بکەوە خوارێ،
یان ئەگەر تۆ نەتوانیت، ئۆه، شەرمە، شەرم،
درۆ مەکە و مەڵێ چاوەکانم مرۆڤکوژن!
دەئێستا ئەو برینەم نیشاندە کە چاوەکانم لە تۆیان کردووە:
ئەگەر تەنیا خۆت بە دەمبووسێک بخورێنیت، لەو جێیە
کەمێک داماڵان هەر دەمێنێتەوە، لەسەر گیاکرتی[٢٥] پاڵدەوە،
جێگەی ئەو پاڵدانەوەیە و خۆ پەستانە
لەسەر لەپت هەندێک دیار دەدات، بەڵام ئێستا چاوەکانم،
کە من لە تۆم چەقاندووە، ئازارت نادەن،
من دڵنیام، هیچ هێزێک لە چاودا نییە
کە بتوانێت ئازار بگەیەنێت.

---

٢٥. گیاکرتی: جۆر گیایەکە بۆ دروستکردنی گسک بەکاردێت. (وەرگێڕ)

**سیلڤیەس:** ئۆھ، ئەی "ڤێبە"ی ھێژا،

ئەگەر قەت جارێک – کە لەوانەیە ئەم " قەت جارێک"ە بەم زووانە بێت،

بەبینینی کەسێک ھەستت بە ھێزی خۆشەویستی کرد بێت،

ئینجا تۆ زامە نەبینراوەکان دەزانیت،

کە تیرە تیژەکانی ئەوین لێتی دەکەن.

**ڤێبە:** بەڵام تا ئەو کاتە

تۆ نەیەیتە نێزیک من، ئینجا ئەگەر ئەو کاتە ھات،

گرفتارم بکە بە گاڵتەپێکردنەکەی خۆت، بەزەییت پێمدا نەیەتەوە،

وەک چۆن تا ئەو کاتە من بەزەییم بە تۆدا نایەتەوە.

**رۆزەلیند:** (دێتە پێشەوە) ئەرێ بۆچی، تکات لێ دەکەم؟ دایکی تۆ رەنگە کێ بێت،

کە وا تۆ سووکایەتی، خۆدەرھێنان، ھەر ھەمووشی پێکەوە،

بەو کلۆڵەدا دەکەیت؟ ئەگەرچی تۆ جوانیش بیت–

وەک، بەڕاستی، کە من ھیچ لەوە زیاتر لە تۆ نابینم

کە رەنگە بەبێ مۆم بەناو تاریکیدا بچیتە ناو نوێنەوە–

ئەرێ دەبێت تۆ وا لەخۆبایی و بێبەزەیی بیت؟

بۆچی، ئەمە مانای چییە؟ بۆچی تۆ سەیری من دەکەیت؟

من ھیچی نائاسایی لە تۆدا نابینم کە سروشت

لە مەزادی گشتیی خۆیدا نەیبێت. بە خوای، بە ژیانی خۆم،

ئەو کیژە دەیەوێت چاوی منیش بخاتە تەڵەوە!

نەخێر، بەڕاستی، ئەی خانمی لەخۆبایی، هیوات بەمە نەبێت،
نە برۆ ڕەشەکانت، نە قژە ڕەشە ئارمووشییەکەت،
نە چاوە ڕەشە مۆرووانییە بەبریسکەکانت، نە روومەتە سەرتوولییەکەت،
دەتوانن روحم دەستەمۆ بکەن بۆ پەرستنی تۆ.
تۆ، ئەی شوانی بێ مێشک، بۆچی بەدوای ئەو کەوتوویت،
وەکو بای تەماویی باشوور، کە پڕیت لە ڕەشەبا و باران؟
تۆ هەزار جار پیاوێکی تەواوتری لەوەی
ئەو ژن بێت. کەسانی گێلی وەکو تۆن
کە دنیا پڕ دەکەن لە منداڵی ناشیرین.
ئاوێنەکەی ئەو نییە، تۆیت، کە ماستاو بۆ ئەو دەکەیت،
جا بە هۆی تۆوەیە کە ئەو خۆی بە کەسێکی تەواوتر دەبینێت
لەوەی کە هیچ ئاکارێکی بتوانێت بۆی دەربخات.
بەڵام، خاتوون، خۆت بناسە، لەسەر ئەژنۆ دانیشە،
سوپاسی ئاسمان بکە، بەڕۆژوو بە، لەبەر خۆشەویستیی پیاوێکی وا چاک،
لەبەرئەوە من دەبێت هاوڕێیانە بە گوێتدا بیچرپێنم،
کە توانات هەبوو بیفرۆشە، شتەکانت بۆ هەموو بازاڕێک دەست نادەن.
بۆ بەزەیی لەو پیاوە بپاڕێوە، خۆشت بوێت، پێشکێشکردنەکەی لێ وەرگرە،
ناشیرین یەگجار ناشیرینە کە گاڵتە بە خەڵک بکات.

جا بۆ خۆت ببیە، شوانە، خوات لەگەڵ.

**فێبە:** گەنجی جوان، تکات لێ دەکەم، ماوەی ساڵێک سەرزەنشتم بکە،
من پێم خۆشترە تۆ سەرکۆنەم بکەیت نەک ئەو دڵداریم لەگەڵ بکات.

**ڕۆزەلیند:** (بۆ فێبە) ئەو کەوتووەتە داوی ئەوینی ناشیرینییەکەت،
(بۆ سیلڤیەس) ئەویش دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی تووڕەییی من.
ئەگەر وابێت، بەو خێراییییەی ئەو وەڵامی تۆ بە رووگرژکردن بداتەوە،
من بە قسەی ڕەق سەرکۆنەی دەکەم.
(بۆ فێبە) کچێ بۆ وا سەیری من دەکەیت؟

**فێبە:** بەدڵنیایی، هیچ مەبەستێکی خراپم نییە.

**ڕۆزەلیند:** تکات لێ دەکەم، لەگەڵ من نەکەویتە ئەوینداریەوە،
لەبەرئەوەی من درۆیاویترم لەو سوێندانەی سەر مەیخواردنەوە،
وێڕای ئەوەش، من حەز لە تۆ ناکەم. ئەگەر دەتەوێت ماڵی من پێ بزانیت،
لەناو درەختە زەیتوونەکانی ئەم ناوەیە.
ئەرێ خوشکێ برۆین؟ (بۆ سیلڤیەس) شوانە، بەتێنتر دڵداریی لەگەڵ بکە.
وەرە، خوشکێ. (بۆ فێبە) بێری، باشتر ئاگات لێی بێت،
هەروا لەخۆبایی مەبە: ئەگەرچی هەموو دنیا دەبینێت،
کەس هێندەی ئەو چاوەکانی نەیخڵەتاندووە.

وەرە، بۆ لای مێگەلەکەمان.

(ڕۆزەلیند و سیلیا و کۆرین دەڕۆن)

**فێبە:** (بۆ خۆی) ئەی شوانی مردوو،[٢٦] ئێستا دەزانم قسەکانت چەندە بەهێزەوە ڕاست بوون،

"کێ هەیە خۆشەویستی کردبێت و لە یەکەم بینینەوە نەبووبێت؟"

**سیلڤیەس:** "فێبە"ی خۆشەویست

**فێبە:** ها، "سیلڤیەس"، تۆ چ دەڵێیت؟

**سیلڤیەس:** "فێبە"ی خۆشەویست، بەزەییت پێمابێتەوە.

**فێبە:** بۆچ، من بۆ ئەمە بەداخەوەم، ئەی "سیلڤیەس"ی جوامێر.

**سیلڤیەس:** لە هەر کوێیەک خەفەت هەبێت، فەرامۆشیش دەبێت.

ئەگەر تۆ خەفەت لە پەژارەیی ئەوینی من بخۆیت،

بە بەخشینی ئەوین، خەفەتی تۆ و خەمی من

هەردووکیان لەناو دەچن.

**فێبە:** تۆ خۆشەویستیی منت هەیە، ئاخۆ ئەمە کارێکی هاوسێیانە نییە؟[٢٧]

**سیلڤیەس:** حەز دەکەم تۆ بۆ من بیت.

**فێبە:** بۆچی، ئەمە تەماعکارییە.

"سیلڤیەس" جاران من ڕقم لە تۆ بوو،

---

٢٦. مەبەست لە شوانی مردوو (کریستۆفەر مارلۆ)ی شاعیرە و قسەکەی دواتریش کە لەبارەی خۆشەویستییەوە کراوە هەر هی ئەوە. (وەرگێڕ)

٢٧. مەبەست لەمە ئەوەیە کە لە (ئینجیل)دا هاتووە کە هاوسێی خۆت خۆش بووێت. (وەرگێڕ)

کەچی تا ئێستاش من تۆم خۆش ناوێت،
بەڵام لەبەرئەوەی تۆ دەتوانی هێندە بەباشی باسی عـیـشق بکەیت،
هاوڕێیەتیت، کە جاران زۆر بێزارکەر بوو بۆ من،
من بەرگەی دەگرم، هەروەها من تۆ بەکار دەهێنم،
بەڵام چاوەڕێی پاداشتی زێتر مەکە
لەو خۆشییەی کە تۆ کارت پێ دەکرێت.
**سیلڤیەس:** خۆشەویستیی من هێندە پیرۆز و تەواوە،
منیش لەو نەبوونییەی فەڕی خوایی،
ئەوە بە داهاتێکی یەکجار فرە دەزانم
کە گیشەی گوڵە قرچاوەکان لە دوای ئەو پیاوەوە بکەم
کە ئەو دروێنەکەری سەرەکییە: ناوە ناوە بزەیەکی پەرش و بڵاو
بەرەڵا بکە و من لەسەر ئەو بزەیە دەژیم.
**فێبە:** تۆ ئەو گەنجە دەناسیت کە کەمێک لەمەوبەر قسەی لەگەڵم کرد؟
**سیلڤیەس:** زۆر بەچاکی نا، بەڵام زۆرجارم بینیووە،
ئەو کۆختە و زەویوزاری ئەو پیرە جووتیارەی
کڕیووەتەوە کە جاران خودانی من بوو.
**فێبە:** وا نەزانی ئەوم خۆش دەوێت، گەرچی لەبارەی ئەوەوە دەپرسم،
ئەو تەنیا کوڕێکی لاسارە، کەچی باشیش قسان دەکات،
بەڵام من چ گـوێم بە وشـە چووە؟ ئەگـەرچی وشـە کـاری چاک دەکات،

کاتێک ئەو قسان دەکات ئەوانەی گوێیان لێی دەبێت دڵخۆش دەبن.
ئەو گەنجێکی جوانە، کەچی زۆر قۆزیش نییە:
بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو بەخۆوە دەنازێت، کەچی بەخۆوەنازینەکەی لێ دێت.
ئەو دەبێتە پیاوێکی تەواو: باشترین شتی ئەو
روویەتی، کە خێراتر لە زمانی خراپە دەکات،
چاوەکانیشی سارێژیان دەکات.
ئەو زۆر کەڵەگەت نییە، کەچی بۆ ئەو تەمەنەی هەیەتی بالابەرزە:
قاچەکانی واو وان، بەڵام هێشتاش چاکن.
سوورایییەکی جوان لەسەر لێویەتی،
کەمێک پێگەیشتووتر و سوورێکی گەشترە
لەوەی کە لەسەر کوڵمەکانی تێکەڵاو بووینە: ئەمەش رێک ئەو جیاوازییەیە
لە نێوان سووری تەواو و سوورو سپێتیی تێکەڵ.
هەندێک ژن هەن، سیلڤیەس، ئەگەر وەکو من پارچە بە پارچە
تەماشایان کردبێت، لێی نێزیک بوونەتەوە و
کەوتوونەتە داوی ئەوینیەوە، بەڵام، لەلای منەوە،
من نە خۆشم دەوێت و نە ڕقیشم لێیەتی،
کەچی من بیانووی زۆرترم هەن ڕقم لێی بێتەوە
لەوەی خۆشم بوێت، لەبەرچی بوو کە ئەو سەرکۆنەی منی کرد؟

ئەو گوتی چاوەکانم ڕەشن و پرچیشم ڕەشە،
ئێستا من لە بیرمە کە ئەو سووکایەتی بە من کرد.
من سەرم سوڕماوە بۆچی وەڵامیم نەدایەوە:
بەڵام ئەمە هەمووی وەکو یەکە: گوێ پێنەدان مانای لێبووردن نییە.
من نامەیەکی زۆر پڕ تیروتوانجی بۆ دەنووسم،
تۆش بۆی دەبەیت. دەیبەیت، سیلڤیەس؟

**سیلڤیەس:** فێبە، بە هەموو دڵمەوە.

**فێبە:** هەر ئێستا دەینووسم،
بابەتەکە لەناو سەر و دڵم دایە،
من زۆر توند و کورتی بۆ دەنووسم.
وەرە لەگەڵم، سیلڤیەس.
(دەڕوات)

## پەردەی چوارەم

دیمەنی یەکەم: ناو دارستان.

(رۆزەلیند و سیلیا و جاکەس دێنە ژوورەوە)

**جاکەس:** تکات لێ دەکەم، ئەی گەنجی جوان، رێم بدە با باشتر بتناسم.

**رۆزەلیند:** خەڵک دەڵێن تۆ کەسێکی خەمناکیت.

**جاکەس:** من وام، من زیاتر حەزم لەوەیە نەک لە پێکەنین.

**رۆزەلیند:** ئەوانەی ئەوپەڕگیری هەر لایەنێک بن کەسانی نائاسایین، ئەوان زۆر خراپتر لە کەسانی سەرخۆش خۆیان دەخەنە بەر رەخنەی هاوچەرخ.

**جاکەس:** بۆچ، شتێکی چاکە خەمناک بیت و هیچ نەڵێیت.

**رۆزەلیند:** ئینجا کەواتە، وا باشە ببیت بە بەرچیغ.

**جاکەس:** من نە خەمناکی مامۆستایان، کە لە ئەنجامی
چاولێکەرییەوەیە، نە هی مۆسیقاژەنان، کە لە ئەنجامی
خەیاڵبازییەوەیە، نە هی پیاوانی ناو دەربار، کە لە ئەنجامی
بەخۆنازینەوەیە، نەهی سەرباز، کە لە ئەنجامی
تەماعکارییەوەیە، نەهی پارێزەران، کە لە ئەنجامی
رواڵەتبازییەوەیە، نە هی خانمان، کە لە ئەنجامی
دڵناسکییەوەیە، نە هی عاشقان، کە لە ئەنجامی هەموو

ئەوانەیەوەیە، بەڵام هی من جۆرە خەمناکییەکی خۆمە، لە زۆر کەرەسەوە پێک هاتووە، لە زۆر بابەتەوە هەڵهێنجراوە، بەڕاستیش لە وردبوونەوەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی گەشتەکانمەوەیە، کاتێک زۆرجاران کاوێژیان دەکەمەوە جۆرە هەستێکی هەرە خەمناک چواردەورم دەتەنێت.

**ڕۆزەلیند:** تۆ گەشتیاریت! بە باوەڕم، تۆ هۆی مەزنت هەن بۆ خەمناکیت. دەترسم زەویزاری خۆتت فرۆشتبێت بۆ بینینی وڵاتی خەڵکی تر، ئینجا کە زۆرت بینیووە و هیچیشت نییە، وای لێ هاتووە چاوت دەوڵەمەند و دەستت کورت بێت.

**جاکەس:** بەڵی، من ئەزموونی خۆمم بەدەست هێناوە.

(ئۆرلاندۆ دێتە ژوورەوە)

**ڕۆزەلیند:** ئەزموونەکەشت وات لێ دەکات خەمناک بیت: من پێم خۆشترە کە گێلێکم هەبێت دڵخۆشم بکات نەوەک ئەزموونێکم هەبێت دڵتەنگم بکات- هەروەها لەو پێناوەشدا گەشتی بۆ بکەم!

**ئۆرلاندۆ:** ڕۆژێکی خۆش و بەختەوەر، "ڕۆزەلیند"ی خۆشەویست!

**جاکەس:** نەخێر ئینجا، خواحافیز، ئێوە بۆ خۆتان بە هۆنراوەی بێ سەروا بدوێن. (دەست دەکات بە ڕۆیشتن)

**ڕۆزەلیند:** خوات لەگەڵ، جەنابی گەشتیار. بڕوانە، تۆ بە دەنگێکی بێگانانە بدوێ و پۆشاکی سەیر بپۆشە، هەموو شتە چاکەکانی وڵاتی خۆت بێ بەها بکە و خۆشەویستیت نەبێت بۆ زادگای خۆت و وەختە سەرکۆنەی خوا بکەی کە ئەو جۆرە ڕوخسارەی پێ داویت، ئەگینا زۆر دەگمەنە من باوەڕت پێ بکەم کە لەناو

بەلەمـێکی "گـۆندۆلا"ی درێژووکـانی مـەلـەت کـردووە.[٢٨] بۆچی، هەلەو "ئۆرلاندۆ"، تۆ ئەو هەموو ماوەیە لە کوێ بوویت؟ تۆ عاشقی؟ تۆ فێڵێکی تر لە من دەکەیت، هەرگیز چیی تر نەیەییتە بەرچاوم.

**ئۆرلاندۆ:** "رۆزەلیند"ی جوان، من کەمتر لە کاتژمێرێک لە بەڵێنەکەم دواکەوتووم.

**رۆزەلیند:** لە خۆشەویستیدا بەڵێنی کاتژمێرێک دەشکێنیت؟ خوولەکێک دابەشی سـەر هەزار پارچە بکرێت. ئەوەی کـە، لە مـەسـەلەی خـۆشـەویستـیـدا تەنیـا یەک لەو هەزار پارچەیە بشکێنێت، بەو کەسە دەگوترێت کە "کیوپید" تیری خۆی لەسەرشانی داوە، بەڵام من مسۆگەرم کە ئەو بەڕاستی عاشق نییە.

**ئۆرلاندۆ:** بمبوورە، "رۆزەلیند"ی خۆشەویست.

**رۆزەلیند:** نەخێر، ئەگەر تۆ هێندە درەنگ بێیت، چیی تر مەیە بەرچاوم: من پێم خۆشترە کرمی هێلکە شەیتانۆکە دڵداریم لەگەڵ بکات.

**ئۆرلاندۆ:** کرمی هێلکە شەیتانۆکە؟

**رۆزەلیند:** بەڵێ، کـرمی هێلکە شـەیتـانۆکـە، لەبەرئەوەی ئەگـەرچی ئەو بەهێـواشـی دێت، ئەو خـانووەکـەی خـۆی لەسـەر سـەری خـۆی هەڵگرتووە، وا بزانم، ئەمەش مارەییـیەکی باشـترە لەوەی تۆ بۆ ژنێک دەیدەیت. لە پاڵ ئەوەشـدا، ئەو چارەنووسی خـۆی لەگـەڵ خۆی هێناوە.

**ئۆرلاندۆ:** ئەمە چییە؟

---

٢٨. گۆندۆلا: جۆرە بەلەمێک بووە گەشتیارانی ئەورووپی لەناو کۆڵانە ئاوییەکانی شاری (ڤێنیسیا)ی ئیتالی پیاسەیان پێکردووە و تا ئێستاش لەو شارە هەر بەو جۆرە پیاسە دەکرێت. (وەرگێڕ)

**رۆزەليند:** بۆچی، ئەمە قۆچە، پیاوانی وەکو تۆ لەبەر ئەمە دەبێت سوپاسمەندی ژنەکانتان بن، بەڵام ئەو بە خۆئامادەکردنەوە بەرەو چارەنووسی خۆی دەخشێت و لێ ناگەڕێ لەمەدا ژنەکەی گلەیی بێتە سەر.

**ئۆرلاندۆ:** پاکێتی و چاکێتی قۆچ دروستکەر نیین، "رۆزەليند"ی منیش پاک و چاکە.

**رۆزەليند:** جا من "رۆزەليند"ی تۆم.

**سیلیا:** ئەو پێی خۆشە وا بانگت بکات، بەڵام ئەو "رۆزەليند"ێکی رووخسار چاکتری لە تۆ هەیە.

**رۆزەليند:** وەرە، دڵداریم لەگەڵ بکە، لەبەرئەوەی من ئێستا سەرودڵم خۆشە، زۆر لەوانەیە رازی ببم. ئێستا حەزت لێیە چی بە من بڵێیت، ئەگەر من "رۆزەليند"ە راستەقینەکەی تۆ ببووام؟

**ئۆرلاندۆ:** من پێش قسەکردن حەزم لە ماچکردنت دەکرد.

**رۆزەليند:** نەخێر، باشتر بوو یەکەم جار قسە بکەیت، جا کاتێک تۆ دەپەشۆکایت لەبەر نەبوونی بابەت، لەوانە بوو دەرفەتی ماچکردنت بقۆستایەتەوە، وتاربێژە زۆر چاکەکان، کاتێک هیچیان پێ نامێنێت، تف دەکەن، جا بۆ عاشقەکانیش، کە هیچیان نەما، خوا بمانپارێزێت، پاکترین دەربازبوون لەم گرفتە ئەوەیە ماچ بکەن.

**ئۆرلاندۆ:** ئەدی چۆن دەبێت ئەگەر ماچەکە رەت کرایەوە؟

**رۆزەليند:** ئەوسا کیژەکە تۆ دەخاتە باری پاڕانەوە، ئینجا بابەتێکی تر دەست پێ دەکات.

**ئۆرلاندۆ:** کێ هەیە هیچی پێ نەمێنێت کاتێک لەگەڵ خانمە دولبەرەکەی دادەبێت؟

**رۆزەليند:** بە مـەريم، ئەگـەر من خـانـەكـەی تۆ ببـووام، تۆ وا دەبـوويت، ئەگينا دەبێت بڕوا بكەم كە شەرەفمەنديم لە زيرەكيم نزمتر بێت.

**ئۆرلاندۆ:** ئەدی مەسەلەی رەوش و باری من؟

**رۆزەليند:** تۆ لە رەوش و باری خـۆت ناچيتـە دەر، كەچی لـەناو بەرگی خۆشتدا دەبيت. ئەدی من "رۆزەليند"ی تۆ نيم؟

**ئۆرلاندۆ:** من خـۆشـی لەوە دەبينـم كـاتێك بڵـێم تۆ هـەويت، لـەبەرئەوەی ئەوسا من باسـی ئەو دەكەم.

**رۆزەليند:** باشـە، من بە ناوی ئەوەوە پێت دەڵێم تۆم ناوێت.

**ئۆرلاندۆ:** كەواتە، بە ناوی خۆمەوە من دەڵێم، دەمرم.

**رۆزەليند:** نەخـێر، بەڕاسـتی، هـەر بە وەكالەت بمـرە. دنيای بەسـەزمـان نێزيكەی شـەش هـەزار سـاڵ كۆنە[٢٩]، لەو هـەمـوو مـاوەيەدا هـيچ پيـاوێك نەبـووە بە ناوی خـۆيەوە مـردبێت، مـەبەسـتم وايـە، لە مـەسـەلەی ئەويندا ريدا. "ترۆيلەس"[٣٠]، مـێـشكـی بە تۆپزێكی گريكـی پڕژێندرا، كەچی ئەو هـەمـوو شتێكی كرد كە پێی دەكرا بەرلـەوەی بكوژرێت، جـا ئەو يەكـێكە لە سـەرمـەشـقـەكـانی خۆشەويستی. "لياندەر"[٣١] چەند ساڵێكی خۆش دەژيا، ئەگەرچی

٢٩. لە سـەردەمی شێكسپێردا زانـايان وايان لێكدابۆوە كە تەمەنی زەوی شـەش هـەزار ساڵە كە ئەمەش هەڵەيەكی ئاشكرايە. (وەرگێڕ)

٣٠. (ترۆيلەس) عـاشـقێكی بەنـاوبانگ بوو و كوڕی شـای تـەروادە بوو. لە شـەڕدا لەگەڵ گريكييەكان دا كوژرا. (وەرگێڕ)

٣١. (ليـانـدەر) لە هەقـايەتی كـۆنی گريكی دا عـاشـقی (هێرۆ) بوو كـە لەوبەری دەريا دەژيا. هەموو شەوێك لەبەر تيشكی چرای (هێرۆ) لەمبەرەی دەرياوە بە مەلەكردن دەپەڕيەوە بۆ ئەوبەری دەريا. شـەوێكيان لەناو دەريا تووشی گـەرداو هـات و خنكا. (هێرۆ)ش لە خەفەتان خۆی هەڵدايە ناو دەريا و دوای ئەو خۆی خنكاند. (وەرگێڕ)

"هێرۆ"ش دەبووە رەبەن، ئەگەر ئەو شەوە گەرمەی چلەی هاوین نەبووایە، چونکە ئەو گەنجە چاکە چووبوو خۆی لەناو ئاوی "هێلیسپۆنت" بشوات و تووشی جومگە رەقبوون بوو و خنکا، مێژوونووسە گێلەکانی ئەو سەردەمەش وایان دانا کە هۆی مردنەکەی "هێرۆ"ی "سێستۆس" بوو، بەڵام ئەمانە هەمووی درۆن، پیاو ناوە ناوە مردوون و کرمیش خواردوونی، بەڵام لە پێناو خۆشەویستی نەبووە.

**ئۆرلاندۆ:** من ئەو جۆرە روانینەم بۆ "رۆزەلیند"ی راستەقینە نییە، لەبەرئەوەی من نارەزایی دەردەبڕم، رووگرژی ئەو رەنگە بمکوژێت.

**رۆزەلیند:** سوێند بەم دەستەم، ئەوە مێشێکیش ناکوژێت. بەڵام وەرە، من بە سەلیقەیەکی زۆر گونجاوترەوە دەبم بە "رۆزەلیند"ی تۆ، دە چیت دەوێت داوام لێ بکە، من پێتی دەبەخشم.

**ئۆرلاندۆ:** کەواتە، منت خۆش بوێت "رۆزەلیند".

**رۆزەلیند:** بەڵێ، بەڕاستی من وا دەکەم، هەینی و شەمووان و هەموو رۆژەکانی تر تۆم خۆش دەوێت.

**ئۆرلاندۆ:** ئینجا تۆ منت دەوێت؟

**رۆزەلیند:** بەڵێ، بیست کەسی وەکو تۆش.

**ئۆرلاندۆ:** ئەوە چی دەڵێیت؟

**رۆزەلیند:** ئەرێ تۆ باش نیت؟

**ئۆرلاندۆ:** هیوادارم وابم.

**رۆزەلیند:** ئەدی بۆ نا، مرۆڤ ناتوانێت یەگجار زۆر حەز لە شتی باش بکات؟ وەرە، خوشکم، تۆ دەبیتە قەشە و لێکمان مارە بکە. دەستتم بدەرێ، ئۆرلاندۆ. خوشکم، تۆ چی دەڵێیت؟

**ئۆرلاندۆ:** تکایە، لێکمان مارە بکە.

**سیلیا:** من ناتوانم قسەکان بڵێم.

**رۆزەلیند:** تۆ دەبێت وا دەست پێ بکەیت، "ئەریَ، ئۆرلاندۆ، تۆ دەتەوێت–"

**سیلیا:** ئەوەندە بەسە. ئەریَ، ئۆرلاندۆ، تۆ ئەم "رۆزەلیند"ت وەکو هاوسەر دەوێت؟

**ئۆرلاندۆ:** دەمەوێت.

**رۆزەلیند:** باشە، بەڵام کەی؟

**ئۆرلاندۆ:** بۆچی، ئێستا، چەندەی بەخێرایی دەتوانێت با مارەمان بکات.

**رۆزەلیند:** کەواتە دەبێت بڵێیت، "رۆزەلیند، من تۆ دەکەمە هاوسەرم."

**ئۆرلاندۆ:** رۆزەلیند، من تۆ دەکەمە هاوسەرم.

**رۆزەلیند:** من رەنگە داوای دەسەڵاتت لێ بکەم، بەڵام، ئۆرلاندۆ، من تۆم وەکو مێردم دەوێت. ئەوا لێرە کیژێک هەیە بە پێش قسەکانی قەشە کەوتووە، بەدڵنیاییەوە، بیری ژن لە پێش کردارەکانی راکەراکەیەتی.

**ئۆرلاندۆ:** هەموو بیرەکان وان، ئەوان باڵدارن.

**رۆزەلیند:** ئێستا پێم بڵێ ئەوت بۆ ماوەی چەند دەوێت دوای ئەوەی ئەو بووە هی تۆ.

**ئۆرلاندۆ:** بۆ هەتا هەتایە و رۆژێکیش.

**رۆزەلیند:** بڵێ "رۆژێک" بەبێ گوتنی "هەتا هەتایە". نا، نا، ئۆرلاندۆ، پیاوان مانگی نیسانن کە دڵداری دەکەن، بەڵام مانگی

بەفرانبارن کە ژن دەهێنن، خانمان مانگی ئایارن کە کیژۆڵەن، بەڵام ئاسمان دەگۆڕێت کاتێک ئەوان دەبنە ژن. من زۆر حەسوودتر دەبم لە نێرەی کۆتری سابوونی کە لەسەر هێلکەیە، زۆر بەهاوارترم لە تووتی دژ بە باران، زۆر تامەزرۆترم لە شامپازی بۆ شتی نوێ، زۆر بە گاڵتەوگەپترم لە مەیمون. من بەبێ هۆ وەکو پەیکەری "دایانا"ی ناو قەڵبەزەکە دەکەومە گریان، من وا دەکەم کاتێک تۆ مەیلت لەوەیە خۆشی ببینیت، کاتێک تۆ حەزت لە نووستنە، من وەکو کەمتیار دەحریتێنم.

**ئۆرلاندۆ:** بەڵام ئاخۆ "رۆزەلیند"ی راستەقینەی من وا دەکات؟

**رۆزەلیند:** بەسەری خۆم، رێک وەکو من دەکات.

**ئۆرلاندۆ:** ئۆه، بەڵام ئەو ژیرە.

**رۆزەلیند:** ئەگینا زیرەکی ئەوەی نەدەبوو شتی وا بکات. چەند ژیرتر بێت، هێندە حولحولیترە، دەرگە لەسەر ژیری ژن دابخە، لە پەنجەرەوە سەری دەردەهێنێت، ئەمەش دابخە، لە کونی کلیلەوە سەردەردێنێت، ئەمە بوەستێنە، مێشکی لەگەڵ دووکەڵ لە دووکەڵکێشەوە دەردەچێت.

**ئۆرلاندۆ:** ئەو پیاوەی ژنەکەی ئەم جۆرە ژیرییەی هەبێت، رەنگە بڵێت، "ژیری بۆ کوێ دەڕۆیت؟"

**رۆزەلیند:** نەخێر، ڕەنگە ئەم جۆرە سەرزەنشتییە رابگریت تا ئەو کاتەی ژیری ژنەکەت بەرەو ناو نوێنی هاوسێکەت دەڕوات.

**ئۆرلاندۆ:** جا ژیرییەکەی چ بیانوویێک دێنێتەوە بۆ کردنی شتێکی وا؟

**رۆزەلیند:** بە مەریم، ئەو دەتوانێت بڵێت هاتووەتە ئەوێ لە دوای تۆ بگەڕێت. تۆ ناتوانیت هیچ ژنێک بەبێ بیانوویێک بدۆزیتەوە،

مەگەر ژنێکی بێ زمان بهێنیت. ئۆه، ئەو ژنەی ناتوانێت هەڵەی خۆی لە ملی مێردەکەی بئاڵێنێت، هەرگیز لێ مەگەڕێ بەخۆی منداڵەکەی بەخێو بکات، لەبەرئەوەی وەکو گێل پەروەردەی دەکات.

**ئۆرلاندۆ:** "رۆزەلیند"، بۆ ماوەی دوو کاتژمێری داهاتوو من تۆ بەجێ دەهێڵم.

**رۆزەلیند:** مخابن، دڵدارە خۆشەویستەکەم، من ناتوانم دوو کاتژمێر بێ تۆ بم!

**ئۆرلاندۆ:** من دەبێت بۆ نانی عەسر لەلای میری گەورە بم، لە ماوەی دوو کاتژمێردا من لەگەڵ تۆ دەبمەوە.

**رۆزەلیند:** ئا، بە ڕێی خۆتا بڕۆ، بە ڕێی خۆتا بڕۆ، من دەمزانی تۆ چۆن دەبیت. هاوڕێکانم زۆریان لەو بارەیەوە پێ گوتم، منیش کەمترم نەدەزانی. ئەم زمانە لووسەی تۆ منی گیرۆدە کرد، ئەوەتا کیژێکی تری جێهێڵراو، جا دەی، وەرە مەرگ! دوو کاتژمێری تر دێیتەوە؟

**ئۆرلاندۆ:** بەڵێ، "رۆزەلیند"ی شیرین.

**رۆزەلیند:** بە باوەڕم، زۆر بە راستیمە، بەڵکو خواش راستم بکاتەوە، بە هەموو سوێندە ناترسناکەکان، ئەگەر تۆ تەنیا یەک تۆز لە بەڵێنەکەت بشکێنیت یان یەک خوولەک دوای کاتی خۆت بێیتەوە، ئەوا من بە بەڵێنشکێنێکی هەرە کڵۆڵ، بە عاشقێکی هەرە بۆشت دادەنێم، هەروا بە ناشایستەترین کەست دادەنێم بۆ ئەوەی کە تۆ بە "رۆزەلیند" بانگی دەکەیت، کە لە نێوان دەستەیەکی گەورەی ناڕاستگۆیان هەڵبژێردرێیت، بۆیە ئاگات

لە ڕەخنەی من بێت و بەڵێنی خۆت ببەسەر.

**ئۆرلاندۆ:** بە دڵسۆزییەکی کەمتر نا لەوەی ئەگەر تۆ بەڕاستی "ڕۆزەلیند" بووایت: جا خواحافیز.

**ڕۆزەلیند:** باشە، کات کۆنە دادوەرێکە کە بڕیار لەسەر هەموو ئەم جۆرە خراپەکارانە دەدات، جا لێگەڕێ با کات ئەمە تاقی بکاتەوە. خوات لەگەڵ.

(ئۆرلاندۆ دەڕوات)

**سیلیا:** تۆ بە سانایی ڕەگەزی ئێمەت لە قسەکانی ئەوینداریت دا بەخراپی بەکار هێنا: ئێمە دەبێت کورتەک و نیوە شەرواڵەکەت بەسەر سەرت هەڵکێشین و ئەوە پێشانی دنیا بدەین کە باڵندەکە چی لە هێلانەکەی خۆی کرد.

**ڕۆزەلیند:** ئۆه، ئامۆزا، ئامۆزا، ئەی ئامۆزا بچووکە جوانەکەم، تۆ بەدڵنیایی دەتزانی من تا قووڵایی چەند لەناو ئەویندارى دام! بەڵام ئەوە نازانرێت: سۆزی من بنێکی نادیاری هەیە، وەکو کەنداوی پورتوگال.

**سیلیا:** یان وا باشترە بڵێی هێندە بێ بنە، کە تۆ چەندەی سۆزت دەڕێژیتە ناویەوە، لەبەری دەڕوات.

**ڕۆزەلیند:** نەخێر، ئەو کوڕە زۆڵەی ڤینۆس[32] کە لە بیرکردنەوە پەیدا بووە، لە فاتەڕەش ئاوس بووە، لە شێتێتی لەدایک بووە، ئەو کوڕە چەقاوەسووە کوێرە کە چاوی هەموو کەسێک خراپ دەکات لەبەرئەوەی چاوەکانی خۆی نەماون، با ئەو بڕیار بدات

٣٢. ڤینۆس خوای جوانی بوو لای گریکەکان و مەبەست لە کوڕە زۆڵەکەی ڤینۆس (کیوپید)ی خوای عیشقە. (وەرگێڕ)

کە تا چەند بەقووڵی من لە ئەویندام. ئەلینا، من پێت دەڵێم، من ناتوانم لە "ئۆرلاندۆ" دووربم و نەیبینم. من دەچمە جێیەکی نسار و تا ئەو دێتەوە هەر هەنسکان دەدەم.

**سیلیا:** منیش دەچم دەخەوم.

(دەڕوات)

دیمەنی دووەم:

**ناو دارستان**

(جاکەس و ئامیەنز و خانەدانان دێنە ژوورەوە کە جلی دارستاننشینانیان پۆشیووە)

**جاکەس:** کامە بوو ئەوەی مامزەکەی کوشت؟

**خانەدانێک:** گەورەم، من بووم.

**جاکەس:** با وەکو داگیرکارێکی ڕۆمانی پێشکێش بە میری بکەین، واش چاکە کە قۆچەکانی مامزەکە لەسەر سەری ئەو بخەین، وەکو نیشانەی سەرکەوتن. ئەرێ، دارستاننشین، تۆ هیچ گۆرانییەکت بۆ ئەم بۆنەیە نییە؟

**ئامیەنز:** بەڵێ، گەورەم.

**جاکەس:** بیڵێ. گرینگ نییە ئاوازەکەی چۆن بێت، تەنیا بەسە ئەگەر هاتوهاوارێک بێت.

(گۆرانی)

ئەوەی مامزەکەی کوشت چی پێ دەبڕێت؟

پێستە چەرمینەکە و قۆچەکانی لەسەر دەکرێت:

ئینجا بە گۆرانی بێهێننەوە.

ئەوانی تر ئەو بارە هەڵدەگرن.

کە قۆچ دەکەیتەبەر خۆت بە سووک مەزانە،
ئەوە پۆپیتە بوو پێش هاتنت بۆ ئەم جیهانە،
باوکت کردبوویە سەر سەری،
باوکت هەڵی گرتبوو و کردبوویە بەری.
قۆچ، قۆچ، قۆچی خۆشیهێن،
شتێک نییە شەرمەزار بیت پێی یان پێکەنین هێن.
(دەڕۆن)

دیمەنی سێیەم:

**ناو دارستان**

(رۆزەلیند و سیلیا دێنە ژوورەوە.)

**رۆزەلیند:** ئێستا تۆ چی دەڵێیت، ئەرێ دوو کاتژمێر تێپەڕنەبووە؟ لەم ناوەش هیچ "ئۆرلاندۆ" دیار نییە!

**سیلیا:** من، بە خۆشەویستییەکی خاوێن و مێشکێکی کێشەدار، بەمسۆگەری پێت دەڵێم ئەو تیروکەوانەکەی خۆی بردووەتە ئەوێ و چووە لێی خەوتووە.
(سیلڤیەس دێتە ژوورەوە)
بڕوانە، ئەوە کێیە بەرەو ئێرە دێت.

**سیلڤیەس:** (بۆ رۆزەلیند) راسپاردەکەی من بۆ تۆیە، گەنجی جوان. "فێبە"ی دڵنەرمم بە منی گوت ئەمە بدەم بە تۆ.
(نامەیەک دەداتە رۆزەلیند)

من ناوەڕۆکەکەی نازانم، بەڵام، وەک مەزەندەی دەکەم
بە دەموچاوە گرژەکەی و جوولانەوە تووڕەکەی
کە لە کاتی نامەنووسینەکەدا دەیکرد،
ناوەڕۆکەکەی دەبێت ڕقاوی بێت: بمبوورە،
من تەنیا نامەهێنێکی بێ گوناهم.

**ڕۆزەلیند:** (بەخۆی نامەکە دەخوێنێتەوە) تەنانەت ئارامییش
بەو نامەیە دەبێتە توندوتیژی و خۆبادەدات.
ئەگەر بەرگەی ئەوە بگریت، بەرگەی هەموو شتێک دەگریت!
کیژەکە پێم دەڵێت من جوان نیم، من کەسێکی بەدرەفتارم،
پێم دەڵێت لەخۆباییم و حەز ناکات منی خۆش بوێت
ئەگەر پیاو بەقەد قەقنەس دەگمەن بێت. خوا نیازم دەزانێت!
خۆشەویستیی ئەو ئەوە نییە کە من بەدوایدا وێڵ بم،
بۆ ئەوەم بۆ دەنووسێت؟ باشە، شوانە،
باشە، ئەو نامەیە بەخۆت دات ڕشتووە.

**سیلڤیەس:** نەخێر، من ناڕەزایی دەردەبڕم، من ناوەڕۆکەکەی نازانم.
"فێبە" بەخۆی نووسیوویەتی.

**ڕۆزەلیند:** وەرە، وەرە، تۆ گێلیت،
کەوتوویتە ناو ئەوپەڕی خۆشەویستییەوە.
من دەستی ئەوم بینیووە: دەستێکی چەرماوی هەیە،
دەستێکی قاوەیی مەیلەو زەرد: من بەڕاستی وام زانی
کە دەستەوانە کۆنەکانی پۆشیووە، بەڵام ئەوە دەستەکانی خۆی
بوو.
ئەو دەستێکی کابانانەی هەبوو: بەڵام ئەوە مەسەلەکە نییە.

من دەڵێم ئەو هەرگیز ئەو نامەیەی دانەڕشتووە،
ئەمە داهێنانی پیاوە و دەستی پیاویشە.

**سیلڤیەس:** دڵنیا بە هی ئەوە.

**ڕۆزەلیند:** بۆچی، شێوازەکەی ئەمە توند و دڵڕەقانەیە،
شێوازی مەیدانخوازانەیە: بۆچی، ئەو مەیدانم لێ دەخوازێت
بە جۆری تورک بۆ مەسیحییەکان: مێشکی ناسکی ژن
ناتوانێت ئەم جۆرە داڕشتنە ڕەقە نەفرەجایە بەرهەم بێنێت،
ئەم وشە ڕەشانەی کە کاریگەرییان رەشترە لە روخسارییان.
حەز دەکەیت گوێت لە نامەکە بێت؟

**سیلڤیەس:** باشە، ئەگەر تۆ پێت خۆش بێت، لەبەرئەوەی تا ئێستا هەرگیز گوێم لێ نەبووە، ئەگەرچی یەکجار زۆر دڵڕەقیم لە "فێبە" بینیووە.

**ڕۆزەلیند:** ئەو من (دەفـیـبـێنێت)[٣٣]: سەرنج بدە ئەو زۆردارە چۆن دەنووسێت.
(بەدەنگ دەخوێنێتەوە) "ئەرێ تۆ خواوەندی، وا بوویت بە شوان،
دڵی خانمێکت کردووەتە بریان؟"
ئاخۆ ژن دەتوانێت وا سەرزەنشت بکات؟

**سیلڤیەس:** تۆ ئەمە بە سەرزەنشت دادەنێیت؟

**ڕۆزەلیند:** (دەخوێنێتەوە) "بۆچی، ئاکاری خواییت خستە لاوە،
ئەرێ تۆ شەڕکردنت لەگەڵ دڵی ژن پێ شیاوە؟"

---

٣٣. واتە بەشێوازی (فێبە) کە هێما و نیشانەی دڵڕەقییە لەگەڵم ڕەفتار دەکات. (وەرگێڕ)

ئەریّ هەرگیز تۆ سەرزەنشتی وات بیستووە؟
" کاتێک چاوی پیاو دڵداری لەگەڵم دەکرد،
بەڵام هیچ کامیان دڵمی کون نەکرد."
واتە ئەو من بە دڕندە دادەنێت.
"ئەگەر کینەی ناو هەردوو چاوانت
هێزی ئەوەی هەبێت عیشقم ببزوێنێت،
مخابن، چ کاریگەرییەک دێننە بوون،
ئەگەر لێم بڕوانن بەنەرمی و زۆر روون!
کە سەرکۆنەت دەکردم، من تۆم کەوتە دڵ،
ئەی ئەگەر داوام لێ بکەیت چۆن دێمە کوڵ!
ئەو کەسەی ئەو نامەی عیشقەت پێ دەدات
لەلای منەوە کەم پەی بەو عیشقمەوە دەبات:
جا بەهۆی ئەوەوە بۆم بنێرەوە نامەی بڕیارت،
ئاخۆ گەنجێتی و دڵنەرمییەکەت دێتە هاوارت
ئەو داوا دڵسۆزانەم وەردەگرێت بۆ خۆ،
هەرچییم لە دەستم بێت من دەیکەم بۆ تۆ،
ئەگەرنا بەڕێگەی ئەو رەت بکەرەوە ئەم عیشقەم،
ئەوسا بیر لەوە دەکەمەوە چۆن بمرم ئەو دەم."

**سیلڤیەس:** تۆ ئەمە ناو دەنێیت سەرکۆنەکردن؟

**سیلیا:** بەداخەوە، ئەی شوانی بەسەزمان!

**رۆزەلیند:** تۆ بەزەییت بەودا دێتەوە؟ نەخێر، ئەو شایەنی هیچ بەزەیییەک نییە. ئەریّ تۆ ژنێکی وات خۆش دەوێت؟ چی، بتکاتە

ئامـێر و ئاوازی سـاخـتـەکـارانەت پێ لێ بدات؟ ئەمـە کـارێکی خـۆلەبەرنـەگـیـراوە! باشــە، ئادەی برِۆ بـۆ لای ئەو، چونکـە من دەبینم عـیـشق تۆی کـردووەتە مـارێکی دەسـتـەمـۆ، ئەوەش بەو بڵێ: ئەگەر ئەو منی خـۆش دەوێت، من فەرمـانی پێ دەکەم تۆی خۆش بوێت، ئەگەر وا نـەکات من هـەرگیز ئەوم ناوێت تـاوەکو تۆ تکای بۆ نـەکـەیت. جـا ئـەگـەر تۆش عـاشـقێکی راسـتـەقـینـەیت، دەبرِۆ، بەبێ تەنیا قسـەیەک. ئەوا لێرەوە هـاورِێی پتر دێن.

(سیلڤیەس دەروات)

(ئۆلیڤەر دێتە ژوورەوە)

**ئۆلیڤەر:** بەیانیتان باش، ئەی جوانان. تکایە پێم بڵێن، ئەگەر دەزانن،
لە کوێی لاچەپی ئەم دارستانەدا
پەچەی مەرِان هـەیە کە شوورەکەی دار زەیتوونە؟

**رۆزەلیند:** رۆئاوای ئەم شوێنەیە، لە دۆڵەکەی تەنیشتمان،
لەلای ریزە شۆرِەبییەکانی چۆمە خورِە خورِکەرەکەوە
لای دەستە راستت جێ بهێڵە، دەگەیتە ئەو شوێنە.
بەلام ئێستا ماڵەکە چۆلوهۆڵە و کەس لەوێ نییە.

**ئۆلیڤەر:** ئەگەر ئەوەی دەیبینم هـەمان ئەوە بێت کە دەیبیستم،
کەواتە من دەبێ ئێوە بە وەسف بناسمەوە:
ئەم جلانەتان لەگەڵ تەمەنتان رێک دێتەوە:" کورِەکە جوانە،
روخسارێکی کیژانەی هـەیە، وەکو خوشکێکی پێگەیشتوو
هـەڵسوکەوت دەکات، ژنەکە کورتتر و
رەنگ تاریکترە لە براکەی." ئەرێ ئێوە خاوەنی

ئەو خانووە نین کە من لێی دەپرسم؟

**سیلیا:** چونکە لێمان پرسراوە، هیچ خۆدەرهێنان نییە، بەڵێ خۆمانین.

**ئۆلیڤەر:** "ئۆرلاندۆ" سڵاوی بۆ هەردووکتان هەیە،

بۆ ئەو گەنجەش کە بە "رۆزەلیند"ی خۆی بانگی دەکات

ئەو ئەم دەسەسڕە خوێناوییەی ناردووە. ئەرێ تۆ هەویت؟

**رۆزەلیند:** من هەوم. بەڵام پێویستە من چی لەمەوە تێ بگەم؟

**ئۆلیڤەر:** هەندێک لە شەرمەزارییەکانی من، ئەگەر ئێوە

لەبارەی منەوە بزانن کە من چ جۆرە پیاوێکم

و چۆن و بۆچی و لە کوێ ئەم دەسەسڕە خوێناوی بووە.

**سیلیا:** تکایە، بیڵێ.

**ئۆلیڤەر:** کاتێک "ئۆرلاندۆ" بۆ دوا جار لە ئێوە جیا بووەوە،

ئەو بەڵێنێکی دا کە لە ماوەی کاتژمێرێکدا[٣٤]

بگەڕێتەوە لاتان، جا کە لەناو دارستان پیاسەی دەکرد،

خۆراکی تاڵ و شیرینی بیرکردنەوەی دەچەشت،

گوێ بگرە، چی رووی دا. ئەو چاوی بەلایەکدا گێڕا،

ئینجا مەزەندە بکە چ شتێک خۆی بۆ دەرخست.

لەژێر داربەڕووێکدا، کە لقەکانی لە پیرییان قەوزاوی بووبوون،

لە وشکی کۆنیشدا چڵەپۆپەکانی تەواو رووتابوونەوە،

پیاوێکی بەدبەختی جلشڕ، قژی یەک بار هاتبوو،

---

٣٤. لێرەدا هەڵەیەک کراوە، جا ئەمە یان هەڵەی شێکسپیرە یان نووسیارەکانی شێکسپیر. چونکە (ئۆرلاندۆ) نەیگوتبوو لەماوەی کاتژمێرێک دێمەوە لاتان، بەڵکو گوتبووی لەماوەی دوو کاتژمێر دێمەوە لاتان. (وەرگێڕ)

لەسەرپشت لێی خەوتبوو، لە دەوری ملیشی
مارێکی سەوزی زێڕاوی خۆی لوول دابوو،
سەری مارەکەش گورج بوو لە هەرەشەکردن و نێزیکبوونەوە
لە کونی دەمی کابراکە، بەڵام لەپڕ،
کە "ئۆرلاندۆ"ی بینی ئەو خۆی خاو کردەوە و
بە جینگڵەکردن بەرەو لای ناو دەوەنێک خشی،
کە لەژێر سێبەری ئەو دەوەنە دەڵەشێرێک،
کە گوانەکانی هەموو لە وشکییان چرچ بووبوون،
سەری لەسەر زەوی بوو، بە تەماشاکردنێکی پشیلانەوە،
خۆی مەڵاس دابوو، تا ئەو کاتەی ئەو پیاوە خەوتووە
بجـوولێت، لەبەرئەوەی لە سـروشـتی شـاهـانەی ئەو دڕندەیەدا
وایە
کە هیچ شتێکی بە مردووچوو نەکاتە نێچیری خۆی.
"ئۆرلاندۆ" کە ئەمەی بینی، لە پیاوەکە نێزیک بووەوە،
ئەوەی دۆزییەوە کە ئەو برای خۆیەتی، برا گەورەکەیەتی.
**سیلیا:** ئۆه، من لێیم بیستووە کە ئەو باسی ئەو برایەی دەکرد،
جا ئەو ئەمی بەناسروشتیترین کەس دادەنا
کە لەناو خەڵکیدا ژیابێت.
**ئۆلیڤەر:** باشی کردووە کە ئەو وای کردووە،
لەبەرئەوەی من باش دەمزانی ئەو ناسروشتی بوو.
**رۆزەلیند:** بەڵام لەبارەی "ئۆرلاندۆ"وە، ئاخۆ ئەو ئەمی لەوێ جێ هێشت
تا ببێتە خۆراکی دەڵەشێرە خوێنمژە برسییەکە؟

**ئۆلیڤەر:** دووجاران ئەو پشتی تێ کرد و نیازی بوو وا بکات،
بەڵام دڵنەرمی، کە هەموو کات لە تۆڵە مەزنترە،
سروشتیش بەهێزترە لە تاقە بیانوویێک،
وای لێ کرد لەگەڵ دەڵەشێرەکە بکەوێتە شەڕەوە،
کە خێرا لە بەرامبەر ئەودا کەوت: لەو کەوتنەیدا
من لە خەوە بەدبەختانەکەم واگا هاتمەوە.
**سیلیا:** تۆ برای ئەویت؟
**رۆزەلیند:** ئەتۆ بووی ئەو رزگاری کردیت؟
**سیلیا:** ئەتۆ بوویت هەموو جار پیلانت دادەنا بۆ کوشتنی ئەو؟
**ئۆلیڤەر:** من بووم، بەڵام ئێستا من نیم. من پێم شەرم نییە
پێتان بڵێم چی بووم، لەبەرئەوەی گۆڕانەکەم
تامی هێندە خۆشە، کە ئێستا من بوومەتە خۆم.
**رۆزەلیند:** بەڵام مەسەلەی ئەو دەسەسڕە خوێناوییە چییە؟
**ئۆلیڤەر:** هەر ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە،
کاتێک ئێمە باسی چی لە نێوان هەردووکمان رووی دابوو
لەسەرەتاوە تا بنەتا کرد، فرمێسک لە چاوانی هەردووکمانەوە
رێچکەی بەست –بۆ نموونە، من چۆن هاتمە ئەم شوێنە چۆلە –
بەکورتی، ئەو منی بردە لای میری دڵنەرم،
کە جلوبەرگ و خۆراکی پێ دام و
من پابەندی خۆشەویستیی براکەم بوومەوە،
یەکسەر منی بردە ناو ئەشکەوتەکەی خۆیەوە،
ئەو لەوێ جلی خۆی داکەند، لێرە لەسەر قۆڵی دەڵەشێرەکە

هەندێک گۆشتی پچڕی بوو،
کە هەموو ئەو کاتە خوێنی لێ دەهات، ئینجا ئەو بوورایەوە و
بە بوورانەوەوە هاواری بۆ "رۆزەلیند" دەکرد.
زوو من هێنامەوە هۆش خۆی، برینەکەیم پێچایەوە،
دوای ماوەیەکی کەم، ئەو دڵی قایم بوو،
ئەو منی ناردە ئێرە، ئەگەرچی من بێگانەم،
چیرۆکەکە بگێڕمەوە، کە رەنگە ئێوە لێی ببوورن
لە شکاندنی بەڵێنەکەی، ئەو دەسەسڕەش
کە لە خوێنی ئەو سوورە، بیدەم بەو گەنجە شوانەی
کە ئەو بە گاڵتە بە "رۆزەلیند" بانگی دەکات.
(رۆزەلیند دەبوورێتەوە)

**سیلیا:** بۆچی، ئێستا چ بووە، گانیمێد، گانیمێد، "گانیمێد"ی شیرین!

**ئۆلیڤەر:** زۆر کەس دەبوورێنەوە کە سەیری خوێن دەکەن.

**سیلیا:** مەسەلەکە لەوە زیاتری تێدایە. ئامۆزا! گانیمێد!

**ئۆلیڤەر:** بڕوانە، وا بەهۆش خۆی دێتەوە.

**رۆزەلیند:** خۆزگە لە ماڵەوە بووام.

**سیلیا:** ئێمە دەتبەینەوە ئەوێ. تکات لێ دەکەم، ئەرێ قۆڵی دەگریت؟

**ئۆلیڤەر:** دڵخۆش بە، گەنجۆ. تۆ پیاویت! تۆ دڵی پیاوانت نییە.

**رۆزەلیند:** من دان بەوەدا دەنێم، بەڕاستی وام. ئاه، کوڕە هەموو کەسێک وا بیر دەکاتەوە کە بوورانەوەکەم باش لاسایی کراوەتەوە. تکات لێ دەکەم بە براکەت بڵێ چەند بەچاکی من ئەو رۆڵەم نواند. "پێ دەکەنێت" های هۆو!

**ئۆلیڤەر:** ئەمە لاسایکردنەوە نەبوو: بەڵگەی یەگجار زۆر لە روخسارتدا هەن کە ئەوە سۆزێکی راستەقینە بوو.

**رۆزەلیند:** دڵنیا بە، لاساییکردنەوە بوو.

**ئۆلیڤەر:** باشە، دەی، دەئینجا ئازا بە و لاسایی ئەوە بکەوە ببیت بە پیاو.

**رۆزەلیند:** وا دەکەم، بەڵام بەڕاستی، بە هەق دەبووایە من ژن بوویووام.

**سیلیا:** وەرە، تۆ رەنگ زەردتر و رەنگ زەردتر دەبیت: تکایە با بەرەوماڵ ببینەوە. گەورەی چاک، لەگەڵمان وەرە.

**ئۆلیڤەر:** من ئەوە دەکەم، لەبەرئەوەی من دەبێت وەڵامەکە لەگەڵ خۆم بەرمەوە کە چۆن "رۆزەلیند" لە براکەمی بوردووە.

**رۆزەلیند:** من شتێک پێکەوە دەنێم: بەڵام تکات لێ دەکەم ستایشی لاساییکردنەوەکەم بۆ ئەو بکە. ئەرێ دەڕۆیت؟

(دەڕۆن)

## پەردەی پێنجەم

دیمەنی یەکەم: ناو دارستان

(تەکیستۆن و ئۆدریّ دێنە ژوورەوە)

**تەکیستۆن:** ئێمە کاتێکی گونجاو دەدۆزینەوە، "ئۆدری"، پشووت هەبێت، ئەی "ئۆدریّ"ی دڵنەرم.

**ئۆدریّ:** سەرەڕای هەموو قسەکانی کابرای خانەدان، بەڕاستی، قەشەکە تا ڕادەیەک باش بوو.

**تەکیستۆن:** ئۆدریّ، ئەو خراپترین "سێر ئۆلیڤەر" بوو، ئەو بەربادتریت "مارتێکست"[٣٥] بوو. بەڵام، ئۆدریّ، لێرە لەناو دارستاندا گەنجێک هەیە کە تۆ بە هی خۆی دادەنێت.

**ئۆدریّ:** ئاریّ، دەزانم کێیە: ئەو لەم دنیایەدا هیچ مەیلێکی لە من نییە. ئەو پیاوەی مەبەستتە ئەوە وا بەرەو ئێرە دێت.

(ویلیەم دێتە ژوورەوە)

**تەکیستۆن:** وای خۆشە بۆ من ئەگەر گاڵتەجارێک ببینم. بەڕاستی، ئێمە کە خاوەنی ژیرێتیی چاکین زۆر شت هەن کە دەبێت وەڵامیان بدەینەوە: ئێمە دەبێت گاڵتە بە خەڵکانی تر بکەین، ئێمە خۆمان پێ ناگیرێت.

**ویلیەم:** ئێوارەت باش، ئۆدریّ.

---

٣٥. لە ئینگلیزی یدا (مارتێکست) بە واتای (تێکدەری دەق) دێت. (وەرگێڕ)

**تەکیستۆن:** خوا ئێوارەت باش بکات، ویلیەم.

**ویلیەم:** ئێوارەی تۆش باش، بەڕێزم.

**تەکیستۆن:** ئێوارەت باش، هاوڕێی خانەدان. سەرت داپۆشە، کڵاوت لەسەر بنێ، نەخێر، تکایە، سەری خۆت بپۆشە. برادەر، تەمەنت چەندە؟

**ویلیەم:** بیست و پێنج، گەورەم.

**تەکیستۆن:** تەمەنێکی پێگەیشتووە. ناوت "ویلیەم"ە؟

**ویلیەم:** ویلیەم، گەورەم.

**تەکیستۆن:** ناوێکی خۆشە. لێرە لەناو دارستان لەدایک بوویت؟

**ویلیەم:** بەڵێ، گەورەم، سوپاس بۆ خوا .

**تەکیستۆن:** "سوپاس بۆ خوا"، وەڵامێکی چاکە. تۆ دەوڵەمەندیت؟

**ویلیەم:** بەڕاستی، گەورەم، مامناوەندیم.

**تەکیستۆن:**"مامناوەندی" چاکە، زۆر چاکە، بەنایابی زۆر چاکە، کەچی واش نییە، ئەویش مامناوەندییە. ئەرێ تۆ ژیریت؟

**ویلیەم:** بەڵێ، گەورەم، من ژیرییەکی چاکم هەیە.

**تەکیستۆن:** بۆچ، تۆ باش قسە دەکەیت. من ئێستا قسەیەکم بەبیر دێتەوە، "کەسی گێل وا بیر دەکاتەوە ژیرە، کەسی ژیریش خۆی بە گێل دادەنێت." فەیلەسووفە بتپەرستەکە، کاتێک حەزی لە خواردنی ترێ بێت، لێوەکانی دەکاتەوە و ترێیەکە دەخاتە زاری خۆی، بەو واتایەی، ترێ بۆ خواردنە و لێوەکانیش بۆ ئەوەن بکرێنەوە. تۆ ئەم خانمەت خۆش دەوێت؟

**ویلیەم:** خۆشم دەوێ، گەورەم.

**تەکیستۆن:** دەستتم بدەرێ. تۆ خوێندەواری؟

**ویلیەم:** نەخێر، گەورەم.

**تەکیستۆن:** ئینجا ئەوە لە من فێر ببە: هەبوونی شتێک واتە خاوەندارێتی شتێک، چونکە ئەوە گفتوگۆیەکی ڕەوانبێژییە، کاتێک خواردنەوەیەک لە کوپێکەوە دەکرێتە ناو پەرداخێکەوە، بەپڕکردنی یەکێکیان ئەوەی تر بۆش دەبێت. جا لەبەرئەوەی هەموو نووسەرەکانت لەگەڵ ئەوەدان کە "ئەو" واتە هەو. ئێستا تۆ "هەو" نیت و من ئەوم.

**ویلیەم:** کام ئەو، گەورەم؟

**تەکیستۆن:** گەورەم، "ئەو"ەی ئەو ژنە مارە دەکات. بۆیە، ئەی گاڵتەجار وازبێنە – کە بە زمانی ڕەمەکی، دەست بەردە – لە کۆمەڵایەتی –کە بە زمانی لادێی واتە، تێکەڵاوی لەگەڵ – ئەم مێیینەیە – کە بە ڕەشۆکی دەبێتە، ئەم ژنە. کە هەمووی پێکەوە دەبێتە، واز لە تێکەڵاوێتی لەگەڵ ئەم ژنە بهێنە، دەنا، ئەی گاڵتەجارِ، تۆ لەناو دەچیت، یان با باشتر لێی تێ بگەیت، دەمریت، یان بە واتایەکی تر، من دەتکوژم، لەناوت دەبەم، ژیانت وەردەگێڕم بۆ مەرگ، ئازادیت دەکەمە کۆیلەیی. من یان بە ژەهر یان بە دارکاری و فەلاقە، یان بە ئاسنی پۆڵا دەتکوژم، من وەک سیاسەتوانێک لەگەڵت دەدوێم، من بە فڕوفێڵی سیاسی تۆ دەفەوتێنم، من بە سەت و پەنجا شێوازی جۆراوجۆر تۆ لەناو دەبەم: بۆیە بلەرزە و ئێرە جێ بهێڵە.

**ئۆدرێ:** وابکە، "ویلیەم"ی چاک.

**ویلیەم:** خوا دڵخۆشت بکات، گەورەم.

(دەڕوات)

(کۆرین دێته ژوورەوە)

**کۆرین:** خـودان و خـانمـەکەم بەدوای ئێـوەدا دەگـەڕێن: هـەر یـەکسـەر وەرن!

**تەکیستۆن:** راکە، ئۆدرێ! راکە، ئۆدرێ! من دەستبەجێ بەدواتدا دێم.

(دەڕۆن)

دیمەنی دووەم

**ناو دارستان**

(ئۆرلاندۆ و ئۆلیڤەر دێنە ژوورەوە)

**ئۆرلاندۆ:** ئاخـۆ دەشـێت بە نـاسـینێکی هێندە کـورت تۆ ئەوت بکەوێتـە بەر دڵان؟ بـەجـۆرێک کـە تـۆ ببینیت، ئەوت خـۆش بوێت؟ کـە خۆشیشت ویست، دڵداری لەگەڵ بکەیت؟ کە دڵداریشت لەگەڵ کـرد، ئەو بە مـێـرد پێکردنت رازی بێت؟ ئاخـۆ تـۆش بەردەوام دەبیت لە دڵخۆشکردنی ئەو؟

**ئۆلیڤەر:** مەسـەلەی دەستوبردی ئەو بابەتە مـەخە بەر بەرهـەڵستییەوە، هـەژارییەکەی ئەو، یەکترناسینێکی کورت، دڵداریکردنی کتوپڕ، هـەروەها مـەسـەلەی رازیبوونی یەکسـەری ئـەو، بەڵام لەگـەڵ من بڵـێ، "ئەلینا"م خـۆش دەوێت، لەگـەڵ ئەو بڵـێ، کە ئەو مـنی خۆش دەوێت، لەگەڵ هەردوو لامـان بە، کە رەنگە ئێمە یەکتر بەختەوەر بکەین. ئـەمـە بۆ چاکـەی تـۆ دەبێت، لەبەرئەوەی خـانووی باوکم، هەمـوو داهـاتەکەی پیـرە "سێر راولەند"، مـن بە یاسـا دەیدەم بە تۆ، من لێرە بە شوانی دەژیم و دەمرم.

(رۆزەلیند دێتە ژوورەوە)

**ئۆرلاندۆ:** تۆ پەسندکردنی منت وەرگرت. با زەماوەندەکەتان سبەی بێت: من میری گەورە و هەموو دواکەوتە بەختیارەکانی ئەو بۆ ئەوێ بانگهێشت دەکەم. تۆ بڕۆ و "ئەلینا" ئامادە بکە، جا بڕوانە وا "رۆزەلیند"ی من دێتە ئێرە.

**رۆزەلیند:** خوا بتپارێزێت، براکەم.[٣٦]

**ئۆلیڤەر:** تۆش، ئەی خوشکی جوانم.

(دەڕوات)

**رۆزەلیند:** ئۆه، ئەی "ئۆرلاندۆ"ی خۆشەویستم، چەند دڵتەنگم بەوەی کە دەبینم دڵت لەناو دەسەسرێک لوولداوە!

**ئۆرلاندۆ:** ئەوە قۆڵمە.

**رۆزەلیند:** من وام زانی دڵت بە چڕنووکی شێرێک بریندار بووە.

**ئۆرلاندۆ:** ئا برینداره، بەڵام بە چاوانی خانمێک.

**رۆزەلیند:** ئەرێ براکەت پێی گوتیت من چۆن لاسایی بوورانەوەم کردەوە کاتێک ئەو دەسەسرەکەی نیشان دام؟

**ئۆرلاندۆ:** بەڵێ، شتی لەوە سەرسامکەرتریش.

**رۆزەلیند:** ئۆه، من دەزانم مەبەستت چییە! نەخێر، ئەوە راستە: هەرگیز هیچ شتێکی لەوە کتوپڕتر رووی نەداوە جگە لە شەڕی دوو بەران، هەروەها لەخۆباییبوونە خۆپڤدەرانەکەی قەیسەر کە دەڵێ "هاتم، دیتم و سەرکەوتم"، چونکە براکەت و خوشکەکەم هەر کە یەکتریان بینی، کەوتنە روانین لە یەکتری، هەر کە

٣٦. چونکە (ئۆلیڤەر) دەبێتە مێردی (ئەلینا _ سیلیا) ی خوشکی (رۆزەلیند) بۆیە بە (برا) بانگی (ئۆلیڤەر) دەکات. (وەرگێڕ)

کەوتنە لێکتر روانین، یەکتریان خۆش ویست، هەر کە یەکتریان خۆش ویست، کەوتنە ئاخ و داخ هەڵکێشان، هەر کە کەوتنە ئاخ و داخ هەڵکێشان، لەبارەی هۆیەکە لە یەکتریان پرسی، هەر کە هۆیەکەیان زانی، بەدوای چارەسەری دا گەڕان، جا بەم پلە پلەیە ئەوان جووتێک پەیژەیان بۆ زەماوەند پێکەوەنا، کە ئەوان بەمزووانە پێی سەردەکەون، دەنا پێش زەماوەند خۆیان پێ بەرزەفت ناکرێت. ئەوان لە گەرمەی ئەویندان، جا ئەوان وا پێکەوە دەبن کە تۆبزیش ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە.

**ئۆرلاندۆ:** ئەوان سبەی زەماوەند دەکەن و منیش میری گەورە بانگهێشت دەکەم بۆ ئاهەنگی زەماوەند. بەڵام، ئۆه، چەند تاڵە بە چاوی کەسێکی تر تەماشای دڵخۆشی بکەیت! هەرچەندەی زیاتر من بیر لە سبەی دەکەمەوە، دڵم تەنگتر و گرانتر دەبێت، لەبەرئەوەی بیر لەوە دەکەمەوە کە براکەم دڵخۆشە بە هەبوونی ئەوەی ئومێدی بۆ دەخوازت.

**رۆزەلیند:** بۆچی، ئاخۆ من سبەی ناتوانم رۆڵی "رۆزەلیند" بۆ تۆ ببینم؟

**ئۆرلاندۆ:** من چی تر بە خەیاڵ ناژیم.

**رۆزەلیند:** منیش چیی تر بە قسەی بێسوود تۆ بێزار ناکەم. کەواتە تۆ ئەوە لە من بزانە، چونکە من ئێستا لەبەر هەندێ مەبەست دەدوێم، من دەزانم کە تۆ خانەدانێکی باش تێگەیشتوویت. من وا قسە ناکەم بۆ ئەوەی تۆ بیروڕایەکی چاکت لەبارەی منەوە هەبێت، من رێک ئەوە دەڵێم کە تۆ چۆنیت، یان بۆ ئەوەم نییە کە من وا رەفتار دەکەم کە رێز و هەڵسەنگاندن لەبارەی خۆمەوە لای تۆ بەو برە کەمە بەدەست بهێنم، بگرە بۆ ئەوەمە شتی چاک

لەگەڵ تۆ بکەم، نەک بەمە خۆم پێ چاک بکەم. ئینجا بڕوا بکە، ئەگەر پێت خۆش بێت، من دەتوانم شتی سەیر بکەم. من هەر لە تەمەنی سێ ساڵییەوە کاتی خۆم لەلای جادووکەرێک بەسەر بردووە، ئەو زۆر لە پیشەکەیدا قاڵ بووبوو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەفرەتبار نەبوو. ئەگەر تۆ هێندە "رۆزەلیند"ت لە دڵەوە نێزیکە وەک روخسارت بە ئاشکرا هاواری بۆ دەکات، کاتێک براکەت "ئەلینا" دەخوازێت، تۆش "رۆزەلیند" دەخوازیت. من دەزانم ئەو کیژە چ دەرد و مەینەتی و بەدبەختی بینیووە، ئەوەش لەلای من ئەستەم نییە، ئەگەر تۆ پێی نائاسوودە نابیت ئەوت بۆ بێنمە بەرچاوانت، هەر سبەی ئەوت لە بەرچاوان دابنێم، بەشێوەی مرۆڤ وەکو خۆی و بەبێ هیچ جۆرە مەترسییەکیش.

**ئۆرلاندۆ:** ئەرێ تۆ بەڕاستتە ئەو قسانە دەکەیت؟

**رۆزەلیند:** بە گیانی خۆم، وا دەکەم، کە من بە مەزنییەوە بە گرینگی دەزانم، ئەگەرچی من دەشلێم کە جادووگەرم. بۆیە سبەی باشترین جلوبەرگ بکەبەر و برادەرەکانت بانگهێشت بکە، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆ سبەی زەماوەند بکەیت، دڵنیا بە دەیکەیت، ئەگەر حەزیشت لێ بێت لەگەڵ "رۆزەلیند" دەیکەیت.

(سیلڤیەس و فێبە دێنە ژوورەوە)

بڕوانە، ئەوا دوڵبەرەکەی من و عاشقەکەی ئەو دێنە ئێرە.

**فێبە:** ئەی گەنج، تۆ زۆر ناجوامێریت لەگەڵ من کردووە،

بەوەی ئەو نامەیەی بۆتم نووسیبوو ئاشکرات کردبوو.

**رۆزەلیند:** من گوێ بەوە نادەم ئەگەر وام کردبێت، چونکە بەڕاستی

نیازمە بە بێزەوەری و ناجوامێری بۆ تۆ دەربکەوم.

تۆ شوانێکی دڵسۆزت وا بەدواوەیە:

چاوت لێی بێت، خۆشت بوێت، ئەو تۆ دەپەرستێت.

**فێبە:** شوانەی چاک، بەم گەنجە بڵێ خۆشەویستی چییە.

**سیلڤیەس:** خۆشەویستی هەمووی ئاخ و گریانە،

منیش بۆ "فێبە" وام.

**فێبە:** جا منیش بۆ "گانیمێد" وام.

**ئۆرلاندۆ:** جا منیش بۆ "رۆزەلیند" وام.

**رۆزەلیند:** جا منیش بۆ هیچ ژنێک وانیم.

**سیلڤیەس:** خۆشەویستی دەبێت هەمووی دڵسۆزی و خزمەتکردن بێت،

منیش بۆ "فێبە" وام.

**فێبە:** جا منیش بۆ "گانیمێد" وام.

**ئۆرلاندۆ:** جا منیش بۆ "رۆزەلیند" وام.

**رۆزەلیند:** جا منیش بۆ هیچ ژنێک وانیم.

**سیلڤیەس:** خۆشەویستی دەبێت هەمووی خەیاڵ و داڵغە بێت،

لە سۆز پێک بێت، هەمووشی لە ئومێد بێت،

هەمووی پەرستن بێت، خزمەتکردنێکی بەڕێز،

هەمووی خاکەڕایی، هەمووی ئارامگرتن، هەمووی بێ ئارامی،

هەمووی پاکی، هەمووی چەرمەسەری، هەمووی خۆبەختکردن،

منیش بۆ "فێبە" وام.

**فێبە:** جا منیش بۆ "گانیمێد" وام.

**ئۆرلاندۆ:** جا منیش بۆ "رۆزەلیند" وام.

**رۆزەلیند:** جا منیش بۆ هیچ ژنێک وانیم.

**فێبە:** (بۆ رۆزەلیند) ئەگەر ئەمە وابێت، ئەدی بۆ گلەییم لێ دەکەیت لەبەرئەوەی خۆشم دەوێیت؟

**سیلڤیەس:** (بۆ فێبە) ئەگەر ئەمە وابێت، ئەدی بۆ گلەییم لێ دەکەیت لەبەرئەوەی خۆشم دەوێیت؟

**ئۆرلاندۆ** (لابەلا): ئەگەر ئەمە وابێت، ئەدی بۆ گلەییم لێ دەکەیت لەبەرئەوەی خۆشم دەوێیت؟

**رۆزەلیند:** ئەوە ئەم قسانەت لەگەڵ کێیە، " ئەدی بۆ گلەییم لێ دەکەیت لەبەرئەوەی خۆشم دەوێیت؟"

**ئۆرلاندۆ:** لەگەڵ ئەو کەسەمە کە لێرە نییە و گوێیشی لێ نییە.

**رۆزەلیند:** تکایە، چیی تر لەسەر ئەمە مەڕۆن، ئەمە وەکو لوورە لووری گورگی ئێرلەندییە بەرامبەر بە مانگ. (بۆ سیلڤیەس) من ئەگەر بتوانم یارمەتیت دەدەم. (بۆ فێبە) من تۆم خۆش دەویست ئەگەر پێم بکرابووایە.-سبەی هەمووتان پێکەوە من ببینن. (بۆ فێبە) من تۆ مارە دەکەم، ئەگەر هەرگیز ژنێک مارە بکەم، من سبەی مارەیی دەبڕم. (بۆ ئۆرلاندۆ) من بەڵێنی خۆم بەجێ دەگەیەنم، ئەگەر هەرگیز لەگەڵ هیچ پیاوێک وا بکەم، جا تۆ سبەی مارەییت دەبڕێت. (بۆ سیلڤیەس) من تۆ رازی دەکەم، ئەگەر ئەوەی پێت خۆشە پێی رازی ببیت، تۆ سبەی مارە دەکرێیت. (بۆ ئۆرلاندۆ) چونکە تۆ "رۆزەلیند"ت خۆش دەوێت، سبەی بمبینەوە. (بۆ سیلڤیەس) چونکە تۆ "فێبە"ت خۆش دەوێت، سبەی بیبینەوە. منیش هیچ ژنێکم خۆش ناوێت، منیش دەتانبینمەوە. جا خواحافیز، من فەرمانی خۆمم بۆ بەجێ هێشتن.

**سیلڤیەس:** ئەگەر لە ژیاندا مام، دوا ناکەوم.

**فێبە:** منیش نا.

**ئۆرلاندۆ:** منیش نا.

(دەڕۆن)

دیمەنی سێیەم

**ناو دارستان**

(تەکیستۆن و ئۆدرێ دێنە ژوورەوە)

**تەکیستۆن:** ئۆدرێ، سبەی رۆژێکی خۆشە، سبەی ئێمە لێکتر مارە دەکرێین.

**ئۆدرێ:** من پڕبەدڵ بە ئومێدی ئەوەوەم، هیواداریشم ئەمە ئومێدێکی نائابڕوومەندانە نەبێت کە ئومێدی ئەوەت هەبێت بتەوێت ببێتە ژنێکی دنیایی. ئەوە دوو لە نۆکەرەکانی میرە شاربەدەرکراوەکە دێنە ئێرە.

(دوو نۆکەر دێنە ژوورەوە)

**یەکەم نۆکەر:** (بۆ تەکیستۆن) خۆشحاڵم بە دیدەنیت، ئەی خانەدانی ئابڕوومەند.

**تەکیستۆن:** بەڕاستی، خۆشحاڵم. وەرە، دانیشە، دانیشە و گۆرانییەک بچڕە.

**دووەم نۆکەر**: ئێمە لە خزمەتتاین، لە ناوەڕاست دانیشە.

**یەکەم نۆکەر**: ئەرێ یەکسەر دەست پێ بکەین، بەبێ کخە کخ یان تف کردنەوە یان گوتنی ئەوەی دەنگمان نووساوە، کە ئەمانە تاقە پێش گوتارن بۆ دەنگێکی ناخۆش؟

**دووەم نۆکەر**: بەڕاستی، بەڕاستی، با هەردووکمان پێکەوە ئاوازەکە بچڕین، وەکو دوو قەرەجی سەرپشتی ئەسپێک.

گۆرانی

عاشقێک و دولبەرەکەی خۆی
بەهاتوهاواری سەیروسەمەرەوە
بەسەر کێڵگەیەکی دەغڵ دا تێ دەپەڕین، ئەهۆی
لە کاتی بەهاردا، تاقە کاتی خۆش بۆ ئەنگوستیلە
کاتێک باڵندە دەکەونە چڕینی ئاوازی بەجۆش،
عاشقە نازدارەکان بەهاریان خۆش دەوێ، خۆش.

لەناو زەوی وەردینی رووەکی جۆداس،
بەهاتوهاواری سەیروسەمەرەوە،
ئەم خەڵکە جوانەی گوندان ڕاکشاون بێ باس،
لە کاتی بەهاران و (سەربەندی یەکەم).[٣٧]

ئەوان لەم کاتەدا دەکەوتنە گۆرانیگوتن
بەهاتوهاواری سەیروسەمەرەوە،
چۆن ئەم ژیانەیان وەک گوڵ دەپشکووتن
لە کاتی بەهاران و (سەربەندی یەکەم).

جا بۆیە کاتی ئێستا لە دەست مەدە،
بەهاتوهاواری سەیروسەمەرەوە،

---

٣٧. مەبەستی شێکسپیر لەمەدا ئەوەیە کە (سەربەندی گۆرانییەکە) بگوترێتەوە. (وەرگێڕ)

چونکە عیشق دەگاتە هەرەت لەو ساتەدا،
لە کاتی بەهاران و (سەربەندی یەکەم).

**تەکیستۆن**: بەڕاستی، خانەدانە گەنجەکان، ئەگەرچی مانایەکی وا لە وشەکانی گۆرانییەکەدا نەبوو، ئاوازەکەیش زۆر بەناڕێکی گوترا.

**یەکەم نۆکەر**: هەڵەیت، بەڕێزم: ئێمە بەڕێکی لەگەڵ یەکتر گوتمان و بەڕێکی رەچاوی کاتەکەشمان کرد بوو.

**تەکیستۆن**: بەڕاستی، من ئەوە بە کات بەفیرۆدان دادەنێم کە گوێ لە گۆرانییەکی وا قۆڕ بگریت. خواتان لەگەڵ و خوا دەنگتان ساز بکات. وەرە، ئۆدرێ.

(دەڕۆن)

دیمەنی چوارەم:

**ناو دارستان**

(میری گەورە، ئامیانز، جاکەس، ئۆرلاندۆ، ئۆلیڤەر و سیلیا دێنە ژوورەوە)

**میری گەورە**: ئەرێ، ئۆرلاندۆ، تۆ باوەڕ دەکەیت کە کوڕەکە
بتوانێت هەموو ئەو شتانە بکات کە بەڵێنی پێ داویت؟

**ئۆرلاندۆ**: جاری وا هەیە من باوەڕ دەکەم، جاریش وایە باوەڕ ناکەم،
وەکو ئەوانەم لێ هاتووە کە دەترسن هیوایان هەبێت، دەشزانن کە دەترسن.

(رۆزەلیند، سیلڤیەس و فێبە دێنە ژوورەوە)

**رۆزەلیند**: کاتێک کە دووپاتی راگەیەنراوەکەمان دەکەمەوە، جارێکی تر

ئارام بن. (بۆ مـیری گەورە) تۆ دەڵێیت ئەگەر مـن "رۆزەلیند"ی تۆم هێنایە ئێرە، تۆ هەر لێرە بە "ئۆرلاندۆ"ی دەبەخشیت؟

**میری گەورە:** من بە خۆشییەوە وا دەکەم، ئەگەر شانشینیشم هەبووایە لەگەڵی دەمبەخشی.

**رۆزەلیند:** (بۆ ئۆرلاندۆ) تۆش دەڵێیت، ئەوت دەوێت ئەگەر من بیـهێنمە ئێرە؟

**ئۆرلاندۆ:** من بە خـۆشـیـیـەوە وا دەکـەم، ئەگـەر شـای هەمـوو شانشینێکیش بووام.

**رۆزەلیند:** (بۆ فێبە) تۆ دەڵێیت شووم پێ دەکەیت، ئەگەر من بمەوێت؟

**فێبە:** من وا دەکەم، ئەگەر کاتژمێرێکیش دواتر بمردبام.

**رۆزەلیند:** بەڵام ئەگەر بەخۆت رازی نەبیت مێردم پێ بکەیت، تۆ دەبێت خۆت ببەخشیتە ئەو شوانە دڵسۆزە؟

**فێبە:** با سەودایەکەمان وا بێت.

**رۆزەلیند** (بۆ سـیلڤـیـەس): تۆش دەڵـێـیت "فـێـبـە"م دەوێت، ئەگـەر ئەو بیەوێت؟

**سیلڤیەس:** تەنانەت ئەگەر ویستنی ئەو و مەرگ یەک شتیش بێت.

**رۆزەلیند:** من بەڵێنم داوە کە هەموو ئەو مەسەلانە ببڕێنمەوە.

ئێـوەش قـسـەی خـۆتـان راگـرن بەوەی، ئۆه مـیـر، کـچـەکـەت ببەخشیت:

تۆش هـی خۆت، ئۆرلاندۆ، بەوەی کچەکەی وەربگریت:

فێبە، قسەی خۆت راگرە کە مێرد بە من بکەیت،

ئەگینا، بە رەتکردنەوەی من، مێرد بەم شوانە بکەیت:

سیلڤیەس، قسەی خۆت ڕاگرە بەوەی ئەو بخوازیت
ئەگەر ئەو منی ڕەت کردەوە: جا لێرەوە من دەڕۆم
بۆ ئەوەی ئەو هەموو گومانانە یەکلایی بکەمەوە.
(ڕۆزەلیند و سیلیا دەڕۆن)

**میری گەورە:** من لەو کوڕە شوانەدا پێکچوونێکی زیندووی
ڕوخساری کیژەکەی خۆم بەبیردا دێتەوە.

**ئۆرلاندۆ:** گەورەم، من کە یەکەم جار ئەوم بینی،
وام زانی برای کیژەکەتە.
بەڵام، گەورەی چاکم، ئەم کوڕە لەناو دارستان لەدایک بووە،
بنەواکانی چەندان بابەتی گرینگ
لە مامەیەوە فێر بووە،
کە دەڵێت ئەو جادووگەرێکی گەورەیە،
خۆی لەناو بازنەی ئەم دارستانە شاردووەتەوە.
(تەکیستۆن و ئۆدریَ دێنە ژوورەوە)

**جاکەس:** بە دڵنیاییەوە، ئەوەتا لافاوێکی تر دێت، ئەم جووتانەش پێکەوە بەرەو کەشتییەکەی نووح دێن. ئەوەتا وا لەوێوە جووتێک دڕندەی زۆر سەیر دێن، کە بە هەموو زمانێک پێیان دەگوترێت گێل.

**تەکیستۆن:** سڵاو و مەرحەبا لە هەمووتان!

**جاکەس:** گەورەی چاکم، بەخێرهاتنی بکە. ئەوە هەمان ئەو خانەدانە مێشک ڕەنگاوڕەنگەیە کە زۆرجار لەناو دارستان چاوم پێی کەوتووە. ئەو سوێند دەخوات کە پیاوی ناو دەربار بووە.

**تەکیستۆن:** ئەگەر هەر پیاوێک گومانی لەمە هەیە، با بەتەواوی من تاقی بکاتەوە. من سەمای خاوم کردووە، من بۆ خانمێکم پان کردووەتەوە، من ئاین و ئۆینم لەگەڵ برادەرم کردووە، لەگەڵ دوژمنم نەرمونیان بوویم، من ماڵی سێ دانە بەرگدرووم کوێر کردووەتەوە، چوار جار شەڕم کردووە، زۆر رەنگیش بوو یەکێکی تر بکەم.

**جاکەس:** جا چۆن ئەوە نەقەوما؟

**تەکیستۆن:** بەڕاستی، ئێمە یەکترمان بینی و زانیمان کە شەڕەکە لەسەر مەسەلەی حەوتەمە.

**جاکەس:** مەسەلەی حەوتەم چییە؟ گەورەم، ئەو کابرایەت خۆش بووێت.

**میری گەورە:** من زۆرم خۆش دەوێت.

**تەکیستۆن:** گەورەم، خوا پاداشتت بداتەوە، منیش تۆم بەهەمان شێوە خۆش دەوێت. من خۆم پەستایە ئێرە، گەورەم، هاتمە ناو ئەو خەڵکە دێهاتییە جووتانەوە، بۆ ئەوەی سوێند بخۆم و مارەیی ببڕم و سوێندەکەم بە گوێرەی جۆشی خوێنم بشکێنم. گەورەم، پاکیزەیەکی بەسەزمان، کەسێکی نەویستراو، گەورەم، دەبێتە هی من، هەوەسێکی بەسەزمانانەی من، گەورەم، وای کرد، ئەو بۆ خۆم ببەم کە هیچ پیاوێک نایەوێت. ئابڕوومەندایەتی دەوڵەمەند، گەورەم، وەکو قرچۆکێکە لە ماڵێکی هەژاردا، وەک چۆن دەنکە مرواری لەناو گوێچکەماسی بۆگەندا دەڕسکێت.

**میری گەورە:** بەڕاستی، قسەکانی ئەو خێرا و قوت و پڕ مانان.

**تەکیستۆن:** گەورەم، ئەمەیان بەگوێرەی تیرهاویژتنی گێلانەیە و ئەمەش خاڵێکی لاوازی خۆشە.

**جاکەس:** بەڵام بۆ مەسەلەی حەوتەمەکە: چۆن زانیت کە شەڕەکە لەسەر مەسەلەی حەوتەمە؟

**تەکیستۆن:** لەسەر درۆیەکی حەوت جار بەدوورکەوتوو ـ جوان راوەستە، ئۆدرێ، ئاوا، بەڕێزم. من حەزم لە تاشینی ریشی پیاوێکی ناو دەربار نەدەهات: ئەو قسەی بۆ ناردم، ئاخۆ من گوتوومە کە ریشەکەی باش نەتاشراوە، ئەو وای بیر دەکردەوە کە وایە: بەمە دەگوترێ "وەڵامێکی بەڕێزانە". ئەگەر من قسەم بۆ بناردایەوە کە "باش نەتاشراوە"، ئەو قسەی بۆ دەناردمەوە، کە ئەو بۆ ئەوەی تاشیووە کە خۆی دڵخۆش بکات: بەمە دەگوترێ "وەڵامێکی بەجێ". ئەگەر دیسان بمگوتایە کە "باش نەتاشراوە"، ئەو دەیگوت گوێ بە ڕایەکەم نادات: بەمە دەگوترێ "وەڵامێکی رەق". ئەگەر دیسان بمگوتایە کە "باش نەتاشراوە"، ئەو وەڵامی دەدایەوە کە من قسەی راستم نەکردووە: بەمە دەگوترێ "سەرکۆنەیەکی بوێرانە". ئەگەر دیسانیش بمگوتایە کە "باش نەتاشراوە"، ئەو دەیگوت درۆ دەکەم: بەمە دەگوترێ "نکووڵیکردن بەمەبەستی شەڕ": جا ئەمە لە درۆی ناڕاستەوخۆوە دەبووە درۆی راستەوخۆ.

**جاکەس:** جا تۆ چەند جار پێت گوت کە ڕیشەکەی "باش نەتاشراوە"؟

**تەکیستۆن:** من نەوێرام لە درۆی ناڕاستەوخۆوە بەولاوەترەوە بچم، ئەویش نەیوێرا درۆی راستەوخۆم پێ بڵێت: جا ئێمە نێوانی خۆمان بە شمشێر پێوا و لێک دوور کەوتینەوە.

**جاکەس:** ئێستا دەتوانیت بەڕاستی و بە ڕێز ئاستە جیاوازەکانی درۆ بژمێریت؟

**تەکیستۆن:** ئۆهـ، گەورەم، ئێمە بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە لە کتێباندا هەن شەڕ دەکەین، وەک چۆن ئێوە کتێبتان هەیە بۆ ڕەفتاری چاک: من ناوی ئاستەکانت بۆ دەژمێرم. یەکەمیان: "وەڵامێکی بەڕێزانە"یە. دووەمیان: "وەڵامێکی بەجێ"یە، سێیەمیان: "وەڵامێکی ڕەق"ە، چوارەمیان: "سەرکۆنەیەکی بوێرانە"یە، پێنجەمیان: "نکوولّیکردن بەمەبەستی شەڕ"ە، شەشەمیان: "درۆی ناڕاستەوخۆ"یە، حەوتەمیشیان: "درۆی ڕاستەوخۆ"یە. تۆ دەتوانیت خۆت لە هەموو ئەوانە بەدوور بگریت جگە لە درۆی ڕاستەوخۆ، ڕەنگە تۆ بتوانیت خۆت لەمەش بەدوور بگریت بە هۆی بەکارهێنانی "ئەگەر"ەوە. من ئەوە دەزانم کاتێک حەوت دادپرس نەیانتوانی کێشەیەک ببڕێننەوە، بەڵام کاتێک هەردوو لا یەکتریان بینی، یەکێکیان لەوانە بیری لە "ئەگەر"ێک کردەوە: وەک، "ئەگەر تۆ وات گوتبێت، کەواتە منیش وام گوتووە"، ئینجا ئەوان دۆقەیان لەگەڵ یەکتر کرد و سوێندیان خوارد برا بن. "ئەگەر"ەکەت تاقە ئاشتی پەیداکەرە، ئەو "ئەگەر"ە زۆر شتی چاکی تێدایە.

**جاکەس:** گەورەم، ئەرێ ئەو کەسێکی دانسقە نییە؟ ئەو لە هەموو شتێکدا چاکە، هێشتاش هەر گێلۆکەیە.

**میری گەورە:** ئەو گێلایەتییەکەی خۆی وەک دێوجامە بەکار دێنێت، جا لەژێر پەردەی ئەوەدا تیروتوانجی خۆی لە خەڵکانی تر دەگرێت. (هایمەن،[٣٨] ڕۆزەلیند، سیلیا "کە کەسیان خۆیان نەگۆڕیووە" دێنە ژوورەوە).

---

٣٨. هایمەن: خوای زەماوەندی ڕۆمانەکانە. (وەرگێڕ)

مۆسیقایەکی هێمن لێ دەدرێت.

**هایمەن**: کەواتە لە ئاسمان بەزم و خۆشییە و پێکەنین،
کاتێک چارەسەر دەکرێت کێشەکانی سەرزەوین
یەککگرتوویان بکە.
میری چاک، پێشوازی لە کیژەکەت بکە،
"هایمەن" لە ئاسمانەوە هێناویەتی بۆ ئێرە،
بەڵێ هێناویەتە ئێرە،
تا بەڵکو دەستی ئەم بەدەستی ئەو بگەیەنی،
تا دڵی لەناو سینەی بگاتە ئارخایەنی.

**رۆزەلیند:** (بۆ میر) من خۆم دەبەخشم بە تۆ، لەبەرئەوەی هی تۆم.
(بۆ ئۆرلاندۆ) من خۆم دەبەخشم بە تۆ، لەبەرئەوەی هی تۆم.

**میری گەورە:** ئەگەر راستی لە بینیندا هەبێت، تۆ کچەکەی منیت.

**ئۆرلاندۆ:** ئەگەر راستی لە بینین دا هەبێت، تۆ "رۆزەلیند"ی منیت.

**فێبە:** جا ئەگەر بینین و شێوە بەڕاست دەرچوو،
کەواتە بۆچی، دڵدارەکەم خواحافیز لە تۆ!

**رۆزەلیند:** (بۆ میر) من هیچ باوکێکم ناوێت، ئەگەر تۆ نەبیت.
(بۆ ئۆرلاندۆ) من هیچ مێردێکم ناوێت، ئەگەر تۆ نەبیت.
(بۆ فێبە) من هیچ کەس ناخوازم، ئەگەر تۆ ژنەکە نەبیت.

**هایمەن**: تکایە بێدەنگی، من رێگە نادەم بە هەراوهۆریا:
دەبێت من مەسەلەکە بگەیەنم بە کۆتا

لەبارەی ئەو رووداوە هەرە سەیروسەمەرانە.
هەشت کەس هەن کە دەبێ لێک مارە بکرێن
بە گرێبەستی "هایمەن" لێکتر ببەسترێن،
ئەگەر راستی لە ناوەڕۆکی ڕاستدا لە بەرچاوانە.
(بۆ ئۆرلاندۆ و رۆزەلیند) تۆ و تۆ بەهیچ ناکۆکییەک لێک نابنەوە جیا:
(بۆ ئۆلیڤەر و سیلیا) تۆ و تۆش دڵتان بەعیشقەوە لێک بەسترا.
(بۆ فێبە) تۆش دەبێت بە عیشقی ئەو ببیت رازی،
ئەگینا ژنێک دەبێتە مێردت بەبێ نیازی.
(بۆ تەکیستۆن و ئۆدرێ) تۆ و تۆ پێکەوە دەبن بە دڵنیایی،
وەکو زستان و کەشوبای رەشەبایاوی.
(بۆ هەمووان) کاتێک ئێمە دەست بە گۆرانی زەماوەند دەکەین،
خۆتان بە پرسیار لێکتری کردن تێر بکەن،
ئەوسا هۆیەکان نامێنن لە بەرچاوان،
چۆن یەکترمان بینی و چۆن بەکۆتا دێن مەسەلەکان.

گۆرانی
زەماوەند، تاجی "جونۆ"ی[٣٩] مەزنی مەزنان:
هی گرێبەندێکی پیرۆزی ماڵ و خێزانە!

---

٣٩. (جونۆ) ژنی (جیوپیتەر)ی گەورە خواوەندی رۆمانەکانە و شاژنی ئاسمانە. ئەو لەلای رۆمانەکان بە پارێزەری ژنان و پیرۆزکەری زەماوەند دانراوە. (وەرگێڕ)

"هایمەن"ە کە پڕ خەڵک دەکات هەموو شاران،
جا بۆیە با زەماوەند پیرۆز بێت لەو هەمووانە،
سەربەرزی، سەربەرزییەکی بەناوبانگ و شایان، بۆ "هایمەن"،
خواوەندی هەموو شاران!

**میری گەورە:** ئۆه،
تۆ بەخێرهاتی بۆ لام، ئەی برازاکەم!
تۆش، تەنانەت ئەی کیژەکەم،
بەڕادەیەکی کەمتر نا، بەخێرهاتنت لێ دەکەم!

**فێبە:** (بۆ سیلڤیەس) من قسەی خۆم ناخۆمەوە، ئێستا تۆ بوویتە هی من، دڵسۆزیی تۆیە دەبەستێتەوە هەوەسی من.
(جاکەس دیبۆیس دێتە ژوورەوە)

**جاکەس دیبۆیس**: تکایە گوێ لەم یەک دوو قسەیەم بگرن.
من دووەم کوڕی "سێر راوڵەند"م،
کە ئەم هەواڵە بۆ ئەم کۆبوونەوە جوانەتان دەهێنم.
میر فرێدریک، کاتێک بیستی کە هەموو رۆژێک چۆن
پیاوانی پایەبەرز پەنا بۆ ئەم دارستانە دەهێنن،
هێزێکی گەورەی پێک هێنا، کە لەسەرپێ بوون،
بە سەرکردایەتی خۆی، بە نیازی ئەوەی کە
ئەو برایەی کە لێرەیە لەگەڵ خۆی بیباتەوە و بەر شمشێری بدات:
ئینجا بەرەو کەناری ئەم دارستانە کێوییە هات،
لەوێ چاوی بە پیرە پیاوێکی خواناس کەوت،
دوای برێک گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو،

ئەو لە پرۆژەکەی و لە دنیاش وەرگەڕا،
تاجەکەی خۆی دەبەخشێتەوە بە برا شاربەدەرکراوەکەی،
هەروا هەموو زەویوزارەکانی خەڵک دەگەڕێنێتەوە
بۆ ئەوانەی کە لەگەڵ ئەو شاربەدەرکراون. ئەمە راستە،
من بە گیانی خۆم ئەو بەڵێنە دەدەم.

**میری گەورە:** بەخێرهاتی، ئەی کوڕی گەنج.
تۆ دیارییەکی چاک بۆ زەماوەندی براکانت دەهێنیت:
بۆ یەکێکیان زەوییە داگیرکراوەکانی، بۆ ئەوەی تریشیان،
کە دەبێتە میری داهاتوو هەموو زەویوزارە بەرهەڵداکان.
یەکەم جار با لەم دارستانە مەسەلەکان ببڕێنینەوە،
کە لێرە بەچاکی دەستی پێ کرد و بەچاکیش رۆیی،
جا دوای ئەوەی هەر یەکێک لەو کەسە دڵخۆشانە،
کە ئازاری شەو و رۆژانی سەختیان لەگەڵ ئێمە چەشتووە.
ئەوان بەشدار دەبن لە خۆشیی سامانی گەڕاوەمان، هەرکەسە و بەگوێرەی پلە و پایەی خۆی.
لە هەمان کاتدا، ئەم سەربەرزییە تازە هاتووە لە بیر بکەن،
بکەونە ناو بەزم و خۆشیی دێهاتیانیانەمان.
ئادەی مۆسیقا، بیژەنە! ئێوەش بووک و زاواکان هەمووتان.
بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە، بکەونە سەما و خۆبادان.

**جاکەس:** (بۆ جاکەس دیبۆیس) گەورەم، بەیارمەتی خۆت، ئەگەر من بەڕاستیم بیستبێت، میر ڕێگەی ژیانێکی ئاینی گرتووەتە بەر، هەموو کەش و فشی ناو دەرباری پشتگوێ خستووە.

**جاکەس دیبۆیس**: وای کردووە.

**جاکەس:** من دەچمە لای ئەو: ئەوانەی بڕوایان دەگۆڕن.

زۆر شت هەیە لێیان ببیستیت و لێیانەوە فێر ببیت.

(بۆ میر) من تۆ بۆ سەربەرزی جارانت جێ دەهێڵم:

ئارامی و چاکەکاریت بەباشی شایستەی ئەوەن.

(بۆ ئۆرلاندۆ) تۆ جێ دەهێڵم بۆ عیشقە دڵسۆزانەکەت:

(بۆ ئۆلیڤەر) تۆش بۆ زەوی و عیشق و برادەرە مەزنەکانت.

(بۆ سیلڤیەس) تۆش بۆ نوێنە شایستەکەت بەدرێژاییی تەمەن.

(بۆ تەکیستۆن) تۆش بۆ قڕەقڕ و گەشتی ئەوینت،

کە تەنیا خۆراکی دوو مانگی پێیە. جا، بمێنن بۆ خۆشی و بەزم.

بۆ شتی سەیر لە شایی و سەما، ئەوا هەر ئەزم.

**میری گەورە:** بمێنەوە، جاکەس، بمێنەوە.

**جاکەس:** هیچ بەزم و خۆشی نابینم ئەمن، جا تۆ چیت هەس.

من لە ئەشکەوتە جێهێڵراوەکەت دەمێنمەوە بۆ فێربوونمە بەس.

(دەڕوات)

**میری گەورە:** بەردەوام بن، بەردەوام بن: ئێمە دەست پێ دەکەین ئەم ئاهەنگانە.

وەک ئێمە بەڕاستی بڕوامان وایە خۆشی و شادی کۆتاییی هەر هەمووانە.

(سەماکردنێک، ئینجا دەڕۆن)

(پاشگوتار)

لەلایەن رۆزەلیندەوە دەبێژرێت:[٤٠]

وا باو نییە کە پاشگوتار لەلایەن خانمێکەوە بگوترێت: بەڵام لەوە ناشیرینتر نییە لەوەی کە گەورە پیاوێک پێشگوتار ببێژێت. ئەگەر ئەمە راست بێت کە دەڵێن مەی باش پێویستی بە جارِ بۆ دان نییە، ئەوە راستە کە شانۆگەرییەکی چاک پێویستی بە پاشگوتار نییە، کەچی بۆ مەی باشیش جارِ بۆ دانی باشیش کراوە، شانۆنامەی باشیش چاکتر دەردەکەوێت بە هۆی پاشگوتاری چاکەوە. جا من لە بارودۆخێکی شپرزە دام کە من نە پاشگوتاربێژێکی باشم و نەدەشتوانم واتان لێ بکەم کە ئەم شانۆییە بە پەسەند بزانن! من وەکو سواڵکەران خۆم نەپۆشیووە، بۆیەش سواڵکردن لە من ناوەشێتەوە. رێگەی من ئەوەیە کە ئێوە بخرۆشێنم، جا منیش لە ژنانەوە دەست پێ دەکەم. ئەی ژنان، لەبەر خاتری ئەو عیشقەی بۆ پیاو هەتانە، من داواتان لێ دەکەم، ئەوەندەی پێتان خۆشە حەز لەو شانۆییەتان بکەن، هەروا، ئەی پیاوان، لەبەر خاتری ئەو عیشقەی بۆ ژنان هەتانە وەک لە بزەی خۆشتان دەیبینم، کە کەستان رقتان لێیان نابێتەوە، من داواتان لێ دەکەم لە نێوان خۆتان و ژنان دا، ئەو شانۆییەتان پێ خۆش بێت. ئەگەر من ژن ببووام، هەموو ئەوانەی کە ریشیان هاتووە و منیان دڵخۆش کردووە ماچم دەکردن، ئەو روخسارانەی حەزیان لێ دەکەم، ئەو

[٤٠] لە سەردەمی شێکسپیردا کوران رۆڵی ژنانیان دەبینی چونکە ئەوسا داب و نەریتی کۆمەڵایەتی رێی بە ژنان نەدەدا بچنە سەر تەختەی شانۆ. (وەرگێر)

هەناسـانەی کە من پێیـان قەڵس نیم، جـا من دڵنیام، کـاتێک ئەو ڕێزەتان لـێ دەنێم، زۆر کـــەس لـە ئـێــوە کـــە ردێنـی چاک، یـا روخسـاری جـوان، یا هـەناسـەی خۆشتـان هـەیە، ئێوە ئامادەن بۆ ئەم داواکارییە دڵنەرمانەم، ئینجا خواتان لەگەڵ.

(دەڕوات)

کۆتایی

ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٣١

وەرگێڕانی ئەم شانۆییەم تەواو کرد